
وەزارەتی پلاندانان

# حکومەتی هەرێمی کوردستان

# پێشکەوتنەکانی جێبەجێکردنی چاکسازی ئابووری

## دەستکەوتەکانی چاکسازی و هەنگاوەکانی داهاتوو

تەمموزی 2017



WORLD BANK GROUP

THE WORLD BANK
IBRD • IDA

IFC | Internatioal Finance Corporation

وەزارەتی پلاندانان

# حکومەتی هەرێمی کوردستان

# پێشکەوتنەکانی جێبەجێکردنی چاکسازی ئابووری

## دەستکەوتەکانی چاکسازی و هەنگاوەکانی داهاتوو

## لە چاکسازی باشەوە بەرەو جێبەجێکاری باش

WORLD BANK GROUP
THE WORLD BANK
IBRD • IDA
IFC International Finance Corporation

## حکومەتی هەرێمی کوردستان

## پێشکەوتنەکانی جێبەجێکردنی چاکسازی ئابووری


سوپاس و پێزانین v

پوختەی کارگێری vii

1 چاکسازیە ئابوریەکان چی بەدیهاتووە 1

I چاکسازیەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی: خەڵك پێش هەموو شتێك 2

II گەشەی کەرتی تایبەت : گواستنەوەی ئابوری و دروستکردنی کار 4

III چاکسازییەکانی باش حکمرانی: شەفافیەت و لێپرسینەوە 6

III A. نوێکردنەوەی گرێبەستەگشتیەکان لە هەریمی کوردستان 6

III B. وردبینی سەربەخۆ: بونیاتینانەوەی گەندەڵی 7

III C. چاکسازیەکانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی 8

IV گونجاندنی دارایی : کەمکدنەوەی خەرجیەکان 9

V دروستکردنی داهات : داهاتەکانی گومرگ و بادەکان 12

VI چاکسازیەکانی وەزارەتی ناوخۆ : بەگەڕ خستنی داهاتەکان 13

VII تۆماری بایۆمەتری : پێشەنگی چاکسازی 14

VIII چاکسازیەکانی کەرتی کارەبا 16

IX کەرتی کشتوکاڵ 19

X کەرتی ئاو 20

XI چاکسازیەکانی کەرتی گەشتیاری 20

2 ئەو وانانەی فیریان بووین لە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان : کەموکوریەکان چی بوون؟ 21

3 چاکسازیە ئابوریەکان هەنگاوەکانی داهاتوو ؟ 27

4 پاڵپشتی بانکی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجیکردنی چاکسازیەکان 64

5 پەیکەری جێبەجێکردن و داراییەکان 67

پاشکۆی ١: بڕیاری ژمارە (٨٩) ی ئەنجومەنی وەزیران 71

پاشکۆی ٢ :بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری 72

پاشکۆی ٣: بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆدامەزراندنی فەرمانگەی قەرزە گشتیەکان 77

پاشکۆی ٤: پرۆژە لەپێشینەکانی وەبەرهێنانی گشتی 79

پاشکۆی ٥: ڕێگەکانی بەرەوپێشبردنی ئەدای کەرتی وزە 92

پاشکۆی ٦ پرۆژە تەواوکراوەکانی بانکی نێودەوڵەتی ٢٠٠٤-٢٠١٤ 101

پاشکۆی ٧ : ڕەشنوسی پەیکەری ڕێکخراوەی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی 104

# سوپاس و پێزانین

ئەم راپۆرتە کاری هاوبەشی نێوان بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانانە، بە سەرپەرشتی بەڕێزان (دکتۆر عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) و (فەرید بلحاج، بەڕێوەبەری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا لە بانکی نێودەوڵەتی). سوپاس و پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ رێنماییەکانی بەڕێز (باو جۆدە، بەڕێوەبەری نیشتیمانی لە بانکی نێودەوڵەتی)، بەڕێز (زاگرۆس سیوەیلی، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پلاندانان)، هەروەها بەڕێز (سیروان محمد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان). ئامادەکارییەکانی ئەم راپۆرتە زۆر سوودمەند بوو لە هەماهەنگی و بەشداری بەهێزی حکومەت. بەتایبەتی بەشداری بەنرخی بەڕێزان (ئامانج رەحیم، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، (ئاڤا دۆسکی، راوێژکاری ئابووری لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، (هۆگر شاڵی، جێگری وەزیری کارەبا)، (محمود خالد، راوێژکاری وەزیری کارەبا)، (دکتۆر رێکەوت رەشید، وەزیری تەندروستی)، (نەورۆز مولود، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار)، (کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆ)، (نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر)، (هیوا ئەفەندی، سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری)، (دکتۆر نوری عبدالرحمن، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران)، (ئەحمەد حسین ئەحمەد، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران)، (عەلادین عبدالسلام، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران)، (میدیا جبریل، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران)، (ئالان رەئوف، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران)، (ئەندازیار سوار عزیز علی، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی)، (عبدالرزاق عوسمان مستەفا، سەرۆکی دەستەی زۆنە پیشەسازییەکان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی)، (ئاراس رەئوف عارف، بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی پیشەسازی، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی)، (دکتۆر ئەنوەر عمر قادر، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)، (دکتۆر سامی جەلال حسین، بەڕێوەبەری گشتی دیوان، وەزارەتی ناوخۆ)، (کەمال تەیب وەرتی، بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری، وەزارەتی دارایی)، (تاهیر علی رسول، بەڕێوەبەری ئای تی، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار)، (دکتۆر عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی)، (مەنسور حەمە کریم، راوێژکاری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی).

هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ بەڕێزان (مەولەوی وەهاب، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار)، (ساماڵ عبدالرحمن عزیز، بەڕێوەبەری گشتی گومرگ)، (پەخشان زەنگەنە، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان)، (فلۆرین جۆرجیس، بەڕێوەبەری گشتی، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان)، (کۆسار کەریم، بەڕێوەبەری گشتی، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان)، (ئەمەل جەلال، بەڕێوەبەری گشتی، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان) هەروەها (هونەر ئەحمەد ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری سەنتەری راهێنان – (**UNIDO**) ئەکادیمای سویدی). تیمەکەمان پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ گفتوگۆ بەنرخەکان لەگەڵ ئەکادیمیەکانی زانکۆی کوردستان-هەولێر، بەڕێزان (محمد مختار، جێگری سەرۆکی زانکۆ، پرۆفیسۆر جەمال رسول ئەمین، نوسینگەی جێگری سەرۆک)، (فریا پیریادی، راگری کۆلیجی زانستە پزیشکییەکان)، (ئەمین بەرزنجی، سەرۆکی پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و ئەکادیمییەکان). ئەم راپۆرتە لەلایەن تیمێکەوە دارێژرا بە سەرپەرشتی (سیبیل کولاکسیز، ئابووریناسی پێشکەوتوو) و بەئەندامێتی (غسان الخوجة، شارەزای پێشکەوتووی پاراستنی کۆمەڵایەتی)، (نازەنین علی، شارەزای پێشکەوتووی گرێبەستە گشتییەکان)، (محمد عبدالقادر، شارەزای پێشکەوتووی کەرتی تایبەت)، (ئیمانوێل کۆڤیلیەر، شارەزای پێشکەوتووی کەرتی گشتی)، (سلام المعروف، شرۆڤەکار)، (لیلیانا بێنیتیز، راوێژکاری کەرتی وزە)، (میکول بهاتیا، ئابووریناسی پێشکەوتووی وزە)، (نانسی بنجامین، ئابووریناسی پێشکەوتوو)، (ئۆلیڤەر کاتانیۆ، ئابووریناسی پێشکەوتوو)، (عبدالحمید عزیز، شارەزای سەرەکیی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو)، (تۆمۆمی میاجیما، شارەزای پەروەردەیی)، (هێزەر ۆرلی، کارمەندی پێشکەوتوو)، هەروەها (ئیسان کاپستین، راوێژکار). راپۆرتەکە لەلایەن (کاترینا جۆرجیڤا ستیفانۆڤا، بەڕێوەبەری ئۆفیس) دارێژرا. تیمەکە سوپاس و پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ هاوکاری ئەم هاوبەشە نێودەوڵەتییانە: (سوڵتان هاجیف، جێگری بەڕێوەبەری نیشتیمانی، (**UNDP**))، (کلاریس پاستۆری، سەرۆکی هەماهەنگی ئۆفیسی یەکێتی ئەوروپا)، (ئۆگەستۆ پیکاگلی، بەڕێوەبەری هەماهەنگی لە کۆمسیۆنی ئەوروپا)، (رۆسابێلا توسۆ،

**بەڕێوەبەری پرۆگرام، یەکێتی ئەوروپا)، (جانێت ئەلبێردا، کونسوڵی گشتی هۆڵەندا)، (کۆر ستاوتن، سکرتێری یەکەم کونسوڵخانەی هۆڵەندا)، (کێن گرۆس، کونسوڵی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، (دۆمەنیك ماس، کونسوڵی گشتی فەڕەنسا)، (ژان-فرانسیس میرالێس، سەرۆکی بەشی ئابووری، کونسوڵخانەی گشتی فەڕەنسا)، (ئەندرۆ ویڵسن، نوێنەری (DFID))، (کرستین نیڵسن، جێگری شاند، باڵوێزخانەی سوید)، (دکتۆر کاسبا ڤێزکینی، کونسوڵی گشتی هەنگاریا)، (سیلڤیۆ گراماتیکۆ، راوێژکاری ئابووری رۆمانیا)، (ستاڤرۆڤ ستاڤراکۆس، سەرۆکی بەشی هەرێمایەتی، باڵوێزخانەی یۆنان)، (خاڤێر ریۆ-ناڤارۆ، سەرۆکی ئۆفیسی (ECHO) لە هەولێر)، هەروەها (رۆی رۆبەرتشۆ، کارمەندی باڵای پرۆژە، (UNESCO) .**

# پوختەی کارگێڕیی

لەپاش ڕاگەیاندنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەدیهێناوە لە جێبەجێکردنی چاکسازی ئابووری و ڕێککارەکانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی. لە شوباتی 2016، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە بونیادییەکان لە مەودای نزیك، مامناوەند و دووردا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی داوای لە بانکی نێودەوڵەتی کرد بۆ هاوبەشی لە بواری گەشە و پەرەپێدان. وەك بەدەنگەوەچوونی داواکەی حکومەت، گروپی بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهاوبەشی نەخشەڕێگەیەکیان بۆ چاکسازی ئابووری ئامادەکرد، بەناونیشانی "چاکسازی ئابووری لەپێناو بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی هەژاران"، لەسەر بنەمای شیکاریەکی وردی کەرتە جیاوازەکان. ئامانجەکانی ئەم پرۆگرامە، لە مەودای نزیکدا، پتەوکردن و سەقامگیرکردنی داراییە، لە مەودای ناوەندیدا، برەودانە بە گەشەی بەردەوام لەڕێگەی زیادکردنی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و فرەییکردنی ئابووری. چاکسازییەکانی کەرتی کۆمەڵایەتی پێویستن بۆ دڵنیابوون لەوەی هاوڵاتییە هەژارەکانی هەرێمی کوردستان تۆڕێکی پاراستنی شیاویان هەیە. لەپاش ڕاگەیاندنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری، لە 30 مایس 2016، حکومەت لە هەموو کەرتەکانی ئابووریدا، چاکسازی خێرا و نایابی ئەنجامداوە. ئەم ڕاپۆرتە پوختەیەکە لەسەر دەستکەوتەکانی چاکسازی لە کۆتای مایسەوە، هەروەها هەنگاوەکانی داهاتوو دیاری دەکات بۆ نیوەی یەکەمی 2017. هاوکات ئەم ڕاپۆرتە هەنگاوی کۆنکریتی تێدایە لەسەر ئەوەی چۆن گروپی بانکی نێودەوڵەتی یارمەتی حکومەت دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییانە.

چاکسازی پێویستە بۆ سەقامگیریی ئابووری. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگی هەنووکەیی تا مەودا ناوەندیی و دوورمەودا بۆتەوە، کە وابەستەن بە دۆخی ئابووری گشتیی عێراق و ژینگەی ناوچەکە و جیهان. ئاستەنگە هەنووکەییەکان بریتین لە مامەڵەکردن لەگەڵ: (أ) قەیرانی قووڵی دارایی و (ب) کێشەکانی ئاسایش و کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی شەڕی داعش و هەروەها لێشاوی پەنابەری سوریی و ئاوارەی ناوخۆی عێراقی. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دابینکردنی ئاسایش لە ناوچەکە. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەچاوی ئەو کێشانە بکات کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بەهۆی لێشاوی پەنابەران و ئاوارەکان. قەیرانی دارایی و مەترسییەکانی داعش کاریگەری نەخوازراویان هەبووە لەسەر گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان. هەژان (شۆك)ی ئابووری زۆر بەهێزە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی چارەسەرکردنی کەمبوونەوەی داهاتەکان دەدات، لەڕێگەی دواخستنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، پاشەکەوتی شایستە داراییەکان و موچەی فەرمانبەرانی حکومەت. ئەم ئاستەنگانە ئەولەویەتی بەپەلەن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەگەر بەدروستی مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت، کاریگەری نیشتیمانی و نێودەوڵەتییان دەبێت. ئاستەنگەکانی مەودای ناوەند تا دوورمەودا بریتین لە کەمکردنەوەی وابەستەبوون بە نەوتەوە و گۆڕینی ئابووری هەرێمی کوردستان بۆ ئابوورییەکی فرەیی، کە پاڵپشتی گەشەی ئابووری بکات بە ڕابەرایەتی کەرتی تایبەت و دروستکردنی هەلی کار بەشێوەیەکی بەردەوام.

حکومەت کاریگەرترین چاکسازی ئەنجام دەدات لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا. لەژێر ڕۆشنایی قەیرانی ئابووریدا، بە پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، حکومەت پرۆگرامێکی فراوانی چاکسازی داڕشتوە. حکومەت بەهێزەوە خاوەنداریێتی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری دەکات. ماوەیەکی کورت پاش ڕاگەیاندنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری لە 30 مایس، ئەنجومەنی وەزیران لە 11 حوزەیران 2016 نەخشەڕێگەکەی پەسەندکرد و کردییە پرۆگرامی چاکسازی حکومەت. حکومەت تەواو پابەندە بە جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەکە لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا. لە 9 حوزەیران سەرۆك مەسعود بارزانی، لە وتەیەکدا جەختی لە گرنگی پلانی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە. دووپاتی پاڵپشتیکردنی ئەم پلانەی کردەوە و داوای لە حکومەت کرد، بەوردی پلانەکە جێبەجێ بکات. سەرۆك داوای لە حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دامەزراوەکانی میدیا کرد "پاڵپشتی و چاودێری" پلانی چاکسازی سێ ساڵە بکەن. سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی پاڵپشتی تەواوی خۆی ڕاگەیاند و جەماوەری ئاگادارکردەوە لەوەی کە چاکسازییەکان بایەخ دەدەن بە فرەییکردنی ئابووری و گەشەی کەرتی تایبەت، لەپێناو دروستکردنی دەرفەتی باشتر بۆ خەڵك، هاوکات پاراستنی هەژاران لەڕێگەی ڕێوشوێنی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم ڕاپۆرتە

یەکەم راپۆرتی چاودێرییە لەسەر دەستکەوتەکانی شەش مانگی پاش راگەیاندنی نەخشەرێگەی چاکسازی و ئەوانەی لە شەش مانگی داهاتوودا بەدیدەهێنرێن. ئەم راپۆرتە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە لە هەنگاوەکانی داهاتوو و چۆنێتی سوودمەند بوونیان لە چاکسازییەکانی داهاتوو و چۆن ژیانیان باشتر دەبێت. هاوکات ئەمە نیشانی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دەدات کە حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی چاکسازییەکانەوە.

هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان زۆر پاڵپشتی چاکسازییە ئابوورییەکان دەکەن. سەرکەوتنی چاکسازییەکان و توانای بەرەنگاربوونەوەی هەژانە هەمەلایەنەکان، پێویستی بە پاڵپشتی هاوبەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. گروپی بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکات بۆ جێبەجیکردنی چەند ئەولەوتەتێکی دیاریکراوی چاکسازی. بۆ بەگەڕخستنی پلانی چاکسازییەکە، (**UNDP**) "سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی لە هەرێم" (**FFER_KRG**) دروستکردووە، بە ئامانجی بەگەڕخستنی شارەزاییەکان بۆ گۆڕین و فرەییکردنی ئابووری هەرێم، دارشتنەوەی پەیکەر و بەهێزکردنی کارگێڕی گشتی، جێگیرکردنی شێوازە پێشکەوتووەکانی بەڕێوەبردنی دارایی و باشترکردنی پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و وەبەرهێنان. سندوقی (**FFER_KRG**) لە **28** ئەیلول **2016** لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکرا، وەك ئامرازێکی داراییکردن بەکاردەهێنرێت بۆ چاکسازییە لەپێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمە سندوقێکی کۆمەکی هەمەلایەنە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی بە حکومەت، بۆ جێبەجێکردنی نەخشەرێگەی چاکسازی لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا. هەندێك هاوبەش دوولایەنە کۆمەکیان پێشکەشکردوە بە سندوقەکە. سندووقەکە کراوەیە بۆ هەموو هاوبەشە دوولایەن و فرەلایەنەکان، کە دەخوازن بەشداری بکەن لە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان. کارە دیاریکراوەکانی چاکسازی لە خشتەی جێبەجیکردنی نەخشەرێگەکەدا، لیستی کارەکانی کۆمەکبەخشانی دیاریکراوە؛ هاوبەشەکان دەتوانن پاڵپشتی بودجە پێشکەش بکەن، کۆمەکی پرۆژەی وەبەرهێنان بکەن، یان کۆمەکی نادارایی راستەوخۆ پێشکەش بکەن، یان دەتوانن بەشداری لە سندوقەکەی (**FFER_KRG**)دا بکەن و ئەو بوار یان کەرتە دیاری بکەن کە دەتوانن کۆمەکی بکەن.

## لەپاش راگەیاندنی نەخشەرێگەکەوە چی بەدیهاتوە؟

حکومەت هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەرێگەی چاکسازی ئابووری. فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی ئەنجومەنی وەزیران، دەڵێت لە **30** مایسی **2016**دوە، ئەنجومەنی وەزیران **42** فەرمانی دەرکردوە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەرێگەی چاکسازی ئابووری. لە **15** شوباتی **2017** سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان راپۆرتێکی لەسەر وردەکاری چاکسازییەکان بڵاوکردەوە. سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردوە بە پرۆسەی چاکسازی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی، کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان. راپۆرتەکە دەڵێت، خەرجییەکان کەمکراونەتەوە بۆ نیوە و بەگەڕخستنی داهاتاکان بەردوامن. ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، **452** بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەی لێکداوە.

حکومەت چەندین رێککاری کورتمەودای کەمکردنەوەی خەرجییەکانی گرتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی. حکومەتی هەرێمی کوردستان، رێکاری کەمکردنەوەی خەرجییەکانی پەیڕەو کرد، وەك پاشەکەوتی موچە و نەهێشتنی پاڵپشتییە داراییەکان. کۆی بودجەی حکومەت بۆ موچەخۆران کەمکرایەوە — موچەی پلەباڵاکان بەرێژەی **75** لەسەت و فەرمانبەرانی تر بەرێژەی **10-20** لەسەت کەمکرایەوە. ئەم کەمکردنەوانە یارمەتی حکومەتیاندا، کۆی تەرخانکردنی مانگانە بۆ موچە، خانەنشینی و کۆمەکەکان، بەرێژەی یەك لە سێ کەمبکاتەوە، لە **750** ملیۆن دۆلار بۆ **450** ملیۆن دۆلاری مانگانە. ئەمە رێکارێکی کاتییە کە حکومەت پەیڕەوی دەکات، ئومێد دەکرێت موچەی تەواو بگەڕێنرێتەوە، پاش سەقامگیربوونەوەی دۆخی دارایی. هاوکات حکومەت تێچووەکانی تریشی بەرێژەی **50** لەسەت کەمکردەوە. بەگشتی کورتهێنانی بودجە بەرێژەی **80** لەسەت کەمکرایەوە — لەسەر بنەمای نەختینە — لە **6.6** ملیۆن دۆلار لە **2014** بۆ **1.3** ملیۆن دۆلار لە **2016**. ئەگەرچی پرۆگرامی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، کەلێنی نێوان داهات و خەرجی مانگانەی کەمکردۆتەوە، حکومەت هێشتا کێشەی هەیە لە دابەشکردنی موچە،

خانەنشینی و کۆمەکەکان لەکاتی خۆیدا. وەزارەتی دارایی و ئابووری پلانی هەیە بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی موچەدان بە هەموو موچەخۆرانی مەدەنی و سەربازی. هاوکات وەزارەت هەوڵ دەدات سیستمێکی یەکگرتوو پەیڕەوبکات بۆ خانەنشینی هەموو بەشەکانی حکومەت.

سەرەڕای کەمکردنەوەی خەرجییەکان، حکومەت هەوڵی زیادکردنی داهاتی نانەوتی دەدات. وەزارەتەکانی ناوخۆ، شارەوانی و خوێندنی باڵا بەشداری بەرچاویان کردوە لە دروستکردنی داهات. حکومەت رسومات، سزاکان، کرێی ئاو و کارەبای بەرزکردۆتەوە بۆ بەرکاربەرە پیشەسازییەکان. هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ دەدات بە چاکسازی گومرگ و باجەکان بۆ زیادکردنی داهات. لە سەرەتای **2017**، رێکارەکان لە مەرزەکانی حاجی هۆمەران و باشماخ بە ئەلەکترۆنی کراون. هەندێك کار کراوە بۆ زیادکردنی داهاتە نەختینەییەکان، وەك جێبەجێکردنی سیستمی ئەلەکترۆنی کە هەموو خاڵە سنوورییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆ نیشاندانی تۆماری هەموو گومرگەکان و زیادکردنی شەفافیەت. بەم چاکسازییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆژانە داهاتی گومرگەکان کۆبکاتەوە. بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، رسوماتی گومرگی بەرزکردۆتەوە. وەزارەتی دارایی و ئابووری سیستمێکی کۆمپیوتەری خۆهەڵسەنگاندنی داناوە، کە رێگەدەدات بە کۆمپانیا گەورەکان پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری تا خەمڵاندن بۆ باجەکانیان بکرێت. پاش ئەوەی بەتەواوی کەوتەکار، ئەم سیستمە یارمەتی وەزارەتی دارایی دەدات **180** ملیار دینار کۆبکاتەوە – **20** هێندەی ئەوەی ئێستا وەزارەت کۆیدەکاتەوە.

رێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، هاوسەنگی نەختینەی ئێستای حکومەتی باشتر کردوە، هەروەها چاکسازییە بونیادییەکان چارەسەری ئاستەنگە مەودا ناوەندییەکان دەکەن. ماوەیەك پاش راگەیاندنی نەخشەڕێگەی چاکسازی، حکومەت لە **9** ئابی **2016** رێنمایی نوێی بۆ گرێبەستە گشتییەکان دەرکرد. لە **21** ئەیلولی **2016**، حکومەت چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی پەسەندکرد. ئەم چاکسازییانە بەهاوبەشی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامدراون. سەبارەت بە چاکسازییەکانی بواری باشحوکمڕانی، حکومەت دەستیکردوە بە وردبینی دەرەکیی بۆ داهاتەکانی پێشوو و ئێستای نەوت، لەلایەن کۆمپانیاکانی (**Deloitte and Ernst & Young**)ەوە. وردبینیەکە هەموو بوارەکانی هەناردەکردن و پاڵاوتنی ناوخۆیی دەگرێتەوە. هاوکات حکومەت سیستمی موچەدانی ئەلەکترۆنی دەستپێکردوە بۆ فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی زیادکردنی شەفافیەت، لەکاتێکدا کە **50.4** لەسەتی هێزی کار موچەخۆری حکومەتن (روپێوی هێزی کار **2015**).

چاکسازی چوارچێوەی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەدیهێنەری دیدگای **2020**ی حکومەتە بۆ "دانانی خەڵك لەپێش هەموو شتێکەوە". چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەت، کۆمەڵێك سیستەم دادەنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی پاش قەیران و بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرتری ئەو قەیرانانەی لەوانەیە لە ئایندەدا رووبەڕووی هەرێمی کوردستان ببنەوە. چوارچێوەکە پلانی تێدایە بۆ: (**1**) بەهێزکردنی بازاڕی کار، لەگەڵ خانەنشینی بۆ کارمەندانی کەرتی تایبەت، (**2**) فروانکردنی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی بۆ کارمەندانی کەرتی تایبەت و دروستکردنی بیمەی بێکاریی، (**3**) بەرەوپێشبردنی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (بێ بەشداریی) و بەکارهێنانی هەژاریی وەك پێوەری سەرەکیی بۆ بڕیاردان لە شایستەیی. چوارچێوە ستراتیژییەکە، بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی داڕێژراوە، کە یارمەتی قۆناغی جێبەجێکردنیش دەدات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك چاکسازی گرنگی باشحوکمڕانی ئەنجامداوە بۆ بەهێزکردنی متمانە، شەفافیەت و هاندانی بەشداری خەڵك. ماوەیەك پاش راگەیاندنی نەخشەڕێگەی چاکسازی، حکومەت رێنمایی نوێی بۆ گرێبەستە گشتییەکان دەرکرد و لە وەقائیعی کوردستاندا بڵاوکرایەوە. پرۆگرامی راهێنان دەستپێکرد. هەنگاوی داهاتوو دانانی سیستمی ئەلەکترۆنی گرێبەستە گشتییەکانە. هاوکات حکومەت چاکسازی گرنگی ئەنجامداوە لە شەفافیەتی کەرتی نەوت. هەنگاوێکی نایابی باشحوکمڕانی بریتیە لە وردبینی نێودەوڵەتی بۆ کارەکانی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان. گرێبەسەت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وردبینی واژۆکراوە و کارەکان دەستیان پێکردوە. وردبینی ئەمانە دەگرێتەوە: هەناردەکردنی نەوت، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی

نەوت، کارەکانی کۆمپانیا ناوخۆییەکان (بۆ نموونە فرۆشتنی ناوخۆیی نەوتی خاو و بەرهەمە پاڵێوراوەکان). بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و هاندانی بەشداری خەڵك، هاوپەیمانێتیەکی چاودێری پێکدەهێنرێت لە نوێنەرانی کۆمەڵی مەدەنی، بۆ بەدواداچوونی پرۆسەی وردبینی و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان. حکومەت پابەندە بە هاندانی بەشداری هاووڵاتیان و بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەر بۆ پرۆگرامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. حکومەت هەنگاو بە هەنگاو کاردەکات لە بواری پەیوەندییە گشتییەکانیدا.

ئەنجومەنی وەزیران ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پەسەندکرد. لە **2** مایس **2017**، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گەورەی هەڵگرت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دژەگەندەڵی لەڕێگەی پەسەندکردنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. لەمیانەی پێشکەشکردنی راپۆرتی "ستراتیژی نیشتیمانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان" لەلایەن دەستەی گشتی دەستپاکییەوە، ئەنجومەنی وەزیران ستراتیژەکەی پەسەندکرد و پابەدبوونی خۆی دووپاتکردەوە بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی. ستراتیژەکە پلانێکی پێنج ساڵەیە کە داڕێژراوە بە بەشداری ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی، دەستەی گشتی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی. پرۆسەی داڕشتنەکە ئەنجامدرا بە راوێژ لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان و بەسەرپەرشتی رێکخراوی بەریتانی بەناوی (**Westminster Foundation for Democracy**). ستراتیژەکە هەوڵ دەدات دڵنیایی بکات لە خۆپاراستن لە گەندەڵی، زامنکردنی سەروەری یاسا، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، ئەنجامدانی راهێنان و هاوکاریی لەنێوان فەرمانگەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. پێکدێت لە قۆناغەکانی پلاندانان، جێبەجیکردن، چاودێری و هەڵسەنگاندن.

چاکسازییەکی تری باشحوکمڕانی بریتییە لە تۆماری بایۆمەتری فەرمانبەرانی گشتی، خانەنشینان و هاووڵاتیانی تر کە کۆمەکی مانگانە وەردەگرن. بەدیهێنانی قەبارەی گونجاوی حکومەت، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆگرامی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان. تۆماری بایۆمەتری هەنگاوی یەکەمی ئەم هەوڵەیە. پرۆسەی تۆمارکردن — کە فەرمانبەرانی حکومەت، خانەنشینان و سوودمەندان دەگرێتەوە — ئێستا بەردەوامە، پاش قۆناغی دەستپێکردنێکی چڕ. بەرهەمی تۆماری بایۆمەتری بریتی دەبێت لە سیستمێکی بەڕێوەبردنی شوناس و بنەما بۆ چاکسازی فراوانتری حکومەت. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەستنیشانی دووموچە بکات و مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکات کە شایستە نین. هاوکات دەتوانێت دەستنیشانی موچەخۆری بندیوار بکات. سیستەمە ئەلەکترۆنییە زۆرەملێیەکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی موچەخۆری بندیوار، کە کارناکەن بەڵام موچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، لەڕێگەی ساختەکردنی تۆماری تاکەکەسیی یان موچە. ئەمە رێگەخۆش دەکات بۆ سیستمی تۆماری ئەلەکترۆنی موچە و موچەدانی ئەلەکترۆنی، کە ئەدای کارگێڕی و شەفافییەت زیاتر دەکات، وەك بەشێك لە ئامانجی گواستنەوە بەرەو حکومەتێکی مۆدێرنی ئەلەکترۆنی لە کوردستان.

هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ دەدات بە چاکسازی دامەزراوەیی، لەڕێگەی داڕشتنەوەی پەیکەری حکومەت. حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای راوێژکاری (**Inventis**) کردوە، بۆ توێژینەوە لە پەیکەری وەزارەتی دارایی و ئابوری. کۆمپانیاکە لەگەڵ وەزارەی دارایی و ئابووری کاریکردوە و پلانێکی کاریان داڕشتوە بۆ بەڕێوەبردنی دارایی گشتی، گومرگەکان و باجەکان. کۆمپانیاکە پێشنیاری کەمکردنەوەی بەڕێوەبەرایە گشتییەکانی وەزارەتی کردوە، لە **10** بۆ **5** بۆ بەدیهێنانی کۆنترۆڵ و چاودێری باشتر. نوێکردنەوەی دامەزراوەیی وەزارەت بایەخ دەدات بە بونیاتنانی تواناکانی وەزارەت، بۆ رابەرایەتیکردنی داڕشتنی سیاسەتە داراییەکان. پرۆگرامەکە پێنج بواری چاکسازی دەگرێتەوە: ئابوری گشتی-دارایی، باج، بەڕێوەبردنی دارایی گشتی و ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری. داڕشتنەوەی پەیکەری حکومەت، دووبارە بەگەڕخستنەوەی کارمەندانیش لەخۆدەگرێت.

لە چاکسازییەکانی کەرتی کارەبا، حکومەت ستراتیژێکی دوولایەنە بەکاردەهێنێت. ئامانجی هەنووکەیی بریتیە لە کەمکردنەوەی تێچوو و باشترکردنی بەردەوامیی دارایی، لەکاتێکدا کە سەرقاڵی داڕشتنی پلانێکی چاکسازی مەودا ناوەندییە بەهاوکاری بانکی

نێودەوڵەتی. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێناوە بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، وەك (1) بەکارهێنانی گازی سروشتی لەجیاتی دیزڵ، (2) بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای وزە-کاریگەر (combined_cycle)، (3) پێداچوونەوەی نرخەکان و دانانی سزا لەسەر بەکارهێنەران لەژێر رۆشنایی تێپەڕاندنی توانای بەرهەممهێنان. لەئەنجامدا کۆی تێچووەکان کەمکراونەتەوە بە بڕی 1.5 ملیار دۆلار لە 2016دا. ئێستا جەخت خراوەتە سەر هەنگاونان بەرەو زیادکردنی داهات. هەموارکردنەوەی کرێی کارەبا بۆ بەکاربەرە بازرگانییەکان لە 2016دا ئەنجامدرا.

حکومەت پێشکەوتنی بەدیهێنانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەولێر و سلێمانی. لە کانونی یەکەمی 2016، حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتنێکی قەرزی بە بەهای (34.8 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) ئەنجامدا لەگەڵ دامەزراوەی بانکیی بەریتانی (UKEF) UK Export Finance، بەمەبەستی داراییکردنی قۆناغی یەکەمی گرێبەستی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ئەندازیاری ئاوی بەریتانی (Biwater) بۆ بەرەوپێشبردنی ژێرخانی کەرتی ئاو. وەك بەشێك لە پرۆژەکە، کارگەی چارەسەرکردنی ئاو لە هەولێر دروست دەکرێت بەتوانای (600.000 مەتر سێجا لە رۆژێکدا)، هەروەها سلێمانی سوودمەند دەبێت لە نوژەنکردنەوەی کارگەی چارەسەرکردنی ئاو و دروستکردنی رێککارەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ و کارگەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی رەق.

## لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا چی بەدیدەهێنرێت؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی داهاتوودا، بایەخ دەدات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئەولەویەتی داناوە بۆ وەبەرهێنانی گشتی لە کەرتەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، گواستنەوە، تەندروستی و پەروەردە. بۆ ئاساییکردنەوەی گەشەی ئابوری و دروستکردنی -دەرفەتی کار، لەرێگەی پەرەپێدانی کەرتی تایبەتەوە، حکومەت هەوڵ دەدات پرۆگرامی وەبەرهێنانی گشتی بەگەڕبخاتەوە، بۆ سوودی ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین، بە کۆمەڵگەی خانەخوێ و کۆمەڵگەی میوانەوە. جەخت دەخرێتە سەر هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت. هەرێمی کوردستان کەلێنی گەورەی ژێرخانی هەیە، بەتایبەتی پاش هەڵایسانی شەڕ لە ناوچەکە. هاوکات چاوەڕوان دەکرێت سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجیەکان لە 2017دا بەردەوام بێت. لەناوکۆیی قەیرانی داراییدا، وەزارەتی پلاندانان ستراتیژێکی داڕشتوە بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ پرۆژە زۆر گرنگەکان بۆ جێبەجیکردن. وەزارەت رێبازێکی داڕشتوە بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ریزبەندی توانای ئەم پرۆژانە بۆ گەیاندنی زۆرترین سوود بەرامبەر تەرخانکردنە داراییەکان. مەبەست لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە لەپێشانەی وەبەرهێنان، زیادکردنی داهاتی گشتیە بۆ ئابوورییەکی بەردەوام لە مەودای دووردا. هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دەرفەتیان هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم پرۆژە گرنگانەی وەبەرهێنانی گشتی.

بۆ زیادکردنی ئەدای داهات لە کەرتی کارەبادا، حکومەت پێوەری زیرەك و دانانی کرێی ورد پەیڕەو دەکات. ئامانجی پلانی چاکسازی مەودا ناوەندیی ئامانجی بەرەوپێشبردن و راگرتنی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکەیە بۆ هەموو بەکاربەرانی کارەبا، لەرێگەی گواستنەوە بۆ چوارچێوەیەکی مۆدێرنی دامەزراوەیی و یاسایی. کە: (1) جیاکردنەوەی روونی بەرهەمهێنان لە گواستنەوە و دابەشکردن؛ (2) بەهێزکردنی رێکارە یاساییەکان و بەرپرسیارێتی؛ (3) هاندانی بەشداریی و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە چالاکییەکانی گواستنەوە و دابەشکردن. ئەم گواستنەوەیە واتا کرێکان رەنگدانەوەی تێچوو دەبن و گروپە هەژارەکان پارێزراو دەبن بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان. ئامانجی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیابوونە لەوەی کە بەکاربەر خزمەتگوزاری باشتری کارەبای پێدەدرێت، بەبێ تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵپشتی هەمەکیی یان بەشەکیی لەلایەن حکومەتەوە.

دیدگای 2020ی حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی حکومەتێکی کارا، شەفاف، خاوەن متمانە و راستگۆ دەدات. ئامانجی سەرەکیی چاکسازی بەرێوەبردنی دارایی گشتی، بەهێزکردنی کۆنترۆڵە لەسەر خەرجییە گشتییەکان، هەروەها چاکسازی لە پابەندە

داراییەکانی حکومەت. هێلکارییەکی نوێی ژمێرەیی تەبا لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ئامادەکراوە بۆ جێبەجێکردن لە 2017ـ2018. راپۆرتی ساڵانە و وەرزیی لەسەر بودجە (کارەکانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان) بڵاودەکرێتەوە. راپۆرتەکان ئێستا ئامادەکراون، بەڵام بڵاونەکراونەتەوە. پەرەپێدانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری لەناو وەزارەتی دارایی، دەبێتە هۆی گواستنەوە بەرەو بە ئەلەکترۆنیکردن و دوورکەوتنەوە لە کاری دەستیی کۆن. بەم شێوەیە هەموو کارەکانی وەزارەت نوێدەکرێنەوە.

لە شەش مانگی داهاتوودا، زیاتر بونیات دەنرێت لەسەر دەستکەوتەکانی چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان. فەرمانگەکان پاشکۆیەك ئامادە دەکەن بۆ رێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان وەك بەشێك لە "گرێبەستە گشتییەکان بەپێی پرۆژەی هاوبەشی گشتی-تایبەت". هاوکات سیستمی سکاڵا ئامادە دەکرێت: پاشکۆیەکی تر بۆ رێنماییەکانی گرێبەستە گشتییەکان ئامادە دەکرێت وەك بەشێك لە "لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان" و "رێبەری لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان" بە مەبەستی ناساندنی رێککارەکانی لێکۆڵینەوە لە سکاڵای پێشکەشکراو بە کاربەدەستانی گشتیی کە بەشدارن لە بەڕێوەبردنی سکاڵاکانی پێشکەشکارانی تەندەر. لە شەش مانگی داهاتوودا، ئەم پاشکۆیە دەردەکرێت و لیژنەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان دادەمەزرێت. لە ماوەی نزیکدا، راپۆرتی بەرایی بۆ ئامادەکاری بۆ کۆرسەکانی ئۆنلاین ئامادە دەکرێت. هاوکات رەشنووسی یەکەمی چوارچێوەی رێککەوتن بۆ کەرتی تەندروستی ئامادە دەکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە بونیاتنانی توانای کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەت لەبواری رێنمایییە تازەکان و بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن.

وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ (**UNDP**) بۆ ئەلەکترۆنیکردنی وەزارەت. هاوکاری تەکنیکی دەرەکیی دەستنیشان دەکرێت و سوودی لێوەردەگیرێت بۆ پاڵپشتیکردنی تیمە نیشتیمانییەکان بەپێی پێویست. هاوکات پرۆژەکە هەوڵ دەدات تیمێکی کاری حوکمڕانی ئەلەکترۆنی دروست بکات، بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دامەزراندنی حوکمڕانی ئەلەکترۆنییەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوتاکان لە حکومەتی فیدراڵ. چاوەڕوان دەکرێت پرۆژەکە نەخشەڕێگەی حوکمڕانی ئەلەکترۆنی دابڕێژێت. لەم بوارەدا (**UNDP**) هاوکاری وەزارەت دەکات لەسەر پێکهاتەکانی حکومەتی ئەلەکترۆنی تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و هاوڵاتی و هاوڵاتی و حکومەت، بەشێوەیەك کە زۆترین ژمارەی دانیشتوان بگرێتەوە، واتا دڵنیایی کردن لەوەی کە بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان تەبان لەگەڵ پێداویستییەکانی بەکارهێنەران و ئامادەباشیان. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی جەخت خستنە سەر جێندەر و لاوان، یەکێك دەبێت لە ئەولەویەتەکان.

پەرەپێدانی کەرتی تایبەت یەکێکە لە ئەولەویەتە سەرەکییەکانی حکومەت لە شەش مانگی داهاتوودا. حکومەت پابەندە بە رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئێستا، هەروەها دانانی بناغە بۆ چارەسەکردنی لاوازییە بونیادییەکان. لەگەڵ هاوکارییەکی بەرچاوی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، پرۆگرامی ریزبەندی کراو بەپێی ئەولەویەتەکان ئەمانە دەگرێتەوە: (**1**) دروستکردنی چوارچێوەی یاسایی و رێکخستن بۆ ئاسانترکردنی دەستپێکردن، بەگەڕخستن و وازهێنان لە بزنس؛ (**2**) بەشدارپێکردنی کەرتی تایبەت لە چاکسازییەکان، لەرێگەی گفتوگۆیەکی کاریگەری گشتی-تایبەت؛ (**3**) دانانی پرۆگرامی کارای پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی؛ (**4**) فراوانکردنی دەستگەیشتن بە دارایی و قەرز، بەتایبەتی بۆ کۆمپانیا بچووك و مامناوەندییەکان. پێشکەوتن بەدیهاتووە لە بواری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، بەڵام وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەوڵ دەدات چاکسازییەکان خێراتر بکات لە بواری بازرگانی و پیشەسازیی، وەك مۆڵەتی ئۆنلاین، زانیاری پیشەسازی ناوەندیی و داتابەیس و لۆگۆ و مافی کۆپیکردن.

پاراستنی کۆمەڵایەتی هەژاران و لێقەوماوان بەردەوام دەبێت، بەپێی ئامانجی حکومەت بۆ بەدیهێنانی "یەکسانی، دەرفەت و توانای بەرگەگرتن" بۆ هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان. لە شەش مانگی داهاتوودا، حکومەت هەڵدەستێت بە گشتاندنی پرۆگرامی نوێی بەئامانجکردنی هەژاری لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان. هاوکاری تەکنیکی لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە پێشکەش دەکرێت و (**UNDP**) پاڵپشتی دارایی پێشکەش دەکات. لەجیاتی کۆمەکی هەمەگیری گران و ناکارا، بەئامانجکردنی کۆمەکی

نەختینەی مەرجدار، ئەو دۆخە بۆ هەژاران دەڕەخسێنێت کە منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە. بانکی نێودەوڵەتی یارمەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەدات بۆ بەئامانجکردنی هەژاریی، لەڕێگەی پشکنینی ئاستی گوزەران (**proxy means-testing**). یەکێکی تر لە ئەولەویەتەکان بەشداری ئابوری ئافرەتانە، کە بۆ ئەم مەبەستە پاڵپشتی کۆمەکبەخشان پێویستە.
هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی ئامارە ئابورییەکان و دابینکردنی زانیاری بۆ داڕشتنی سیاسەت و چاودێریکردنی گەشەی ئابوری لە هەرێم. حکومەت ئاشنایە بە بەردەست نەبوونی زانیاری دروست لەکاتی پێویستدا، هەروەها نەبوونی سیستمی دارایی پێشکەوتوو، ئێستا حکومەت هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ کۆکردنەوە و شیکاریی و بەرەوپێشبردنی ئامار و زانیارییە داراییەکان، ئەمەش بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان و بە ئامانجی زیادکردنی شەفافیەت، بەخشینی زانیاری بە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتەکان و پێوانەکردنی کاریگەریی جێبەجێکردن. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرچاوە هەیە، بۆ ئەنجامدانی روپێوە سەرەکییە ئابورییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی ئامارە گرنگەکان. دەستەی ئامار ساڵانە پێویستی بە **3** ملیۆن دۆلار دەبێت بۆ ئەنجامدانی روپێوە بنەڕەتییە زۆر پێویستەکان.

### بانکی نێودەوڵەتی لەنزیکەوە کار لەگەڵ حکومەت دەکات بۆ جیبەجێکردنی چاکسازییە ئابورییەکان

گروپی بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکات بۆ چاکسازییەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییانە. لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان، بانکی نێودەوڵەتی هاوبەشی تەواوی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ترە لە هەرێمی کوردستان، بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییە گرنگەکان. کاری شیکاری بانکی نێودەوڵەتی بایەخ دەدات بە ئەولەویەتەکانی ئێستا و ئاستەنگەکانی مەودای ناوەندیی. لەسەر بنەمای ئەنجامی کاری شیکاری، هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، دەستنیشانکردنی گرفتەکانی ئابوری، هەروەها پێشکەشکردنی راسپاردە لەڕێگەی نەخشەی رێگەی چاکسازی ئابورییەوە، لەسەر داوای فەرمی حکومەت، بانکی نێودەوڵەتی ئێستا پرۆگرامێکی هاوکاری تەکنیکی دەستپێکردوە، بۆ پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی کارنامەی چاکسازی. سەرەڕای پێشکەشکردنی راویژ لە بواری سیاسەتی ئابوری و چاکسازییەکان، بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکات لەسەر نوێکردنەوەی سیستمی گرێبەستە گشتییەکان، بونیاتنانی توانای ئەنجومەنی شورا، پاراستنی کۆمەڵایەتی و چاکسازییەکانی کەرتی کارەبا. لە داهاتوودا و لەڕێگەی بونیاتنانی زیاتر لەسەر دەستکەوتەکان، لەماوەی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی چاکسازییە ئابورییەکان، بانکی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی چاکسازییە لەپێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا، بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری پێشکەش دەکات لە پێنج بواری سەرەکیدا: **1**) پاراستنی کۆمەڵایەتی و توانادارکردنی ئافرەتان؛ **2**) هاوکاری تەکنیکی بۆ چاکسازی کەرتی کارەبا؛ **3**) پەرەپێدانی کەرتی تایبەت: تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و خزمەتگوزاری یەك پەنجەرە (**one stop shop**)؛ **4**) چاودێری بەڕێوەبردنی دارایی گشتی، پتەوکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی و پێداچوونەوەی وردی یاساکان؛ **5**) چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان. سەرەڕای ئەم پێنج بوارە، بانکی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی پاڵپشتی تەکنیکی بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری و چالاکی شیاو لە بوارەکانی کردنی بزنس، پیشەسازی، کشتوکاڵ، ئاو و تەندروستی.

## وانەی گرنگ فێربووین لە ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجی و نەخشەڕێگەی چاکسازی

لەناوەندی قەیرانی ئاسایش و داراییدا، بەگشتی جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە چاکسازی کەرتەکاندا هەندێك ئاکامی نێگەتیف هەبوون، کە پێویستیان بە راستکردنەوە هەیە. بۆ نموونە، رێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجی (کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان) پاشەکەوتی موچەی لەخۆگرتوە، بەبێ مامەڵەکردنی ریشەیی لەگەڵ کێشەکانی خزمەتی مەدەنی. هێشتا هەندێك کێشەی بونیادیی لە کاری گشتیدا چارەسەر نەکراون. پێویستە حکومەت پرۆگرامی چاکسازی خزمەتی مەدەنی دەستپێبکات. پێویستە کۆمسیۆنی خزمەتی مەدەنی دروست بکرێت، بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی خزمەتی مەدەنی. پێویستە چاکسازییەکان پێداچوونەوە بکەن بۆ کارەکان،

دەسەڵاتەکان، ڕێکخستن و دامەزراندن لە بەشە سەرەکییەکان و کۆمپانیا و دامەزراوە حکومییەکان. کێشەیەکی تر ئەوەیە کە هەندێك لە ڕێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجی، کاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر پەرەپێدانی کەرتی تایبەت — پێویستە ئەمانە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت. بۆ نموونە، زیادکردنی ڕسومات لەسەر کەرتی تایبەت، وەك بەشێك لە ڕێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجی، کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لەسەر ژمارەی کۆمپانیای تازە کە دێنە بازاڕەوە. زیادکردنی نرخی زەوی، ڕسوماتی مۆڵەت بۆ پیشەسازییەکان، کرێی کارەبا، نرخی سوتەمەنی، زیان بە پرۆژە پیشەسازییەکان دەگەیەنن.

پێویستە سەرچاوەکانی حکومەت ئاراستەی وەبەرهێنان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بکرێن. حکومەت دەتوانێت ڕەچاوی دەرکردنی ڕێسای تازەی دارایی بکات، کە سیاسەتی پێویست بۆ مەودای ناوەندیی ئامادە دەکەن. بەپێچەوانەوە، مەترسی هەیە لەسەر پشتگوێخستنی سیاسەتە باشەکانی دارایی، کاتێك دۆخی دارایی ئاسایی بووەوە. گرنگە پابەندبوونی گونجاو دروست بکرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ستراتیژە مەودا ناوەندییەکان بەردەوامیان دەبێت.  لەبواری بەڕێوەبردنی دارایی و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی جەنگ، پێویستە کەمکردنەوەکانی خەرجی ئاراستەی پرۆژەی بەرهەمدار بکرێن. پێویستە هەندێك لە سەرچاوەکانی حکومەت ئاراستەی وەبەرهێنان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بکرێن.

بەگشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانێت کە نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری پێویستی بە کارکردنی زیاترە لە ئاستی ناوخۆ و بەشێوەیەکی لامەرکەزی. لەئێستادا، چاکسازییەکان لە ئاستی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان ئەنجام دەدرێن. گرنگە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان شۆڕبکرێنەوە بۆ ئاستی دەسەڵاتە خۆجێیەکان. لایەنە پەیوەندییدارەکانی ئاستی خۆجێی پێویستیان بە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان هەیە، دەسەڵاتە خۆجییەکان پێویستیان بە ڕێنمایی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەیە بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی ئابوری دیاریکراو لەئاستی ناوخۆدا. پێویستە حکومەت بەشێکی زیاتری خەرجییەکانی ئاراستەی وەبەرهێنانی بەرهەمدار بکات لە ئاستی لامەرکەزی و بە بەشداری کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی دەرفەتی کار لەئاستی ناوخۆدا دروست بکرێت.

هەرێمی کوردستان توانا و دەرفەتی پێویستی هەیە بۆ دەربازکردنی ئابووری لە قەیرانی  دارایی و کەوتنە سەر ڕێچکەی گەشەی بەردەوام. وەك: (**1**) سەرچاوەی زۆری نەوت و گاز؛ (**2**) زەوی بەپیتی کشتوکاڵیی؛ (**3**) دانیشتوانێکی گەنج و چالاك؛ (**4**) پێگەیەکی ناوەندی لەسەر یەکتربڕی ڕێگە بازرگانییەکانی ناوچەکە؛ (**5**) حکومەتێك کە پابەندە بە ئەنجامدانی چاکسازی؛ (**6**) جڤاتی کۆمەکبەخشی نێودەوڵەتی، کە دەخوازن یارمەتی بدەن؛ (**7**) دانیشتوانێکی کارخواز و پێشەنگی کار (**8**) فەلسەفەیەکی پاڵپشت بۆ کار و بزنس. ئەگەر ئەم توانا و دەرفەتانە بەشێوەیەکی کاریگەر و لە ژینگەیەکی پاڵپشتدا بەگەڕبخرێن، ئابووری هەرێمی کوردستان زاڵ دەبێت بەسەر گرفتەکانی ئێستادا و ئابوورییەکی فرەیی دروست دەبێت و ئاستێکی بەردەوام و بەرزی گەشە بەدیدێت. زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، وەك زانکۆی کوردستان لە هەولێر و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، توانا و ئامادەباشیان هەیە بۆ بەشداریکردن لە چاکسازییە ئابورییەکان لەڕێگەی کار و گفتوگۆی ئەکادیمییەوە.

## تەرخانکردنی نەختینە هەنگاوی یەکەمە بۆ نەهێشتی کەلێنی داراییکردنی پرۆژە گرنگەکانی وەبەرهێنانی گشتی، هەروەها بۆ سەقامگیرکردنی ئابووری

کەلێنی داراییکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فراوانبووندایە، بەهۆی قەیرانی بێپێشینەی دارایی و مرۆییەوە. دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان سەختە. قەیرانەکە ئەنجامی چوار هەژانە کە لەیەك کاتدا هەرێمیان گرتەوە: (**1**) دابەزینی نرخەکانی نەوت؛ (**2**) ڕاگرتنی بودجە لەلایەن بەغداوە؛ (**3**) لێشاوی ئاوارەی ناوخۆیی بەهۆی شەڕەوە؛ (**4**) لێشاوی پەنابەرانی سوریی بەهۆی شەڕەوە لەو وڵاتە. لە ئەنجامدا، کورتهێنانی بودجەی هەرێمی کوردستان لە **2015**دا گەیشتە **5.3** ملیار دۆلاری ئەمریکی و لە **2016** دابەزی بۆ **1.6** ملیار دۆلار. لە ناوەڕاستی **2014**ەوە نزیکەی **3700** پرۆژەی وەبەرهێنانی گشتی ڕاگیراون، گەشەی ئابووری دابەزیوە، ڕێژەکانی بێکاری و هەژاری بەرزبوونەتەوە. لە کۆی پرۆژە وەستاوەکان، وەزارەتی پلاندانان **95** پرۆژەی

ئەولەویەتی دیاریکردوە کە زۆر پێویستن، وەك پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان. تەرخانکردنی دەستبەجێی نەختینە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی داراییکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییە زۆر گرنگەکان.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پرۆگرامێکی چاکسازی ئومێدبەخشەوە، بەڵام پێوستی بە پاڵپشتی کۆمەکبەخشەکان هەیە

حکومەت بەئاشکرا پێشکەوتنەکانی چاکسازییەکان بە خەڵك و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رادەگەیەنێت. لە کانونی یەکەمی **2016**، ئەنجومەنی وەزیران "راستیەکانی حکومەت (**Government Factsheet**)"ی بڵاوکردەوە، کە پوختەیەکە لەسەر پێشکەوتنە بەدیهاتوەکان، بەپێی رێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجی و ئەولەویەتەکانی چاکسازی بونیادیی. پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی هاوبەشەکانی حکومەت، زۆر گرنگن بۆ سەرکەوتنی چاکسازییەکان. حکومەت سوپاس و پێزانینی زۆری هەیە بۆ هاوکاری تەکنیکی و دارایی کە تا ئەمڕۆ پێشکەشکراون، بەتایبەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی قەیرانەکە و چاکسازییە پێویستەکان، هاوکاری زیاتری پێویستە، بۆ زیادکردنی ئەگەری سەرکەوتن و کەمکردنەوەی مەترسییەکان.

مەترسی بەردەوام هەیە لەسەر سەرکەوتنی پرۆگرامی چاکسازی، وەك شکستخواردنی کۆمەڵگەی کۆمەکبەخش بۆ دابینکردنی هاوکاری پێویست. حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووە لەگەڵ قەیرانێکی دارایی و مرۆیی بێپێشینە، لەکاتێکدا کە لە ناوەندی جەنگدایە لەگەڵ داعش. هەروەها هەژانە دەرەکییەکان بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتەکان و گەشەی ئابوری. سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە ئەنجامدانی پرۆگرامێکی گەورەی چاکسازی، لەوانە چاکسازی دارایی و چاکسازی بۆ بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی. سەرکەوتنی ئەم پرۆگرامی چاکسازییانە دەوەستێتە سەر ئیرادەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆمەکبەخش.

# 1 چاکسازییە ئابوورییەکان: چی بەدیهاتووە؟

1.1 **هەرێمی کوردستان پابەندبوونی نیشانداوە و پێشکەوتنی بەرچاوی بەدیهێناوە لە جێبەجێکردنی چاکسازییە گرنگەکان.** لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانان بەهاوبەشی نەخشەڕێگەیەکی سێ ساڵەی چاکسازی ئابووریان ئامادەکردوە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەم نەخشەڕێگەیە ئەولەویەتی کورتمەودا دیاری دەکات بۆ بەهێزکردنی دارایی و سەقامگیرکردنی ئابووری، هەروەها چاکسازی مەودا ناوەندیی و دوورمەودای بونیادیی گرنگ پێشنار دەکات، بۆ فرەییکردنی ئابووری و دروستکردنی دەرفەرتی کار لەڕێگەی گەشەی کەرتی تایبەتەوە. جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لەژێر چوار پایەدا ئەنجام دەدرێن: **1**) بەهێزکردنی دارایی؛ **2**) چاکسازی بونیادیی بۆ دانانی بناغەی گەشەی بەردەوام و هەمەگیر؛ **3**) چاکسازی کەرتی کۆمەڵایەتی و **4**) بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە.

1.2 **تائێستا، حکومەت سەرکەوتووانە چاکسازییەکانی ئەنجامداوە، لە دۆخی جەنگێکی هەرێمایەتیدا.** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ستایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیان کرد، بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان، دەستەجێ پاش ڕاگەیاندن و پەسەندکردنی نەخشەڕێگەکە، سەرەڕای کێشە ئابووری و ئاساییشییەکان لە ئەنجامی هەژانی شەڕ و دابەزینی نرخی نەوت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دروستیدا بۆ جەخت خستنە سەر چاکسازی ئابووری لە مەودای نزیك و ناوەندییدا، لەکاتێکدا کە لەگەڵ داعش لەشەڕدایە، چونکە ڕوونە کە تێچووی دواخستنی چاکساییەکان زۆر گەورەتر دەبن. ئەم بەشە پوختەیەکە لەسەر پێشکەوتنەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی چاکسازییە دیاریکراوەکان. بەپێی زانیارییەکانی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون[1]، ئەنجومەنی وەزیران **42** فەرمانی دەرکردوە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری. لەم **42** فەرمانە، **21** پەیوەستن بە دارایی، **12** بە لێپرسینەوە، **3** بە چاکسازییەکانی کەرتی کۆمەڵایەتی و **2** بە چاکسازییە بونیادییەکان.

1.3 **دەستکەوتەکانی چاکسازی پێکدێن لە گۆڕانکاری لە پاراستنی کۆمەڵایەتی و کارەکانی چاکسازیی لە بواری باشحوکمڕانی.** حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخیداوە بە بوارە گرنگەکانی وەك تۆمارکردنی بایۆمەتری موچەخۆرانی حکومەت، بۆ نەهێشتنی موچەخۆری بندیوار و دووموچە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردوە بە چاکسازی لە بواری وردە-ئابووری، گومرگ و باج. حکومەت کۆی تێچووی موچەخۆرانی مەدەنی و خانەنشینانی بەڕێژەی یەك لە سێ کەمکردەوە. داهاتە نانەوتییەکان زیادکران، لەڕێگەی گۆڕانکاری لە رسومات، سزاکان و کرێی کارەبا. هاوکات پاڵپشتی بەرهەمە نەوتییەکان نەهێڵرا. نوێکردنەوەی دامەزراوەیی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، یەکێك بوو لە ئەولەویەتەکان، تا وەزارەت بتوانێت پێشەنگی دارشتنی سیاسەتە داراییەکان بێت. حکومەت شەفافیەت و بەشداری هاووڵاتیانی زیاتر کرد، بە مەبەستی بەهێزکردنی بەپرسیارێتی و لێپرسینەوە و بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەر بۆ پرۆگرامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان — وردبینیی سەربەخۆی کەرتی نەوت و گاز، چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان نموونەی گرنگی ئەم چاکسازییانەن. چاکسازییەکانی کەرتی کارەبا، ئامانجیان باشکردنی کوالێتی خزمەتگوزاری و بەردەوامی داراییە. هاوکات دارشتنی ستراتیژی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی بەرەودان بە خۆشگوزەرانی هاوبەش (یەکسانی زیاتر لە ئاستەکانی گوزارەن) و کەمکردنەوەی هەژاریی.

[1] فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی ئەنجومەنی وەزیران رۆڵی دابینکردنی زانیاری و پاڵپشتییە بۆ بەرەوپێشبردنی توانای کەرتی گشتی. فەرمانگە پێشەنگی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەتە بەپێی دیدگای سەرۆک وەزیران. بۆ ئەم مەبەستە، فەرمانگە ئامانج، پێوەر و چاودێری ئەدای کەرتی گشتی دادەنێت.

## I. چاكسازییەكانی پاراستنی كۆمەڵایەتی: خەڵك لەپێش هەموو شتێكەوەیە

بۆ پاراستنی هەزاران و لێقەوماوان لە كاریگەرییەكانی هەژانە دەرەكییەكان و چاكسازییەكانی ئابووری، حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەولەویەتی داوە بە رێككارەكانی پاراستنی كۆمەڵایەتی بۆ خەڵكی كوردستان. حكومەت دەستیكردوە بە جێبەجێكردنی پرۆگرامێكی ورد و سەركەوتووی پاراستنی كۆمەڵایەتی، كە بایەخ دەدات بە تۆڕەكانی پاراستنی كۆمەڵایەتی، خانەنشینی و بیمەی كۆمەڵایەتی و سیاسەتەكانی بازاڕی كار، بۆ بەدیهێنانی "یەكسانی، دەرفەت و توانای بەرگەگرتن" بۆ هەموو خەڵكی هەرێمی كوردستان.

1.4 **لە قۆناغی جێبەجیكردنی نەخشەڕێگەی چاكسازی ئابووریدا، حكومەت چوارچێوەیەكی نوێی پاراستنی كۆمەڵایەتی پەیڕەو دەكات.** لە **21** ئەیلول **2016** حكومەتی هەرێمی كوردستان، چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی كۆمەڵایەتی (**SPSF**)ی پەسەندكرد. ئەم چوارچێوەیە بەهاوكاری بانكی نێودەوڵەتی داڕێژرا، لەرێگەی پرۆگرامی هاوكاری و پاڵپشتی تەكنیكیی، كە لە كانونی دووەمی **2015** دەستیانپێكرد و لە **30** نیسانی **2016** تەواوكران. چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی كۆمەڵایەتی (**SPSF**) سێ پایەی سەرەكیی پاراستنی كۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت: تۆڕەكانی پاراستنی كۆمەڵایەتی؛ خانەنشینی و بیمەی كۆمەڵایەتی، و سیاسەت و پرۆگرامەكانی بازاری كار، هەروەها پێكدێت لە كۆمەڵێك ستراتیژ و پرۆگرام كە پێكەوە "یەكسانی، دەرفەت و توانای بەرگەگرتن" دابین دەكەن. كارنامەی چاكسازییەكان دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی یاسا، دامەرزراوە و پرۆگرامی نوێ بۆ پاڵپشتیكردنی جێبەجێكردن، هاوشان لەگەڵ ستراتژێكی كارای پەیوەندییەكان بۆ بەشداری پێكردن و تواناداركردنی هەموو لایەنە پەیوەندییدارەكانی جێبەجێكردن. لە تشرینی یەكەمی **2016**، چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی كۆمەڵایەتی (**SPSF**) بەفەرمی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە پەسەندكرا. چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی كۆمەڵایەتی (**SPSF**)، بەشێكی دانەبڕاوە لە نەخشەڕێگەی چاكسازی ئابووری، كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە پاڵپشتی بانكی نێودەوڵەتی دایڕشتوە.

1.5 **بەهاوبەشی وەزارەتی پلاندانان، بانكی نێودەوڵەتی ئێستا پاڵپشتی تەكنیكی پێشكەش دەكات بۆ بەدواداچوونی جێبەجێكردنی پرۆگرامە دیاریكراوەكانی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی كۆمەڵایەتی (SPSF).** پرۆگرامەكە جەخت دەخاتە سەر دابینكردنی پاڵپشتی جێبەجێكردن لە سێ بواردا: (**1**) ڕێنماییكردنی سیاسەتە گشتییەكانی هەر سێ پایەكەی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی كۆمەڵایەتی (**SPSF**)، لەگەڵ بایەخی تایبەت بە پاڵپشتیكردنی داڕشتنی یاسا، ڕێنمایی و ڕێككاری یاسایی پێویست؛ (**2**) ڕاوێژی تەكنیكی لەسەر بەڕێوەبردنی سیستەمی خانەنشینی، بەتایبەتی تۆماری خانەنشینی بۆ ڕێخۆشكردن بۆ شیكاریی دارایی و ژمێریی و چاكسازی لە داهاتوودا؛ (**3**) پاڵپشتیكردنی پرۆگرامی نوێی بەئامانجكردنی هەژاریی و پەرەپێدانی كۆمەكی مەرجدار لە هەرێمی كوردستان.

وەك بەشێك لە چاكسازییەكانی پاراستنی كۆمەڵایەتی، حكومەت هەوڵی گواستنەوە دەدات لە "بەئامانجكردنی توێژەكان" بەرەو "بەئامانجكردن لەسەر بنەمای هەژاریی"

1.6 **بەپێی چاكسازییە یاساییەكانی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی كۆمەڵایەتی (SPSF)، سێ یاسا پێویستن (كار، بیمەی كۆمەڵایەتی، كۆمەكی كۆمەڵایەتی) بۆ پاڵپشتیكردنی بەدامەزراوەییكردنی كارنامەی پاراستنی كۆمەڵایەتی بەگشتی.** بانكی نێودەوڵەتی سەرنجی پێشكەش كرد لەسەر ڕەشنووسی یاسای كار (بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی (**ILO**))، ڕەشنووسەكە تەواو كراوە و چاوەڕوانی پەسەندكردنی ئەنجومەنی وەزیرانە. بۆ بیمەی كۆمەڵایەتی، ڕێككەوتن كرا لەسەر ئەوەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەتوانێت سوود لە ڕەشنووسی یاسای بیمەی كاری عێراقی وەربگرێت. پاش پەسەندكردنی ڕەشنووسی یاسای بیمەی كار لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە، كاربەدەستانی

بیمەی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی بۆ دەکەن بۆ گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی هەرێمی کوردستان لەسایەی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF)ی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە کۆمەکی کۆمەڵایەتی، "لیژنەی پەرلەمانیی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، خێزان و منداڵان" جەختیان کردەوە لەوەی دەیانەوێت رەشنووسی یاساکە بەزووترین کات تەواو بکەن و داوای پاڵپشتی بەردەوامی بانکی نێودەوڵەتیان کرد لەم بوارەدا. لە مایسی **2016**، تیمی بانکی نێودەوڵەتی سەرنجی وردی پێشکەشکردوە لەسەر رەشنووسەکە و چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە کردوە لەسەر ئەم بابەتە. لەکاتێکدا کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کارا نییە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرقاڵی ئامادەکردنی رێنماییەکی پەیوەندیدارە بە بەئامانجکردن (کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەردەکرێت) بۆ رێخۆشکردن بۆ گواستنەوە لە بەئامانجکردنی توێژەکانەوە بۆ بەئامانجکردن لەسەر بنەمای هەژاریی.

**1.7** **چاکسازی لە کارگێڕیی خانەنشینی بەردەوامە.** لە هەرێمی کوردستان نزیکەی **210.000** خانەنشین هەیە. ساڵانە نزیکەی **5.000** فەرمانبەر خانەنشین دەبێت. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت نزیکەی **1.037** فەرمانبەر زیاتر لە یەك موچەی خانەنشینی وەردەگرن. ئەمە سەرباری ئەو **2.000** کەسەی کە زانراوە کە لە ساڵی **2007**ەوە زیاتر لە یەك موچەی خانەشینی وەردەگرن. وەزارەتی کار دەستنیشانی بڕی **5.4** ملیار دیناری عێراقی کردوە کە دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ حکومەت لەڕێگەی چاککردنی خانەنشینی ئەم **3.037** کەسەوە. یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی نەبوونی داتابەیسێکی ئەلەکترۆنییە، کە بەدواداچوون بۆ پارەدانی نایاسایی سەخت کردوە. لە هەرێمی کوردستان، **14** بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی وەزارەتی دارایی بەشێوەی کاغەزیی کاردەکەن. لە نائامادەیی سیستمێکی ئەلەکترۆنیدا، ئاڵوگۆڕی زانیاری بەشێوەیەکی خێرا و گونجاو ناکرێت لەنێوان وەزارەتەکانی کار و تەندروستی، زانیاری لەسەر فەرمانبەری مردوو بەگونجاوی لەنێوان وەزارەتەکاندا ئاڵوگۆڕ ناکرێت. هاوکات کەلێنێکی گەورە هەیە لەنێوان موچەی مانگانەی خانەنشینی فەرمانبەرانی گشتی لەنێوان **220.000** تا **6.560.000** دیناری عێراقی. بەهۆی ئەم قەیرانە داراییەوە، موچەی خانەنشینی لە **2015** چوار مانگ نەدرا، لە **2016** شەش مانگ نەدرا – بەڵام ئەگەر بدرایە تێچووی موچەی خانەنشینی دەگەیشتە **1.3** ترلیۆن دینار لە ساڵێکدا. کێشەی تر هەیە پەیوەست بە موچەی خانەنشینی لە بانگەکان. بانکە خۆجێیەکان بەشێوەی ئەلەکترۆنی پێکەوە نەبەستراونەتەوە و خانەنشینان مانگانە لە ریزی درێژدا سەرە دەگرن. لە ساڵی **2016** پرۆژەیەکی ئەزموونی هەبوو تا وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و بازرگانی و پیشەسازی لەرێگەی بانکی تایبەت و بەشێوەی ئەلەکترۆنی موچە وەربگرن. پاش راگەیاندنی چوارێوەی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە ئەیلولی **2016**، تیمی بانکی نێودەوڵەتی کۆبوونەوەی ئەنجامدا لەگەڵ بەشەکانی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی بۆ پشتڕاستکردنەوەی سیستمێکی باشی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکیی (SPSF) باشترکردنی توانای کارگێڕی و کارایی سیستمی خانەنشینی گشتی و تایبەتە، تیمەی بانکی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی راوێژ بە هاوتاکانیان لە وەزارەتەکانی دارایی و کار لەسەر رێکخستنی سیستمی بەڕێوەبردنی خانەنشینی، بەڕێوەبردنی تۆمارە بنەڕەتییەکان، کۆکردنەوەی زانیاری، بەڕێوەبردنی زانیاری و سیستمی پەرەپێدانی داتابەیسی پێویست.

(DFID) دەخوازێت پاڵپشتی چاکسازییەکانی خانەنشینی بکات.

**1.8** **حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردوە بە پرۆسەیەك بۆ ئەزموونکردن (pilot)ی پرۆگرامی بەئامانجکردنی هەژاریی، بە بەکارهێنانی پشکنینی ئاستی گوزەران ((PMT) Proxy Means_Testing) بە پاڵپشتی سندوقی کۆمەك (FFER_KRG)ی (UNDP).** پرۆژە ئەزمونییەکە لە قەزای دەشتی هەولێرە ئەنجامدرا. ئەم کارە لەلایەن سندوقی (UNDP) بۆ کۆمەکی چاکسازی ئابووری هەرێم (FFER_KRG) دارایی کرا. پرۆژە ئەزموونییەکە لە **2** نیسان دەستپێکرد و لە **27** نیسان تەواو بوو. کارە مەیدانیەکان بە هاوکاری و راهێنانی تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا، کارەکە لەلایەن توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەزارەتی کارەوە ئەنجامدرا، بەسەرپەرشتی دەستەی ئامار. تیمی

بانکی نێودەوڵەتی سۆفتوێر و ڕاهێنانی پێویستی پێشکەش کرد بە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان. ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی پرۆژە ئەزمونییەکە لە کۆتایی تەموز 2017دا لەلایەن وەزارەتەکانی پلاندانان و کارەوە پێشکەش دەکرێت بە ئەنجومەنی وەزیران. ئەم ڕاپۆرتە وانە فێربووەکان لەخۆدەگرێت لەمیانەی پرۆژە ئەزموونییەکە، کە دواتر بڕیاردەدرێت چۆن لەسەر ئاستی هەرێمدا بگشتێنرێت.

## II. کار لە کەرتی تایبەت: گواستنەوەی ئابووری و دروستکردنی کار

فرەیی ئابووری کلیلە. ئامانجی سەرەکیی مەودای کورت و ناوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیدگای 2020دا دیاریکراوە و بریتییە لە بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت و ئاراستەکردنی بەشێکی بەرچاوی هێزی کار بەرەو کەرتی تایبەت. لە قۆناغی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری، حکومەت چاکسازییە بونیادیی و پەیکەرییەکانی خێراتر کرد بۆ ئازادکردن (بە لیبراڵکردن)ی ئابووری، بەتایبەتی چاکسازییەکان بۆ ئاسانکردنی ڕێساکانی کار و بزنس و پتەوکردنی کێبەرکێ. ڕێککارە پەیوەندیدارەکان پێکدێن لە چاکسازی قووڵ بۆ فرەییکردنی ئابووری و دوورکەوتنەوە لە نەوت، بەتایبەتی لەڕێگەی باشترکردنی ژینگەی بازرگانی و کەرتی بانکگوزاریی، دانانی هاندەر بۆ پێشەنگی کاری تایبەت و دروستکردنی کار لە کەرتی تایبەت.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەدیهێناوە لە ئاسانکردنی ڕێساکانی کار و بزنس و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی یەك پەنجەرە (**One Stop Shop services**)

**1.9** **سەبارەت بە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، هاوبەشی دروستکرد لەگەڵ گروپی بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان.** لەپاش ڕاگەیاندنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری، دەستکەوتی گەورە بەدیهاتوون لە ماوەیەکی کورتدا. تیمە هاوبەشەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بانکی نێودەوڵەتی کاریان کردوە لەسەر: (**1**) ئاسانکردن و یەکخستنی تۆمارکردنی کۆمپانیا لەڕێگەی بەستانداردکردنی پرۆسەی تۆمارکردن و کاراکردنی مەرجەکان؛ (**2**) کاراکردنی خزمەتگوزاری یەك پەنجەرە و ڕەوتی کار بۆ پەیڕەوکردنی چاکسازییە تازەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، بەڵام فەرمانگەی تر ڕاستەوخۆ بەشداربوون لە شێوازی یەك پەنجەرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**1.10** **وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەستیکردوە بە چاکسازی لە پرۆژەی تۆماری کۆمپانیاکان لە ئابی 2016وە.** پرۆگرامی پاڵپشتی تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی، ڕاسپاردە پێشکەش دەکات لەسەر پاڵپشتیکردنی زیاتری پۆرتاڵی تۆمارکردنی ئەلەکترۆنی کۆمپانیاکان و دانانی خزمەتگوزاری کارای یەك پەنجەرە لە هەولێر. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاندانی گەشەی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی کۆمپانیای بچووك و مامناوەند، هەروەها ژینگەی کاری هەرێمی کوردستان باشتر دەکات، لەو بوارانەدا کە دیاریکراون لە نیشاندەرەکانی ئەنجامدانی بزنس (**Doing Business Indicators**). پرۆژەکە لە ئابی 2016 دەستپێکرد و لە نیوەی یەکەمی 2017 تەواو دەبێت.

**1.11** **ڕێگەچارەی ئەلەکترۆنی لەسەرەتادا بایەخ دەدات بە پۆرتاڵ کە کارابێت بۆ بەدیهێنانی ئاستی گونجاو لە بەئەلەکترۆنیکردن.** پۆرتاڵەکە ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات: (**1**) تواناداركردنی خزمەتخواز (وەبەرهێنەران/پارێزەران) و بەکارهێنەران (فەرمانبەری تۆمارکراوی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت) بۆ چوونەناو پۆرتاڵەکە؛ (**2**) ڕێگەدان بە دانان و داگرتنی ڕێنمایی و بەڵگەنامە و زانیاری پەیوەندیدار بە تۆمارکردنەوە؛ (**3**) تواناداركردنی پرۆسەی کار و هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی داتا لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت.

**1.12 جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری یەك پەنجەرە بۆ تۆمارکردنی بازرگانی دەستپێکردوە.** قۆناغی جێبەجێکردن ئەمانە دەگرێتەوە؛ پەرەپێدانی تەکنیکی، هەمواری یاسایی (ئەگەر پێویست بوو) و هەمواری دامەزراوەیی و بونیاتنانی تواناکان.

1) پەرەپێدانی تەکنەلۆجی پێکدێت لە دروستکردنی پۆرتاڵ وەك پێگەیەکی ئەلەکترۆنی بۆ داوای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، هەگبەی زانیاری خزمەزتگوزاری (مەرجەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیا و رسومات)، بەکارهێنانی خزمەتگوزاری (ناو تۆمارکردن) و مەرجە یاساییەکان. رێگەدەدات بە پەیوەندیی راستەوخۆ لەنێوان وەبەرهێنەر/کۆمپانیا و ئاگادارکردنەوەیان. ناساندنی پارێزەران وەك وەکیلی متمانەپێکراو بۆ پێشکەشکردنی داوا، رێگەدەدات بە مۆدێلێکی دوو شێوازی تۆمارکردن. پۆرتاڵەکە رێگەدەدات بە پارەدانی ئەلەکترۆنی، بەمەرجێك ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست بێت و لە کەرتی گشتی کاری پێبکرێت.

لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنی (ESB) پۆرتاڵەکە رێگەدەدات بە پرۆسەی سەرپەرشتیکردن، بەدواداچوون، ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و پەیوەندی ئەلەکترۆنی، کە سیستمی (back_office) هەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئێستا.

مۆدێلی بەکارهێنانی زانیاری رێگەدەدات بە پێشکەشکردنی داتای بازرگانی بە هەموو وەزارەتە بەشدارەکان لە پرۆسەی مۆڵەتی بازرگانی، وەك بنەمایەك بۆ بەخشینی مۆڵەت.

2) هەمواری یاسایی. ئاستی هەمواری یاسایی دەوەستێتە سەر چالاکییەکانی یەکخستن و بەستانداردکردن.

3) هەمواری دامەزراوەیی و بونیاتنانی تواناکان. ئەم پێکهاتەیە بایەخ دەدات بە هەمواری دامەزراوەیی پێویست، وەك ئەنجامی راسپاردە پەیوەندیدارەکان بە چالاکییەکانی یەکخستن و بەستانداردکردن. هاوکات پێداویستییەکانی راهێنان و بونیاتنانی توانا لەبواری کارگێڕی و تەکنەلۆجیدا دابین دەکات بۆ ئەو کارمەندانەی کە سیستمی یەك پەنجەرە بەڕێوەدەبەن.

**1.13 جێبەجێکردنی پێکهاتەکانی چاکسازی دەستکەوتی گرنگ بەدیدەهێنێت:**

- پرۆسەیەکی یەکخراو بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، بە یەك رێککار بۆ تۆماری یاسایی، دارایی و بیمەی کۆمەڵایەتی؛
- تۆماری ئەلەکترۆنی لەرێگەی پارێزەرەوە؛
- کەمکردنەوەی هەنگاوەکانی تۆمارکردن؛
- کەمکردنەوەی کاتی پێویست بۆ تۆمارکردن؛
- کەمکردنەوەی تێچووی پەیوەست بە مەرجە یاساییەکان/پێشکەشکردنی راپۆرت؛
- کەمکردنەوەی تێچووی کارگێڕی گشتی، پەیوەست بە کۆکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ هەمان زانیاری بۆ چەندین جار؛
- بەرزکردنەوەی کوالێتی و متمانەی داتاکانی پەیوەست بە کۆمپانیاکان؛
- بەرزکردنەوەی کوالێتی داتاکان وەك بنەمایەك بۆ پلاندانانی دارایی و ئابووری گشتی؛
- باشترکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و بەدواداچوونی کاریگەری پاڵپشتییە حکومییەکان.

## III. چاكسازییەكانی بواری باشحوكمڕانی: شەفافیەت و لێپرسینەوە

1.14 **حكومەت بایەخ دەدات بە بەرەوپێشبردنی توانا دامەزراوەییەكان و نەهێشتنی لاوازییەكانی بواری حوكمڕانی.** بەپێی پایەی "حكومەت لە خزمەتی خەڵكدا دەبێت" لە دیدگای 2020ی حكومەتی هەرێمی كوردستان – بەتایبەتی ئەو بەشانەی پەیوەندییان هەیە بە كارایی حكومەت، بەڕێوەبردنی بودجە و چاكسازی و شەفافییەت – فەرمانگەكانی حكومەت ئەولەویەتیان داوە بە دروستكردنی دامەزراوە و سیستمی پتەو بۆ زیادكردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە. پێشكەوتن لە جێبەجێكردنی ئەمانە بەدیدەكرێت. حكومەت چاكسازی لە بواری گرێبەستە گشتییەكاندا ئەنجامداوە، دەستیكردوە بە وردبینی سەربەخۆی كەرتی نەوت و گاز، هەروەها دەستیكردوە بە نوێكردنەوەی دامەزراوەیی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

### A.III. نوێكردنەوەی گرێبەستە گشتییەكان لە هەرێمی كوردستان

چاكسازی گرێبەستە گشتییەكان یەكێكە لە مەزنترین دەستكەوتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و هەنگاونان بەرەو باشحوكمڕانی و لێپرسینەوە. پەیرەوكردنی چوارچێوەیەكی یاسایی نوێ بۆ گرێبەستە گشتییەكان كە تەبایە لەگەڵ شێواز و ستانداردە نێودەوڵەتییە پەسەندكراوەكان، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەخاتە پاڵ ئەو وڵاتانەی باشترین سیستمی گرێبەستە گشتییەكانیان هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریكا. وەك ئەزموونی وڵاتانی تر كە ئەم هەنگاوەیان ناوە، نیشانی دەدات، ئەم چوارچێوە یاساییە تازەیە و ئەو تەكنیك و رێككار و دامەزراوانەی دروستیان دەكات، سیستمێكی ستراتیژی هەمەلایەن دەخاتە بەردەستی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ باشحوكمڕانی وەبەرهێنانە گشتییەكان و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری.

1.15 **بەسەركردایەتی وەزارەتی پلاندانان، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستیكردوە بە نوێكردنەوەی سیستمی گرێبەستە گشتییەكان لەرێگەی پرۆگرامێكی چاكسازی بەرفراوان و فرەلایەن، بە پاڵپشتی بانكی نێودەوڵەتی.** تەبا لەگەڵ دیدگای 2020ی حكومەتی هەرێمی كوردستان· "حكومەتێكی كارا، شەفاف، خاوەن متمانە و راستگۆ" و وەك بەشێك لە پلانی چاكسازی ئابووری سێ ساڵە، حكومەت هەموو هەوڵێكی خستۆتەگەڕ بۆ بونیاتنانی سیستەمێكی كارا و بەرپرسیاری گرێبەستە گشتییەكان، كە بتوانێت خزمەتگوزاری كواڵیتی بەرز پێشكەش بكات و پاڵپشتی پەرەپێدانی بەردەوامی هەرێمی كوردستان بكات.

1.16 **ئەمانەی خوارەوە پوختەی دەستكەوتەكانی نوێكردنەوەی سیستمی گرێبەستە گشتییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانن:**

- حكومەتی هەرێمی كوردستان بەفەرمی رێنماییەكانی جێبەجێكردنی گرێبەستە گشتییەكان ژمارە 2 ی ساڵی 2016 پەسەندكرد، كە چوارچێوەی یاسایی، دامەزراوەیی و رێككاریی دیاری دەكات. رێنماییەكە لە تەموزی 2016 چووە بواری جێبەجێكردنەوە.
- حەوت بەڵگەنامەی ستاندار بۆ گرێبەستكردن (SBDs) و فۆرم لە ئابی 2016 دەركران.
- پرۆگرامی چڕی بونیاتنانی تواناكان لەسەر رێنماییە تازەكە پێشكەشكران:
  - پانزە وێركشۆپی راهێنان لەسەر رێنماییە تازەكە رێكخران بۆ نوێنەرانی كەرتی گشتی؛ لەگەڵ وانەی تایبەت بە راهێنانی راهێنەران.

- ده ۆرکشۆپی ڕاهێنان لەسەر گرێبەستە گشتییەکان بۆ کەرتی تایبەت ڕێکخران، بەهاوکاری یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان.
- گرێبەستە گشتییەکان بەفەرمی خرایە پرۆگرامی خوێندنەوە، شەش بڕوانامەی دبلۆمی بواری گرێبەستە گشتییەکان درا بە مامۆستایان لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی.

- لە ئابی **2016** هەگبەی "ئەنجامدانی بزنس لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان" ( **Doing Business with KRG**) دەرکرا و بلاوکرایەوە، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری کەرتی تایبەت لەسەر ڕێنماییە تازەکان، پاشکۆیەك ئامادەکرا بۆ ڕێنماییەکانی گرێبەستە گشتییەکان، وەك بەشێك لە "گرێبەستە گشتییەکان بەپێی پرۆژەی هاوبەشی گشتی-تایبەت (**Procurement under Public_Private Partnership Initiative**).
- حەوت یاداشتی ڕوونکردنەوە بۆ ڕێنماییەکانی گرێبەستە گشتییەکان دەرکران.
- ستراتیژی گرێبەستی گشتی ئەلەکترۆنی (**e_procurement**) و نەخشەڕێگەیێك ئامادە و جێبەجێکران.

**1.17** **بحکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە ئەنجامدانی چاکسازی زیاتر لە سیستمی گرێبەستە گشتییەکان.** لەڕێگەی پەیڕەوکردنی چوارچێوەی نوێی یاسایی و بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن، حکومەت هەرێمی کوردستان چۆتە ریزی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەی کە توانایان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سیستمێکی مۆدێرنی گرێبەستە گشتییەکان، نەك تەنها بۆ کارایی و کاریگەریی خەرجییە گشتییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەڵکو وەك پێکهاتەیەکی گرنگ بۆ هاندانی پەرەپێدان و بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی حکومڕانی. لە هەنگاوندا بەرەو پێشەوە و بەهەماهەنگی بانکی نێودەوڵەتی، حکومەت نەخشەڕێگەی چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان چالاك دەکات لەپێناو **زیاتر خزمەتکردنی خەڵك.**

## III.B. وردبینی سەربەخۆ: بونیاتنانەوەی متمانە

ئەنجومەنی وەزیران بەشێوەیەکی نایاب ئەولەویەتی داناوە بۆ کارەکانی چاکسازی، کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی متمانە و هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن. وردبینی نێودەوڵەیی لە بواری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەردێکی بناغەیە. کۆمپانیا سەربەخۆکانی وردبینی گرێبەستیان لەگەڵ کراوە، بۆ وردبینکردنی هەموو داهاتەکانی نەوت و گاز، لە ناوخۆ یان لەڕێگەی بۆریەوە و لە ساڵی **2003**ەوە.

**1.18** **حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی مەزنی بەدیهێناوە لە شەفافیەتی حکومەت و بەشداری هاووڵاتیان لەڕێگەی جێبەجێکردنی سەرکەوتوانەی چاکسازییەکانی وردبینی.** گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی وردبینی (**Deloitte**) واژۆکراون و کارەکان دەستیان پێکردوە. وردبینییەکان ئەمانە دەگرنەوە: هەناردەکردنی نەوت، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و چالاکییە ناوخۆییەکان (بۆ نموونە فرۆشتنی ناوخۆیی نەوتی خاو و بەرهەمە پاڵێوراوەکان). هەموو پرۆسە و مامەڵەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و هەناردەکردن وردبینی دەکرێن: پرۆسەی بەرهەمهێنان، پاڵاوتن، پترۆکیمیایی، بازرگانی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، فرۆشتنی نەوتی خاو لە ناوخۆ، نەوتی هەناردەکراو بۆ بەندەری جەیهان بە بۆری، هەناردەکردنی نەوت بە تانکەر، شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت، وردبینیکردنی خەرجییەکان، ژمارە حسابییەکانی داهاتی نەوت و گازی هەرێم و خەرجییەکان لە بانکە ناوخۆییەکانی کوردستان و لە دەرەوە. هاوکات ڕەشنووسی یاسا ئامادەکراوە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت (واتا کۆمۆ و کۆپکۆ (**KOMO and KOPCO**)) بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو گرێبەستەکان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێن.

1.19 **شەفافیەت لە داهات و خەرجییەکانی نەوت هەنگاویکی گەورەیە بەرەو باشحوکمڕانی و پەیامێکی گرنگ دەدات بە هاووڵاتیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر پابەندبوون و بەپرسیارێتی حکومەت.** حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا وردبینی نەوت و گاز بەشێوەیەکی قووڵ، هەمەلایەن و راستگۆیانە ئەنجام بدات و هەنگاوی دورتری نا لەوەی (**EITI**) پێشنیاری کردبوو. فەرمانی کارکردنی وردبینی سەربەخۆ دەکراوە و کۆمپانیای (**Deloitte**) دەستیپێکرد بە وردبینیکردنی ئەزموونیی بۆ ژمارەکانی تشرینی دووەمی **2016** و کۆمپانیای (**EY**) ژمارەکانی کانونی یەکەمی **2016**. هەردوو کۆمپانیا لە شوباتی **2017** ئەنجامی وردبینییەکانیان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردوە. کورتە راپۆرتێك پێشکەش دەکرێت بە جەماوەر لەگەڵ زانیاری لەسەر ئەو رێککارانەی گیراونەتەبەر، وەك کاردانەوە بەرامبەر بە ئەنجام و پێشنیارەکان. بۆ ئەم مەبەستە، ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان پلانی هەیە بۆ دامەزراندنی "گروپی لێکۆڵینەوە" بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی وردبینی و ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە پێشکەوتنەکان. بۆ هاندانی بەشداری جەماوەریی و هۆشیاری، گروپی چاودێران لە نوێنەرانی کۆمەڵی مەدەنیی دروست دەکرێت بۆ بەدواداچوونی پرۆسەی وردبینی و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان. لە ئایندەدا، یەکێك لە کۆمپانیاکان هەڵدەبژێردرێت بۆ وردبینیکردنی داهات و خەرجییەکانی نەوت و گاز لە هەموو هەرێم لە ساڵی **2017**. راپۆرتی مانگانەی وردبینی، دە رۆژ پاش کۆتایی هەر مانگێك بڵاودەکرێتەوە. پۆرتاڵێکی ئەلەکترۆنی دروست دەکرێت، تا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بتوانن رۆژانە زانیاری تۆماربکەن. کارێکی تری گرنگ ئەوەیە کە وردبینی سەربەخۆ ئەنجام دەدرێت بۆ رابوردش تا ساڵی **2003**.

## .III.C چاکسازییەکانی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

ئەنجومەنی وەزیران هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژی نیشتیمانی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. ستراتیژەکە هەوڵ دەدات سیستمێکی دابمەزرێنێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی کارا و چالاکانە وەستانەوە لەدژی گەندەڵی. یەکێك لە ئەرکەکانی دەستەی دەستپاکی، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە بەهاوکاری دامەزراوە و فەرمانگەکان. بەپێی ئەم ستراتیژە فەرمانگە گشتییەکان لە ئاستی جیاوازی حکومەتدا، ئەرکیان لەسەر شانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەرەوپێشبردنی چوارچێوەی یاسایی و بەرزکردنەوەی توانا کارگێڕییەکان. بەڵام هەوڵەکانی پتەوکردنی سیستمەکە، دەبێت بایەخ بدات بە بونیاتنانی تواکانی دیوانی چاودێری دارایی تا بە کارایی چاودێریی خەرجییە گشتییەکان و سەرچاوە گشتییەکان بکرێت.

1.20 **ئەنجومەنی وەزیران پلانێکی پێنج ساڵەی پەسەندکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.** لە **2** مایس **2017**، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گەورەی هەڵگرت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دژەگەندەڵی لەرێگەی پەسەندکردنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. لەمیانەی پێشکەشکردنی راپۆرتی "ستراتیژی نیشتیمانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان" لەلایەن دەستەی گشتی دەستپاکییەوە، ئەنجومەنی وەزیران ستراتیژەکەی پەسەندکرد و پابەدبوونی خۆی دووپاتکردەوە بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی. ستراتیژەکە پلانێکی پێنج ساڵەیە کە داڕێژراوە بە بەشداری ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی، دەستەی گشتی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی. پرۆسەی داڕشتنەکە ئەنجامدرا بە راوێژ لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان و بەسەرپەرشتی رێکخراوی بەریتانی بەناوی (**Westminster Foundation for Democracy**). ستراتیژەکە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (**UNCAC**) داڕێژراوە. ئامانجی سەرەکیی ستراتیژەکە باشکردنی دەستپاکی، لێپرسینەوە و شەفافیەتە لەناو دامەزراوە گشتییەکان و زیادکردنی متمانەی گشتییە بەم دامەزراوانە. ئەمە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری دیدگایەکی نیشتیمانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، کە وەك نەخشەرێگەیەك کاربکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. لەم ستراتیژەدا،

گەندەڵی وەك گرفتێکی بونیادی و پەیکەری و دامەزراوەیی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە چوار ئاستی سەرەکیدا دارێژراون: خۆپاراستن و بەرگرتن لە گەندەڵی، جێبەجێکردنی یاساکان، هوشیاری و راهێنان و هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەروەها هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوە گشتییەکان و کۆمەڵی مەدەنی. بەڵام هەوڵی زیاتر پێویستە بۆ بونیاتنانی تواناکانی دیوانی چاودێری دارایی بۆ دانانی سیستەمی باشتر.

1.21 **دارشتنی ستراتیژەکە بەشێوەیەکی هەمەکاری ئەنجامدرا و لەسەر بنەمای روپێو و کاری گروپ و کۆبوونەوە.** توێژینەوەیەك ئەنجامدرا لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن شارەزایانی بوارەکە. توێژینەوەکە بەکارهێنرا وەك نەخشەرێگە بۆ ستراتیژەکە. توێژینەوە پێشنیاری مودێلێکی دیاریکراوی کردبوو بۆ دارشتنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان. پاشان روپێوێك و فۆکۆس گروپ و کۆبوونەوە ئەنجامدران لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان. لەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، راوێژ کرا لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی و چالاکوانان. شارەزا خۆجێییەکان چەند رەشنووسێکیان ئامادەکرد بۆ بەخشینی زانیاری بە ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. ئەنجامی هەموو ئەم هەوڵانە، بنەمای پێویستیا دابین کرد بۆ دارشتنی ستراتیژەکە. رەشنوسی ستراتیژەکە بەوردی شرۆڤەکرا و بەراوردکرا لەگەڵ ئەزموونە سەرکەوتووە نێودەوڵەتییەکان و مۆدێلەکانی تر.

1.22 ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەتەواوی تەبایە لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پەیرەوەکانی یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان. بەمەبەستی دروستکردنی هاوکاری و پەیوەندی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، حکومەت هانی جێبەجیکردنی رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و یاسای تاوان و مەدەنی و رێککەوتننامەی دژەگەندەڵی کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپا دەدات. لە هەرێمی کوردستان، دەستەی دەستپاکی لە ساڵی **2013** دامەزرا بەپێی یاسای ژمارە **3**ی ساڵی **2011** و یەکەم هەمواری بەپێی یاسای ژمارەی **7**ی ساڵی **2014** بوو. هەموو دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەرپرسیارن لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دژەگەندەڵی لەسایەی ستراتیژەکەدا. دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان چاودێری و خۆهەڵسەنگاندنی وەرزیی ئەنجام دەدەن، بەمەبەستی باشتر جێبەجیکردنی ستراتیژەکە و پلانەکانی خۆیان. حکومەت هانی کولتوری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هوشیاری و پەروەردە دەدات لەسەر ئاستی دامەزراوەیدا.

## IV. گونجاندنی دارایی: رێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجییەکان

لە ئەنجامی کەمبوونەوەی لەناکاوی داهاتەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە کەمکردنەوەی خەرجییەکان هەیە بۆ نەهێشینی کەلێنی داراییکردن. حکومەت رێککاری تازەی راگەیاند بۆ پاشەکەوتی رێژەیەکی بەرچاوی موچەی فەرمانبەران، خانەنشینان و کۆمەکەکان، جگە لە موچەی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش. لە **2016** کۆی ئەم پاشەکوتانە **531** ملیار دینار (**455** ملیۆن دۆلار) بوو. هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوینا بۆ یەکخستنی فەرمانگەکان لە ناحیە و قەزاکان و کەمکردنەوەی ژمارەی بینا حکومییەکان، لە ئەنجامدا تێچووەکان زیاتر کەمکرانەوە. حکومەت کاریکردوە بۆ زیادکردنی داهاتە نانەوتییەکان لەرێگەی بەرزکردنەوەی رسومات، سزاکان، کرێی ئاو و کارەبا لەسەر بەکارهێنەرانی پیشەسازیی، هەروەها لەرێگەی نەهێشتنی پاڵپشتییەکانی سوتەمەنیی. ئەنجامی کۆتایی بریتییە لە **80** لەسەت دابەزین

له کورتهێنانی بودجە، کە لەسەر بنەمای پارەی نەختینە (کاش) دەپێوریێت، واتا لە 7.7 ملیار دینارەوە لە 2014 بۆ 1.6 ملیار دیناری خەملێنراو بۆ 2016.

1.23 **لەئەنجامی پرۆگرامی گونجاندنی چڕی دارایی، حکومەت توانی نزیکەی 40 لەسەتی خەرجییەکانی بۆ موچە کەمبکاتەوە.** لە سەرەتای 2016، حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك ڕێککاری کەمکردنەوەی خەرجییەکانی پەیڕەوکرد، بەئامانجی پاشکەوتکردنی بڕێکی زۆری خەرجییە گشتییەکان، کە تەرخانکراون بۆ موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان. هاوکات سێ مانگ و نیو موچەی نەدراوی ساڵی 2015 ماوە، کە وەك پاشەکەوت هەژمار کراوە. ئەم ڕێککارانە بوونە هۆی کەمبوونەوەی خەرجییەکانی حکومەت بۆ موچە و کۆمەکەکان بەڕێژەی 40 لەسەت. خشتەی 1 کەمکردنەوەی خەرجییەکان نیشان دەدات لەسەر موچە، خانەنشینی و کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان. لە ئایندەدا ئەمە کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر هاوسەنگی نەختینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لە 2015 تەرخانکردنەکان بۆ موچە 65 لەسەتی کۆی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێکدەهێنا.

**خشتەی 1.1 کاریگەری ڕێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە 2016 بەپێی تێکڕای خەرجیی مانگانە بۆ موچە، خانەنشینی و کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان. (بە ملیار دیناری عێراقی)**

| | گۆزمەی مووچە لە ئێستا | پاشەکەوت | موچەی پێدراو | ڕێژەی سەتی کەمکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەری هەمیشەیی | 687 | 241 | 446 | 35٪ |
| خانەنشین | 109 | 58 | 51 | 53٪ |
| چاودێری کۆمەڵایەتی | 66 | 40 | 26 | 61٪ |
| گرێبەست | 16 | 8 | 8 | 50٪ |
| **کۆ** | **878** | **347** | **531** | **40٪** |

سەرچاوە: وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری.

1.24 **بۆ حکومەت ڕێککاری کەمکردنەوەی خەرجییەکانی پەیڕەو کرد؟** لە 2014ـ2015 قەیرانی دارایی بووە هۆی دابەزینێکی بەرچاوی داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامدا کورتهێنانێکی زۆر دروستبوو، لە 2014 کورتهێنان گەیشتە 7.8 ملیار دینار (خشتەی 2). وەك کاردانەوە بەرامبەر ئەم هەژانە گەورەیە لەنێوان 2013ـ2015، حکومەتی هەرێمی کوردستان: (1) خەرجییەکانی بەگەڕخستنی بەڕێژەی 47 لەسەت کەمکردەوە، (2) داهاتەکانی هەرێمی بەڕێژەی 41 لەسەت زیادکرد، (3) زۆربەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی ڕاگرت، (4) قەرز بە هاووڵاتیان ڕاگیرا. کورتهێنانەکان لەڕێگەی قەرزی بانك، قەرزی دوولایەن، فرۆشتنی پێشوەختی نەوت و بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت و دواکەوتنی موچە و شایستە داراییەکانی بەڵێندەران پڕدەکرانەوە. لەئەنجامی ڕێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، کورتهێنانی حکومەت لە 7.7 ملیار دینار لە 2014 دابەزی بۆ 1.6 ملیار دینار لە 2016.

**خشتەی 1.2 بودجەی هەموارکراو (ملیار دینار)**

| | 2013 | 2014 | 2015 (prel.) | 2016 (est.) | 2017 (proj.) |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی داهاتەکان* | 20,082 | 9,059 | 10,671 | 9,536 | 11,209 |
| کۆی خەرجییەکان** | 21,841 | 16,825 | 15,935 | 11,126 | 11,876 |
| **کۆی کورتهێنان (-) زیادهێنان (+)** | -1,759 | -7,766 | -5,264 | -1,590 | -667 |

* پێکدێت لە پارەدانی حکومەتی فیدراڵ، هەموو داهاتەکان و داهاتەکانی باج و هیتر.

** پێکدێت لە خەرجییەکانی ئێستا، سەرمایە و خەملێنراوی ئەو خەرجیانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان راستەوخۆ دارایی کردوون.

*سەرچاوە: وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرە گشتییەکان و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.*

1.25 **چاوەڕوان دەکرێت رێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە 2017 بەردەوام بێت.** ئامانجی سەرەکیی دروستکردنی زیادهێنانی بەگەڕخستنە، تا بتوانرێت دارایی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی بکرێت و بەتێپەڕبوونی کات قەرزەکانی حکومەت بدرێنەوە، بە قەرز و پێشەکییە وەرگیراوەکانی بانکەکانەوە. پرۆگرامی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو کەلێنی نێوان داهات و خەرجی مانگانەی کەمکردۆتەوە، سەرەڕای رێککارە پەیڕەوکراوەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا کێشەی هەیە لە دابەشکردنی مانگانەی موچە، خانەنشینی و کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان لەکاتی خۆیاندا. جێگری سەرۆکی حکومەت لە 1 ئاداری 2017 رایگەیاند، کە کەسوکاری شەهیدان پاشەکەوت لە موچەکانیان ناکرێت. چاوەڕوان دەکرێت داهاتەکان لە 2017 زیادبکەن، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت و باشبوونی دۆخی ئابووری لەپاش ئازادکردنی موسڵ، لەکاتێکدا کە خەرجییەکانی بودجە هێواشتر زیاد دەکەن، چونکە حکومەت هەوڵ دەدات هەندێك پرۆژەی گرنگی گشتی دەستپێبکاتەوە. لەئەنجامدا، چاوەڕوان دەکرێت کورتهێنان کەمببێتەوە بۆ 667 ملیار دینار (550 ملیۆن دۆلار). بەڵام ئەگەر ئەم کورتهێنانە دارایی نەکرێت، مەترسییەکی راستەقینە هەیە لەسەر توانای دابەشکردنی موچەی هەموو مانگەکانی ساڵی 2017.

1.26 **ئەنجومەنی وەزیران فەرمانگەی بەڕێوەبردنی قەرزەکانی پەسەندکرد. لە نیسانی 2017، حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانگەیەکی نوێی راگەیاند بۆ سەرپەرشتیکردنی پارەدانەوەی قەرزە گشتییەکان.** بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران لە پاشکۆی 3دا هەیە. فەرمانگەی بەڕێوەبردنی قەرزەکان، بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردن و پارەدانەوەی قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم فەرمانگە نوێیە، زانیاری و وردەکارییەکان کۆدەکاتەوە لەسەر قەرزەکانی حکومەتی هەرێم. فەرمانگەکە دروستکراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر قەرزەکانی حکومەت لە بانکە ناوخۆییەکان و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان. هاوکات فەرمانگەکە زانیارییەکان بەڕێوەدەبات و دەپارێزێت لەسەر قەرەبووە کەڵەکەبووەکانی کۆمپانیاکان و وەبەرهێنەران و پێشەکییەکانی داهاتەکانی نەوت کە لای حکومەتن. لەئێستادا فەرمانگە بەرپرسیارە لەبەردەم سەرۆك وەزیران، بەڵام لەداهاتوودا دەبێتە بەشێك لە وەزارەتی دارایی و ئابوری.

## ٧. دروستکردنی داهات: داهاتەکانی گومرگو و باج

1.27 **حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە چاکسازی گومەگەکان.** هەندێك کار ئەنجامدراون بۆ گواستنەوە لە سیستمی تۆماری دەستییەوە بەرەو سیستمی ئەلەکترۆنی لە هەردوو خاڵی گومرگی سنووری باشماخ و حاجی هۆمەران. ئەمە ڕێخۆش دەکات بۆ گەیشتن بە ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و مۆدێرنیزەکردنی سیستمەکە و پێکەوەبەستنەوەی هەموو خاڵە سنوورییەکان، لەڕێگەی سیستمێکی ئەلەکترۆنییەوە. پاش دەستبەکاربوونی سیستمە کۆمپیوتەرییەکە لە هەموو خاڵە سنوورییەکان، داهاتی حکومەت زیاتر دەبێت و ئاستی بەڕێوەبردن بەرەوپێش دەچێت. حکومەت دەتوانێت بەشێوەی ڕۆژانە چاودێری داهاتەکانی گومرگ بکات. دروستکردنی داهات لە گومرگ زۆر گرنگە، چونکە دووەم سەرچاوەی داهاتە پاش نەوت. هاوکات بەڕێوەبەراتی گشتی گومرگەکان، هەندێك رسوماتی گومرگی زیادکردوە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی. بەڵام کاری زیاتر پێویستە بۆ مۆدێرنیزەکردن و ئەدای گومرگ بەپێی باشترین شێوازەکان، وەك بەرەوپێشبردنی ژێرخان، سیاسەتی بازرگانی، سیستم و یاسای گومرگ — کە لە ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا بن — بە جەختکردنەوە لە گومرگ و ڕێخۆشکردن بۆ بازرگانی تا هەرێمی کوردستان توانای کێبەرکێی هەبێت.

1.28 **بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، بەشداری کردوە لە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی خەرجییەکان.** خەرجییە کارگێڕییەکانی وەك کرێی بینا، ئۆتۆمبیلی حکومی، دەرماڵەکان و تێچووی کارمەندان کەمکراونەتەوە. هەندێك بینای گومرگ چۆڵکران یان یەکخران بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان، هاوکات فەرمانگەکانی گومرگ کارمەندی نوێیان دانەمەزراند، سەرەڕای فشاری زۆر لەسەر خاڵە سنوورییەکان و پێویستیان بە کارمەندی نوێ. پلانیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان بەڕێژەی **50** لەسەت لە بەشی ژمێریاری. بەپێی ئاماری فەرمانگەکانی گومرگی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەرجییەکان بەڕێژەی **70** لەسەت کەمکراونەتەوە بۆ ئاستی **60** ملیۆن دیناری مانگانە.

1.29 **فەرمانگەکانی گومرگی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی و سۆفتوێر و هاردوێر و راهێنان هەیە (کراوەیە بۆ هاوکاری کۆمەکبەخشان).** بۆ زیادکردنی کارایی و کاریگەریی بەڕێوەبردنی سنوورەکان و زیادکردنی داهاتەکان، پێویستیان بە هاوکاری هەیە بۆ وەبەرهێنان لە خاڵە سنوورییەکان، وەك دانانی کۆگا، ئامێر و خزمەتگوزاری کارەبا. هاوکات پێویستیان بە سۆفتوێر و هاردوێر و راهێنانی کارمەندان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هاتنەناوەوەی نایاسایی.

1.30 **وەزارەتی دارایی و ئابووری سیستمێکی کۆمپیوتەری خۆهەڵسەنگاندنی داناوە، کە ڕێگەدەدات بە کۆمپانیا گەورەکان پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری تا خەمڵاندن بۆ باجەکانیان بکرێت.** ئەم سیستمە لە کانونی دووەمی **2017**دا بە **150** کۆمپانیا دەستپێکردوە. سزای دارایی ئەو کۆمپانیانە دەدرێت کە زانیاری هەڵە پێشکەش دەکەن. پاش ئەوەی بەتەواوی کاری پێکرا، ئەم سیستمە یارمەتی وەزارەتی دارایی دەدات **180** ملیار دینار کۆبکاتەوە — **20** هێندەی ئەوەی ئێستا وەزارەت کۆیدەکاتەوە. وەزارەت هێشتا پەیوەندی نەکردوە بە کۆمپانیا بیانییەکانەوە. هەموارکردنەکانی سیستمی باج پێویستی بە رەزامەندی پەرلەمان هەیە. باجەکانی تر، وەك باجی فرۆشتن و بەهای زیادکراو، پێویستیان بە یاسا و رەزامەندی پەرلەمانیی هەیە.

## VI. چاكسازییەكانی وەزارەتی ناوخۆ: سوودوەرگرتن لە داهاتی گەورە

1.31 **سەرەڕای كەمكردنەوەی خەرجییە كارگێڕییەكان بەڕێژەی 40 لەسەت، وەزارەتی ناوخۆ داهاتی زۆری نوێی خستۆتە سەر بودجەی حكومەت.** وەزارەتی ناوخۆ یەكێكە لە باشترین جێبەجێكارانی نەخشەڕێگەی چاكسازی ئابووری. بەپێی فەرمانەكانی ئەنجومەنی وەزیران (ژمارە 76، 77، 79)، وەزارەت لیژنەیەكی پێكهێنا و داهاتی زیادكرد لەڕێگەی بەرزكردنەوەی رسوماتی هاتوچۆ، مۆڵەتی شۆفێری، باجی ئۆتۆمبیل، سزاكانی خێرایی، رسوماتی نیشتەجێبوون و مۆڵەتی كار بۆ كۆمپانیا بیانییەكانی ئاسایش.

1.32 **وەزارەتی ناوخۆ رسوماتی نوێ وەردەگرێت لە نیشتەجێی بیانی.** رێساكانی وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوون هەمواركراونەتەوە. ئێستا دەبێت نیشتەجێی بیانی ساڵانە (هەزار تا هەزار و سێ سەت دۆلاری ئەمریكی) بدات بۆ كارتی نیشتەجێبوون. ئەگەر نوێكردنەوە دواكەوت، بڕی سزا (سەت هەزار تا هەشت سەت هەزار دیناری عێراقی) دەبێت. لەئەنجامدا، داهاتی نشینگە بەرزبۆتەوە لە 4.5 ملیار دینار لە 2015 بۆ 28 ملیار دینار لە 2016. وەزارەت پێشبینی دەكات لە ساڵانی 2017 و 2018 بڕی 26 ملیۆن دۆلاری ئەمریكی لە نیشتەجێی بیانی وەربگرێت وەك رسوماتی نیشتەجێبوون.

1.33 **هەمواركردنەوەی رسومات و سزاكانی هاتوچۆ.** سەرەڕای بەرزكردنەوەی رسومات و سزاكان بەڕێژەی 15ـ20 لەسەت، داهاتەكانی روسومات و سزاكانی هاتوچۆ لە 2016 نزیكەی 178.9 ملیۆن دینار بوو، كە هاوشێوەی 2015 بوو. هۆكاری ئەمە كەمبوونەوەی هاوردەكردنی ئۆتۆمبیلە بەڕێژەی 60 لەسەت، ئەمەش بۆتە هۆی كەمبوونەوەی داهات لە تۆماركردنی ئۆتۆمبیلی نوێ. رسوماتی نوێ بۆ تۆماركردنی ئۆتۆمبیلی نوێ لەنێوان هەزار تا سێ هەزار دۆلاری ئەمریكییە، بەڵام خواست لەسەر كڕینی ئۆتۆمبیلی نوێ كەمبۆتەوە. لە 2016 نزیكەی 135 ملیار دیناری عێراق قەرزی سزاكانی هاتوچۆ لای هاووڵاتیان بوو، كە بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانداوە. وەك رێگەچارەیەك، وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریدا بژاردەی دوانزە قیستی مانگانە پێشكەشی هاووڵاتیان بكات بۆ دانەوەی قەرزەكانیان.

1.34 **وەزارەتی ناوخۆ رسوماتی نوێی دەركرد بۆ كۆمپانیا بیانییەكانی ئاسایش بۆ وەرگرتن و نوێكردنەوەی مۆڵەت.** بەپێی رێنماییە تازەكە، كۆمپانیاكانی ئاسایش كە لە هەرێمی كوردستان تۆماركراون و كارەدەكەن، دەبێت رسوماتی تۆماركردن بدەن بە بڕی شەش ملیۆن دیناری عێراقی بۆ یەك ساڵ و بڕی دوو ملیۆن دینار بۆ نوێكردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە. هەروەها پێویستە كۆمپانیاكان بڕی پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریكی لە بانك وەك زەمان دابنێن. لەئەنجامدا، داهات لە كۆمپانیاكانی ئاسایش لە سفرەوە زیادی كرد بۆ 587 ملیۆن دینار لە 2016، هەروەها بڕی (3,609,000) دۆلاری ئەمریكی وەك گەرەنتی لە بانك دانرا. وەزارەت پلانی هەیە بۆ زیادكردنی ئەم رسوماتانە لە 2017.

1.35 **دەرفەت هەیە بۆ زیادكردنی داهات ئەگەر حكومەت رەزامەندی بدات بۆ بەرزكردنەوەی رسوماتی ڤیزا.** بۆ نموونە، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ رسوماتی ڤیزا لە 7 دۆلارەوە بەرزبكاتەوە بۆ 50 دۆلار، داهاتێكی زۆر بۆ حكومەت دەستبەر

دەبێت. لەوانەیە بڕی 18ـ20 ملیۆن دۆلار داهات دروست بکات. وەك ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، دەکرێت رسوماتی سزای ڤیزاش زیادبکرێت لەگەڵ رسوماتی نشینگە و مۆڵەتی کۆمپانیاکان (بەڕێژەی 10ـ15 لەسەت) هەروەها سزاکانی هاتوچۆ (بەڕێژەی 5 لەسەت).

## VII. تۆماری بایۆمەتری: پێشەنگی چاکسازی

گونجاندنی قەبارەی حکومەت یەکێکە لە ئامانجە لەپێشەکانی پرۆگرامی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان. تۆماری بایۆمەتری — کە لەلایەن بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدرا — هەنگاوی یەکەمە بۆ بچووکردنەوەی قەبارەی حکومەت. جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لەلایەن نووسینگەی جێگری سەرۆك وەزیران و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە ئەنجام دەدرێت. چاوەڕوان دەکرێت ئەم سیستەمە زانیاری ورد و بەردەوام دابین بکات لەسەر ژمارەی فەرمانبەران، خانەنیشان و سوودمەندانی هەرێمی کوردستان. دەبێتە بنەما بۆ سیستەمێکی هەمیشەیی بەڕێوەبردنی ناسنامە لە هەرێمی کوردستان.

1.36 **پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری — هەموو فەرمانبەران، خانەنشینان و سوودمەندانی حکومی دەگرێتەوە — ئێستا نزیك بۆتەوە لە تەواوبوون، پاش دەستپێکێکی چڕ.** لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تۆماری بایۆمەتری فەرمانبەران لە تشرینی یەکەمی 2016 دەستپێکرد و تا 15 حوزەیران 2017 بەردەوام دەبێت. سەنتەرەکانی تۆمارکردن لە 74 بانکی گشتی لە سەرانسەری کوردستان دەکرێنەوە. پاش وەرگرتنی گلێنەمۆر (سکانی چاو) و پەنجەمۆر، تۆمارکراو ژمارەیەکی دەگمەنی پێدەدرێت و دابەش دەکرێت بەسەر یەکێك لە هەزار یەکەی ژمێریاریی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

1.37 **بەرهەمی تۆماری بایۆمەتری بریتی دەبێت لە سیستمێکی بەڕێوەبردنی شوناس و بنەما بۆ چاکسازی فراوانتری حکومەت.** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەستنیشانی دوو موچە بکات و مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکات کە شایستە نین. هاوکات دەتوانێت دەستنیشانی موچەخۆری بندیوار بکات. سیستەمە ئەلەکترۆنییە زۆرەملێیەکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی موچەخۆری بندیوار، کە کارناکەن بەڵام موچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، لەڕێگەی ساختەکردنی تۆماری تاکەکەسیی یان موچەوە. ئەمە ڕێگەخۆش دەکات بۆ سیستمی تۆماری ئەلەکترۆنی موچە و موچەدانی ئەلەکترۆنی، کە ئەدای کارگێڕی و شەفافییەت زیاتر دەکات، وەك بەشێك لە ئامانجی گواستنەوە بەرەو حکومەتێکی مۆدێرنی ئەلەکترۆنی لە کوردستان. پاش تەواوبوونی، دەکرێت سیستمی بەڕێوەبردنی شوناس و داتابەیسەکە بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت، وەك بەئەلەکترۆنیکردنی تەندروستی، پەروەردە و بەڕێوەبردنی تۆماری موڵك.

1.38 **سیستەمەکە دیزاین کراوە بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوە گشتییەکان.** لەئێستادا، سەرەڕای ڤوتابیان کە دەرماڵە وەردەگرن، 1.3 ملیۆن موچەخۆر هەیە لە هەرێمی کوردستان و 70 لەسەتی بودجەی حکومەت دەچێت بۆ موچە. بەپێی زانیارییەکانی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، تا 29 مایس 2017 نزیکەی 1.183.536 موچەخۆری حکومەت لە کۆی 1.2 ملیۆن تۆمارکراون. فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری 800.000 تۆماری هاوتا و پشتڕاستکردۆتەوە، هەروەها 168.946 کەیسی تۆماری دووبارەی ئاشکراکردوە. بەڵام بەشێکی زۆر لەم کەیسانە لەوانەیە

بەشێوەی یاسایی زیاد لە یەك موچە وەربگرن[2].. تا هەموو کەیسەکان یەك بەیەك پشکنینیان بۆ نەکرێت ، نازانرێت چەند کەیسی وەرگرتنی فرەموچەی نایاسایی هەیە لە سیستمەکەدا. دەسەڵاتداران دەڵێن کە زۆرینە ئەوانەی فرەموچە وەردەگرن یان بندیوارن، نەهاتوون بۆ تۆماری بایۆمەتری. ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات بوون لەکاتی هەڵمەتی تۆمارکردن، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی بە هۆکاری جیاواز خۆیان تۆمارنەکردوە، وەك نەبوونی ناسنامەی پێویست یان بەهۆی کەمئەندامییەوە، لە قۆناغەکانی دواتردا تۆمار دەکرێن.

1.39 **هێزەکانی پێشمەرگەش لە سیستمی بایۆمەتری تۆمار دەکرێن.** تۆمارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ (یەکەکانی 70 و 80) و هێزەکانی ئاسایش هێشتا بەردەوامە. لەئێستادا، کۆی ژمارەی پێشمەرگە 175.000 پێشمەرگەیە. لیژنەیەك پێکهێنراوە بۆ پێداچوونەوە بە شایستەیی پێشمەرگە کەمئەندامەکان (نزیکەی 8.000)، خانەنشینی پێشمەرگە و ئەو پێشمەرگانەی کە موچە لە هەرێم و بەغدادیش وەردەگرن.

1.40 **کاتێك تۆماری بایۆمەتری تەواوبوو، سیستمەکە بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێتە بەشێك لە ستانداردی بەڕێوەبردنی سەروچاوە مرۆییەکانی فەرمانبەران و موچە لە هەرێمی کوردستان.** چاوەڕوان دەکرێت هەڵمەتی بەردەوامی تۆمارکردن لە 15 حوزەیران 2017 تەواو بکرێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران. چاوەڕوان دەکرێت ئەنجومەنی وەزیران لە تەموزدا ئەنجامەکانی تۆماری بایۆمەتری رابگەیەنێت، لەڕووی ژمارەی تۆمارکراوان بەپێی پۆلە جیاوازەکان (واتا فەرمانبەر، خانەنشین، شەهید و سوودمەندانی تر). پرۆسەی پێداچوونەوە و پشتڕاستکردنەوەی کەیسەکانی دووبارە تۆمارکردن لە مانگی تەموزدا دەستپێدەکات. ئەم پرۆسەیە لەسەر بنەمای ئەو یاسایە دەبێت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت. لەکاتی دابەشکردنی موچەی مانگی هەشتی 2017، لیستی پشتڕاستکراوەی تۆماری بایۆمەتری بۆ هەر یەکەیەکی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستان، بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردان لە شایستەیی بۆ وەرگرتنی موچە. پرۆسەی شایستەیی بۆ موچە لەسەر بنەمای تۆماری بایۆمەتری، لە قۆناغی دووەمی پرۆژەکە دەبێت و لە ئەیلولی 2017 دەستپێدەکات. پارەدانی ئەلەکترۆنی موچەخۆران و خانەنشینان و سوودمەندان لە سەرەتای 2018 دەستپێدەکات.

1.41 **تۆماری بایۆمەتری و چاکسازییەکانی دواتری موچە، دەبێتە هۆی پاراستن و پاشەکەوتکردنی پارە، ئەگەرچی هێشتا زووە بڕیار لەسەر بڕەکە بدرێت.** لە کانونی دووەمی 2017، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە پاش تەواو بوونی کارەکان، چاوەڕوان دەکرێت بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی فەرمانبەران کەمبێتەوە، کاتێك بندیوارەکان و دوو موچە نایاساییەکان لابران. خەرجی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ موچە، خانەنشینی و سوودەکان دەگاتە 878 ملیار دینار.

1.42 **سیستەمی موچەدان لەڕێگەی بانکەوە نوێدەکرێتەوە پاش تۆماری بایۆمەتری.** سیستمی نوێی پارەدانی موچە سوود لە تەکنەلۆجیای نوێی بانکیی وەردەگرێت کە شوناسی بایۆمەتری بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی شایستەیی موچەخۆر لەڕێگەی پشتڕاستکردنەوەی گلێنەمۆر و پەنجەمۆرەوە. چاکسازی لە سیستمی بەڕێوەبردنی شوناس هاوشانە لەگەڵ چاکسازی لە سیستمی بانکیی. کاتێك کە موچەخۆری شایستە لەڕێگەی تۆماری بایۆمەترییەوە دیاریکران، ژمارەی بانکییان پێدەدرێت کە خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنیش لەخۆدەگرێت. هەموو موچەخوارانی مەدەنی دەبەسترێنەوە بە سیستمی بانکییەوە. لە ئەنجامدا وەزارەتی دارایی و ئابووری بەشێوەیەکی ناوەندیی سیستمی موچەدانی هێزی کار بەڕێوەدەبات.

[2] زۆرینەی 98.000 خانەوادەی شەهیدان موچەیەکی تریان هەیە. هەروەها فەرمانبەرانی کەمئەندام موچەیەکی تری کەمئەندامی وەردەگرن.

## VIII. چاكسازییەكانی كەرتی كارەبا

حكومەت چەندین هەنگاوی گرنگی ناوە بەرەو كەمكردنەوەی تێچووەكان، لەوانە كەمكردنەوەی بەكارهێنانی گازی شل، زیادكردنی بەكارهێنانی وێستگەی داخراو (combined cycle)، كەمكردنەوەی تێچووی بەكارهێنان و پارەدان، گۆڕینی خاوەندارێتی پرۆژە تازەكانی بەرهەمهێنان و پێداچوونەوەی كرێی كارەبا بۆ بەكارهێنەری گەورە و پیشەسازیی.

1.43 **حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستیكرد بە چاكسازی كەرتی كارەبا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناهاوسەنگی دارایی و لاوازیی بونیادیی، كە بوونە هۆی لەدەستچوونی دارایی زۆر و خراپی كواڵیتی خزمەتگوزارییەكە بۆ بەكاربەران،** سەرەڕای دەستگەیشتنی گشتگیر بە كارەبا و زیادبوونی سەرسوڕهێنەر لە بەرهەمهێنانی كارەبا بەهاوبەشی گشتی-تایبەت. حكومەت ستراتیژێكی دوولایەنە بەكاردەهێنێت. ئامانجی هەنووكەیی بریتیە لە كەمكردنەوەی تێچوو و باشتركردنی بەردەوامیی دارایی، لەكاتێكدا كە سەرقاڵی دارشتنی پلانێكی چاكسازی مەودا ناوەندییە بەهاوكاری بانكی نێودەوڵەتی. حكومەتی هەرێمی كوردستان هەنگاوێناوە بۆ كەمكردنەوەی تێچووەكانی بەرهەمهێنانی كارەبا، وەك (1) بەكارهێنانی گازی سروشتی لەجیاتی دیزڵ، (2) بەكارهێنانی تەكنەلۆجیای وزە-كاریگەری وێستگەی داخراو (combined_cycle)، (3) پێداچوونەوەی نرخەكان و دانانی سزا لەسەر بەكارهێنەران لەژێر رۆشنایی تێپەڕاندنی توانای بەرهەمهێنان. لەئەنجامدا كۆی تێچووەكان كەمكراونەتەوە بە بڕی 1.5 ملیار دۆلار لە 2016دا (خشتەی 3). ئەمە دەستكەوتێكی گەورەیە بە بەراورد بە 3 ملیار كورتهێنان لە ساڵی 2014.

**خشتەی 1.3 هەرێمی كوردستان: كەرتی كارەبا (ملیۆن دۆلاری ئەمریكی)**

| | 2014 | 2015 (prel.) | % Change | 2016 (est.) | % Change |
|---|---|---|---|---|---|
| كۆی تێچووی كارەبا | 3,310 | 3,224 | -3% | 1,798 | -44% |
| كۆی داهاتی كۆكراوە | 242 | 303 | 25% | 368* | 22% |
| **كۆی كورتهێنان (-) زیادهێنان (+)** | **-3,068** | **-2,921** | **-5%** | **-1,430** | **-51%** |
| **نیشاندەرەكانی ئەدا** | | | | | |
| تێكرای دابینكردن (بە مێگاوات) | 2,197 | 2,269 | 3% | 2,2978** | 1% |
| تێكرای Average load-shedding (hours/day) | 3.03 | 0 | 81% | 7.28 | 35% |

سەرچاوە: وەزارەتی كارەبای حكومەتی هەرێمی كوردستان

تێبینی: ژمارە بەراییەكان و خەمڵاندنەكان نوێدەكرێنەوە كاتێك وەزارەت ژمارە كۆتاییەكانی بڵاوكردەوە.

* خەمڵاندنی 70 لەسەت تا 2015 بەڵام كۆكردنەوەی راستەقینە بۆ 2016 لەوانەیە نزمتر بێت.

** وزەی بەرهەمهاتوو لە وێستگەكان. جگە لە 219 مێگاواتی دابینكراو بۆ كەركوك و موسڵ.

1.44 **حكومەتی هەرێمی كوردستان پێشكەوتنی بەدیهێناوە لە گواستنەوە لە بەكارهێنانی گازی شل بەرەو بەكارهێنانی گازی سروشتی.** حكومەت بەكارهێنانی گازی شلی كەمكردۆتەوە لەرێگەی بەكارهێنانی تۆربایینی داخراوەوە. خشتەی 1.4 كەمبوونەوەی بەكارهێنانی گازی شل و زیادبوونی بەكارهێنانی گازی سروشتی و سووتەمەنی قورس نیشان دەدات. لە 2016 بەكارهێنانی گازی شل لە وێستگەكانی كارەبا بەڕێژەی 17 لەسەر دابەزی، لە 2.335.169 كیلۆ-لیتر بۆ

399.456 کیلۆ-لیتر. لە ئەنجامدا تێچووی گاز بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا دابەزی لە بڕی 1.7 ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ 133.2 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

**خشتەی 1.4: هەرێمی کوردستان: سووتەمەنی بەکارهاتوو لە وێستگەکانی کارەبا و تێچووی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا**

| | 2013 | 2014 | 2015 (prel.) | 2016 (est.) |
|---|---|---|---|---|
| **بەکارهێنانی سوتەمەنی لە وێستگەکانی کارەبا** | | | | |
| گازی شل (کیلۆ-وات) | 2,084,718 | 2,549,399 | 2,335,169 | 399,456 |
| HFO (Tons) | 240,092 | 226,710 | 176,247 | 361,227 |
| گازی سروشتی(mmcfs) | 123,932 | 125,631 | 134,579 | 139,080 |
| **تێچووی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا (ملیۆن دۆلار)** | | | | |
| گازی شل | 1,509.1 | 1,901.2 | 1,665 | 133.2 |
| HFO | 42 | 39.7 | 28.2 | 72.3 |
| گازی سروشتی | 432.3 | 438.3 | 469.5 | 346.1 |
| کۆ | 1,983.4 | 2,379.2 | 2,162.7 | 551.6 |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

1.45 **کومەتی هەرێمی کوردستان تەکنەلۆجیای وزە-کاریگەر بەکاردەهێنێت.** هەنگاو بەهەنگاو توانای دامەزراوە گوێزراوەتەوە لە تۆربایینی کراوەوە بۆ تۆربایینی داخراو. خشتەی 1.5 نیشانی دەدات کە بەکارهێنانی تۆربایینی کراوە دابەزیوە لە 2.640 میگاوات لە 2015 بۆ 1.640 مێگاوات لە 2016، لەکاتێکدا کە بەکارهێنانی تۆربایینی داخراو دووقات بەرزبۆتەوە لە 1.480 مێگاوات بۆ 2.960 مێگاوات.

خشتەی 1.5: هەرێمی کوردستان: توانای دامەزراوە لە کەرتی کارەبا (مێگاوات)

| | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 |
|---|---|---|---|---|
| کۆی توانای دامەزراو | **3,886** | **4,526** | **5,057** | **5,537** |
| تۆربایینی کراوە 1 | 3,000 | 3,640 | 2,640 | 1,640 |
| تۆربایینی داخراو 2 | - | - | 1,480 | 2,960 |
| گازی شل (جێنەرەیتەری بچووک) | 87 | 87 | 87 | 87 |
| HFO | 150 | 150 | 201 | 201 |
| Hydro | 649 | 649 | 649 | 649 |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان

تێبینی: 1/ لە 2016، 1000 مێگاواتی تۆربایینی کراوە ماوە لە دهۆ و 640 مێگاوات لە خورمەڵە ماوە.

2/ لە 2016 وێستگەکانی هەولێر و سلێمانی 1480 مێگاوات کارەبای تۆربایینی داخراویان هەبووە

1.46 **جەختی هەنووکەیی حکومەت لەسەر زیادکردنی داهاتەکانە. هەموارکردنی کرێ و رسومات بۆ بەکاربەرانی پیشەسازی لە ساڵی 2016دا کاراکرا.** بەڵام هێشتا ئەدای داهات زۆر نزمە، ئاستەنگی بۆ دروست بووە بەهۆی زۆری بەفیرۆچوونەوە (هەروەها دزیی) و لاوازی کۆکردنەوەی کرێکان. حکومەت دەخوازێت لە ساڵی 2017دا دۆخەکە باشتر بکات، لەرێگەی پرۆگرامی دانانی پێوەری زیرەك و باشترکردنی دانانی کرێ و کۆکردنەوەی. هەروەکا کرێکان هەمواردەکرێنەوە.

1.47 **پلانی چاکسازی مەودا ناوەندیی ئامانجی بەرەوپێشبردن و راگرتنی کوالێتی خزمەتگوزارییەکەیە بۆ هەموو بەکاربەرانی کارەبا، لەڕێگەی گواستنەوە بۆ چوارچێوەیەکی مۆدێرنی دامەزراوەیی و یاسایی.** کە: (1) جیاکردنەوەی روونی بەرهەمهێنان لە گواستنەوە و دابەشکردن؛ (2) بەهێزکردنی رێکارە یاساییەکان و بەرپرسیارێتی؛ (3) هاندانی بەشداریی و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە چالاکییەکانی گواستنەوە و دابەشکردن. ئەم گواستنەوەیە واتا کرێکان رەنگدانەوەی تێچوو دەبن و گروپە هەژارەکان پارێزراو دەبن بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان. ئامانجی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیابوونە لەوەی کە بەکاربەر خزمەتگوزاری کارەبای باشتری پێدەدرێت، بەبێ تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵپشتی هەمەکیی یان بەشەکیی لەلایەن حکومەتەوە.

1.48 **پرۆگرامی هاوکاری تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی گرنگە بۆ ئاشنابوون بە ئاستەنگەکانی کەرتی کارەبا و پێشنیارکردنی رێگەچارە.** تیمی بانکی نێودەوڵەتی رەشنووسی یەکێك لە سێ راپۆرتیان تەواوکردوە: 1) توێژینەوە لەسەر بەشداری کەرتی تایبەت لە گواستنەوەی کارەبا؛ 2) رێگەکانی چاکسازی دابەشکردن و باشکردنی ئەدا؛ 3) توێژینەوە لەسەر چاکسازی تێچووی خزمەتگوزاری و کرێی کارەبا. هاوکات تیمی بانکی نێودەوڵەتی ( Computable General Equilibrium (CGE) Model) ئەنجام دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئابووری کەمکردنەوەی پاڵپشتییەکانی سوتەمەنی و وزە. پاڵپشتی لەبواری پەیوەندییەکان پێکهاتەیەکی گرنگی هاوکاری تەکنیکی کەرتی وزەیە. بەپێی پێکهاتەی پەیوەندییەکان، شرۆڤەیەکی بەرایی لایەنە پەیوەندیدارکان و پلانی کاری هەنووکەیی پێشکەش کراون. راوێژمان کردوە کە ستراتیژی پەیوەندییەکان و بڵاوکردنەوەی پەیامەکان دەستبەجێ جێبەجێ بکرێت، واتا پەیامە سەرەکییەکان کە جەخت دەخەنە سەر تێچووی دارایی و دادوەریی پاڵپشتییەکان و پەیوەندییان بە کوالێتی خزمەتگوزاری کارەباوە.

1.49 **بەشداری کەرتی تایبەت دەستپێکردوە لەرێگەی پرۆگرامی بەرهەمهێنانی کارەبا بە هاوبەشی گشتی-تایبەت، کە ئەنجامی باشی هەبووە.** ئەمە بۆتە هۆی باشترکردنی بەردەستبوونی وزە لە 500 مێگاواتەوە لە 2005 بۆ زیاتر لە 5000 مێگاوات لە 2015. وەزارەتی کارەبا هاوبەشیی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای تایبەت بۆ دروستکردنی چەند بەشێکی هێڵەکانی گواستنەوە. بەڵام هێشتا نزیکەی 568 ملیۆن دۆلاری تر پێویستە بۆ تۆڕە گرنگەکانی ( high voltage). بەپێی توێژینەوەیەکی کۆمەکراو لەلایەن هاوکاری تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی، حکومەت ئێستا لێکۆڵینەوە دەکات لە بژاردەکانی بەشداری کەرتی تایبەت لە دابەشکردنی وزە. لەئێستادا، بەرهەمهێنەری سەربەخۆی وزە بەپێی گرێبەستی دوولایەنە رێکخراون. وەزارەتی کارەبا گفتوگۆی دەستپێکردوە لەسەر پەیکەری ئەم کەرتە، پێویستی زیادکردنی بەشداری کەرتی تایبەت و چاکسازی هەمەلایەن.

## IX. کەرتی کشتوکاڵ

1.50 **لە ساڵی 2016 بەربومی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد.** خشتەی 1.6 ئاستی بەروبومە کشتوکاڵییەکان نیشان دەدات لەماوەی سێ ساڵی رابوردودا. بە بەراورد بە پێداویستییەکانی هەرێم. هەندێك بەروبومی بنەڕەتی بەرزترین پلەی بەرهەمهێنانیان تۆمارکرد. بۆ نموونە، بەرهەمهێنانی گەنم لەنێوان 2014 و 2016 دوو قات زیادیکرد و ئاستی پێداویستییەکانی هەرێمی تێپەڕاند. بەشێك لە هۆکاری ئەم سەرکەوتنەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیانی هەرێم کە دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکان و ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی. بەهۆی قەیرانی داراییەوە، 4 لەسەتی دانیشتوانی شارەکان کاریان لەدەستداوە و گەڕاونەتەوە بۆ کارکردن

لە کەرتی کشتوکاڵ. هاوکات وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەستیکردوە بە وەرگرتنی باج لە بەرهەمی دەرەکیی. لە ئەنجامدا بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ دەتوانن کێبەرکێ لەگەڵ بەرهەمی کشتوکاڵی تورکی و ئێرانی بکەن.

**خشتەی 1.6: هەرێمی کوردستان: بەروبومی کشتوکاڵی، 2014 – 2016 (بە تەن)**

| بەروبوم | بەرهەم (2014) | بەرهەم (2015) | بەرهەم (2016) | پێداویستی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| گەنم | 844,585 | 1,097,427 | 1,686,784 | 650,000 |
| گۆشتی مریشک | 69,568 | 81,513 | 99,738 | 128,000 |
| هێلکە | 48,200 | 48,611 | 15,400 | 48,000 |
| گۆشتی سوور | 66,000 | 68,000 | 71,500 | 77,126 |
| شیر | 226,128 | 25,200 | 260,000 | 439,192 |
| تەماتە | 64,782 | 60,772 | 86,205 | 133,736 |
| پەتاتە | 123,334 | 150,383 | 276,104 | 80,340 |
| پیاز | 59,491 | 47,501 | 61,497 | 58,258 |
| باینجان | 21,584 | 21,948 | 42,514 | 37,466 |
| کولەکە | 15,778 | 16,630 | 20,798 | 17,267 |
| خەیار | 58,656 | 66,442 | 56,607 | 169,069 |
| سەوزەی تر | 131,393 | 140,060 | 126,200 | 146,641 |
| سێو | 7,006 | 16,806 | 4,078 | 52,332 |
| ترێ | 6,486 | 11,451 | 15,690 | 65,038 |
| هەنار | 21,419 | 24,851 | 19,807 | 65,304 |
| خۆخ | 9,245 | 9,707 | 4,106 | 18,472 |
| میوەی تر | 6,768 | 16,445 | 10,635 | 58,055 |
| ماسی | 2,175 | 4,000 | 4,730 | 6,000 |
| هەنگوین | 800 | 853 | | 1,490 |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2017

1.51 **وەزارەتی کشتوکاڵ ئەولەویەت دەدات بە پاڵپشتی جوتیاران.** پێویستە ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی پاڵپشتی جوتیاران بریتی بن لە: فرەییکردنی بەروبومە کشتوکاڵییەکان، دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ و ئەگەری هەناردەکردن، زیادکردنی بڕشت بۆ ئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کشتوکاڵیەکان و بەرەوپێشبردنیان تا بتوانن بەردەوامیان هەبێت، هەروەها بەستنەوەی جوتیاران بە زنجیرەی دابینکردنی خۆراکەوە.

## X. سەرچاوەکانی ئاو

1.52 **حکومەت پێشکەوتنی بەدیهێناوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی چارەسەرکردنی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەولێر و سلێمانی.** حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی قەرزی بە بەهای (34.8 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) ئەنجامدا لەگەڵ دامەزراوەی بانکیی بەریتانی ((UK Export Finance (UKEF)، بەمەبەستی داراییکردنی قۆناغی یەکەمی گرێبەستی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ئەندازیاری ئاوی بەریتانی (Biwater) بۆ بەرەوپێشبردنی ژێرخانی کەرتی ئاو. وەك بەشێك لە پرۆژەکە، کارگەی چارەسەرکردنی ئاو لە هەولێر دروست دەکرێت بەتوانای (600,000 مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا)، هەروەها سلێمانی سوودمەند دەبێت لە نوژەنکردنەوەی کارگەی چارەسەرکردنی ئاو و دروستکردنی ڕێککارەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ و کارگەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی ڕەق.

1.53 **پرۆژەکە دیزاین کراوە بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی ئێستا لەسەر ژێرخان و کەمکردنەوەی وابەستەیی هەرێمی کوردستان بە یەدەگی دەگمەنی ئاوی ژێرزەوییەوە.** قۆناغی داڕشتنی پرۆژەکە، پێکدێت لە هەموو ڕووپێوە پێویستەکان،

**هەڵسەنگاندنی کاریگەری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دیزاینی ورد. ئەم قۆناغە 6-12 مانگ دەخایەنێت.** ئەمە یەکەم جارە حکومەتی بەریتانی قەرزی راستەوخۆی پێشکەش کردوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی ژێرخانی کەرتی ئاو. حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکات، قەرزەکە رێخۆش بکات بۆ راکێشانی سەرمایەی زیاتر لە قۆناغەکانی داهاتوودا، لەم بوارەدا (J.P. Morgan) وەك رێکخەر کاردەکات لەجیاتی (UKEF) و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم قەرزە ئەنجامیە واژۆکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنە لەنێوان حکومەتی بەریتانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2014.

## XI. چاکسازییەکانی کەرتی گەشتوگوزار

1.54 **حکومەت پلانی ستراتیژیی گەشتوگوزاری پەسەندکردوە و دەستیکردوە بە جێبەجێکردنی،** لەرێگەی بەرەوپێشبردنی دەستەی گەشتوگوزار، بەکارهێنانی هەوڵەکانی بەبازاڕکردن، کۆکردنەوەی داتا، دروستکردنی سەنتەری راهێنان، پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت. دەستەی گەشتوگوزار پێشکەوتنی گەورەی بەدیهێناوە لە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان، لەوانە دانانی دڵنیایی جۆریی بۆ بەرەوپێشبردنی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گەشتوگوزار و دابینکردنی رێنمایی باشتر بۆ کۆمپانیاکانی گواستنەوە. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بایەخ دەدات بە چاکسازی یاسایی و ئاسانکاری بۆ کارەکانی کەرتی تایبەت. وەزارەت کۆمەڵێك ئامانجی ستراتیژیی دیاریکراوە: 1) پتەوکردنی رۆڵی ستراتیژیی داڕشتنی سیاسەتەکان و هاندانی چالاکییەکانی گەشتوگوزار، بەمەبەستی نوێکردنەوەی کەرتی گەشتوگوزار و بەرزکردنەوەی توانای کێبەرکێی ئەم کەرتە، بەهاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت؛ 2) داڕشتن و بەڕێوەبردنی ستراتیژیی بەبازاڕکردن لەرێگەی میدیاوە بۆ شوێنە گەشتیارییە سروشتیی، مێژوویی، ئاینیی و کولتورییەکان؛ 3) پێداچوونەوە بە پەیکەری رسومات و کرێکانی ئێستا و هەڵسەنگاندنی زیادکردنیان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی داهاتە کەمەکانی ئەم کەرتە. وەزارەت و دەستەی گەشتوگوزار، پێویستیان بە پاڵپشتی حکومەت دەبێت بۆ جێبەجێکردنی پلانی گەشتوگوزار. هاوکات پێویستیان بە یارمەتی حکومەت دەبێت بۆ جێبەجێکردنی چوارچێوەی ئامارییی (satellite account) و راهێنانی کارمەندان. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئامارە گەشتیارییەکان.

1.55 **وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەو بڕوایەدا کە شوێنەوارەکان سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی داهاتن.** وەزارەت هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە ئەکادیمییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان بەشێوەیەکی ستاندار رێکبخات، هەروەها بەدوای سەرچاوەی نوێی داهاتدا بگەڕێت. وەزارەت ئەمانەی خوارەوەی وەك هەنگاوەکانی داهاتوو دیاریکردوە: 1) دانانی پلانێك بۆ هاندانی کەلەپور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و گفتوگۆکردن لەسەر گرنگیی کولتور، دۆخی شوێنەوارە کولتورییەکان و ئاراستەی پێویست بۆ پەرەپێدانیان؛ 2) دانانی کۆمەڵێك بروانامە و رێنمایی ستاندارد، بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندیی و هاوکارییەکان لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان؛ 3) لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزاریەکانی تر کە بەها زیاد دەکەن و دەکرێت پێشکەش بکرێن بە گەشتیاران لە شوێنەوارە گرنگەکان، ئەمەش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام بدرێت تا داهات زیاتر بکات.

1.56 **ژمارەی گەشتیاران و داهاتی کەرتی گەشتیاری لە ساڵی 2016دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە.** داهاتی گەشتیاری پێنج قات زیادیکردوە، لە 1.1 ملیار دینار لە 2015 بۆ 5.6 ملیار دینار لە 2016. سەرەڕای شەڕ لە ناوچەکە و بە بەراورد بە ساڵی پێشتر، لە ساڵی 2016 ژمارەی گەشتیار بەڕێژەی 84 لەسەت زیادیکردوە. لە ساڵی 2016 ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردوە لە ناوچەکانی عێراقەوە، 1.250.000 کەس بوون.

# 2 ئەو وانانەی فێریان بووین لە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان: کەموکوڕییەکان چی بوون؟

بەگشتی ساڵی یەکەمی "قۆناغی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری" سەرکەوتوو بوو و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەستکەوتی گەورەیان بەدیهێناوە، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی لە ناوەندی جەنگ، قەیرانی مرۆیی، دارایی، سیاسییدایە. بەڵام هەرێم ئەزموونی هەندێك کەموکوڕی کرد لە بواری چاکسازییە بونیادییەکان (پەیکەرییەکان) و هەندێك فاکتەری نێگەتیف هەیە پەیوەست بە هەندێك لە کەرتەکان. ئەم بەشە پوختەیەکە لەسەر بەربەست و کەموکوڕییەکان و پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنیان.

**2.1 شەرێگەی چاکسازی ئابوری پێویستی بە کارکردنی زیاترە لە ئاستی ناوخۆدا بەشێوەیەکی لامەرکەزی.** لەئێستادا، چاکسازییەکان لە ئاستی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان ئەنجام دەدرێن. گرنگە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان شۆڕبکرێنەوە بۆ ئاستی دەسەڵاتە خۆجێییەکان. حکومەت پێویستی بە راوێژ هەیە لە بواری لامەرکەزییەتی کارگێڕیدا. لایەنە پەیوەندییدارەکانی ئاستی خۆجێی پێویستیان بە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان هەیە، دەسەڵاتە خۆجییەکان پێویستیان بە رێنمایی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەیە بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی ئابوری دیاریکراو لەئاستی ناوخۆدا.

هەندێك رێککاری کەمکردنەوەی خەرجی بوونە هۆی ئەنجامی نەخوازراو: ئەو سیاسەتە نوێیانەی زیانیان بە کەرتی تایبەت یان گروپە کەمدەستەکان گەیاندوە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

**2.2 رێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجی پاشەکەوتی موچەی لەخۆگرتوە، بەبێ مامەڵەکردنی ریشەیی لەگەڵ کێشەکانی خزمەتی مەدەنی.** پاشەکەوتی موچە[3] پاراستنی دارایی خێرا بۆ حکومەت دەستەبەر دەکات، بەڵام هێشتا هەندێك کێشەی بونیادیی لە کاری گشتیدا چارەسەر نەکراون. پێویستە حکومەت پرۆگرامی چاکسازی خزمەتی مەدەنی دەستپێبکات. پێویستە چاکسازی گەورە بکرێت لە تیچووی موچە و خزمەتگوزارییەکاندا، تا هۆکارە ریشەییەکانی گەورەیی قەبارەی هێزی کاری گشتیی چارەسەر بکرێت. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجییە بێ کاریگەرییەکان و هاندانی دوورکەوتنەوە لە کار لە کەرتی گشتیی. لەئێستادا قەبارەی هێزی کاری کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان توانای بەردوامیی نییە. زۆر کارمەندی کەرتی گشتی راهێنان و کارامەیی پێویستیان نییە بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت. بەرهەمداری نزمە و هاندەری ئەدا لاوازە. حکومەت پێویستی بە پرۆگرامی چاکسازی کەرتی مەدەنی هەیە. پێویستە کۆمسیۆنی خزمەتی مەدەنی دروست بکرێت، بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی خزمەتی مەدەنی. پێویستە چاکسازییەکان پێداچوونەوە بکەن بۆ کارەکان، دەسەڵاتەکان، رێکخستن و دامەزراندن لە بەشە سەرەکییەکان و کۆمپانیا و دامەزراوە حکومییەکان. پێویستە حکومەت قەبارەی هێزی کار لە هەموو وەزارەتەکان و دامەزراوە و کۆمپانیا حکومییەکان راستبکاتەوە. گرنگە پێوەرەکانی دامەزراندن، سیستمی پلەبەرزکردنەوە و رێککارەکانی لەسەرکارلادان بەرەوپێش ببرێن. هاوکات گونجاوە جیاکردنەوەیەکی دادوەرانە هەبێت لەنێوان قەرەبووکردنەوە بەرامبەر وازهێنان و خانەنشینی خۆبەخشانە، بۆ ئەو کارمەندانەی دەخوازن وازبهێنن. پێویستە کۆمیسیۆنی خزمەتی مەدەنی پێداچوونەوە بکات بە چوارچێوەی بەرزکردنەوەی ئەدا. هاوکات گرنگە راهێنان دابین بکرێت بۆ کارمەندانی کەرتی گشتی، تا کارامەییەکان گونجاو بن لەگەڵ خواستەکانی کەرتی تایبەت.

---

[3] وەک بەشێک لە رێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجی لە سەرەتای 2016، حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی پاشەکەوتی موچەی جێبەجێکرد. ئەم پرۆژەیە پاشەکەوت لە موچەی فەرمانبەران دەکات بەڕێژەی 25 تا 75 لەسەت، کە بڕیارە لە کاتێکی نادیاردا بدرێنەوە. ئەم پرۆژەیەی پاشەکەوتی موچە رەچاوی کێشە سەرەکییەکانی کاری نەکرد، بەڵکو بۆتە هۆی کەڵەکەبوونی قەرز. ئێستا حکومەت پێداچوونەوە دەکات بۆ پرۆژەکە، بەمەبەستی دەستکاریکردنی.

**2.3 چۆن داهاتەكان بەڕێگەی دروست زیادبكەین؟** هەندێك لە ڕێككارەكانی كەمكردنەوەی خەرجی، كاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر پەرەپێدانی كەرتی تایبەت — پێویستە ئەمانە پێداچوونەوەیان بۆ بكرێت. بۆ نموونە، زیادكردنی رسومات لەسەر كەرتی تایبەت، وەك بەشێك لە ڕێككارەكانی كەمكردنەوەی خەرجی، كاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لەسەر ژمارەی كۆمپانیای تازە كە دێنە بازاڕەوە. زیادكردنی نرخی زەوی، رسوماتی مۆڵەت بۆ پیشەسازییەكان، كرێی كارەبا، نرخی سوتەمەنی، زیان بە پرۆژە پیشەسازییەكان دەگەیەنن. هەروەها نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەكان ئاكامی نەخوازراوی لێدەكەوێتەوە. بۆ نموونە، وەزارەتی شارەوانی كرێی زەوی تەرخانكراوی بەرزكردۆتەوە، بەبێ ڕاوێژكردن لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی. هەموو ئەم ڕێككارە تازانە، كاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر كەرتی تایبەت، بەتایبەتی ڕێژەی سوودی قەرز كە لەنێوان **10-12** لەسەتە. پێویستە حكومەت بەگەڕخستنی داهاتەكان بەشێوەیەكی هاوسەنگ ئەنجام بدات، بەبێ زیان گەیاندن بە گەشە بە رابەرایەتی كەرتی تایبەت. پەیكەری كرێ و پێكهاتەی باج و روسوماتی نوێ پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، بۆ بڕیاردان لە سیستەمی باجی گونجاو بۆ هەرێمی كوردستان. پێویستە وەزارەتی دارایی سەرەتا خەملاندن بكات بۆ كاریگەری ڕێككارەكانی زیادكردنی داهات، بۆ ئەوەی هەژاران و كەمدەستەكان زیانیان پێنەگات. هاوكات پێویستە حكومەت كار لەسەر لایەنی دامەزراوەیی بكات، بۆ بەهێزكردنی كۆنترۆڵ و كەمكردنەوەی پێشێلكاری و زیادكردنی پابەندبوون.

**2.4 پاشەكەوتەكان لە ڕێككارەكانی كەمكردنەوەی خەرجی لە چیدا بەكاربهێنرێن؟** سەرەڕای مامەڵەكردن لەگەڵ قەیرانی مرۆیی بەپەلە بەهۆی شەڕ لە ناوچەكە، پێویستە داهاتەكانی حكومەت تەرخان بكرێن بۆ خەرجییە ناوخۆییەكان لە بوارە بەرهەمدارەكاندا، كە دەبنە هۆی زیادبوونی داهات. پێویستە پاشەكەوتەكان ئاراستەی وەبەرهێنانی گشتی بكرێن لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەكاندا. پێویستە حكومەت خەرجی ناكارا و ناكاریگەر نەهێڵێت و لابردنی پاشەكەوتەكان بەپێی ڕێنمایی سیاسەتی مەودای ناوەندی بێت لە چوارچێوەی سیاسەتی داراییدا، كە مەبەستی بەدیهێنانی گەشەی بەردەوام داڕێژرابێت. بۆ ئەوەی زۆرترین كاریگەرییان هەبێت، خەرجییە گشتییەكان دەبێت بگوجێنرێن لەگەڵ ئەولەویەتەكانی پەرەپێدانی نیشتیمانی و ئامانجەكانی كەمكردنەوەی هەژاریی. ئەمە دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی ئاراستەی ستراتیژی و گونجاندنی خەرجی گشتی. سیاسەتە ئابوورییەكان دەبێت ببەسترێنەوە بە بڕیاردان لەسەر تەرخانكردنی سەرچاوە راستەقینەكان. هاوكات حكومەت دەتوانێت رەچاوی دەركردنی ڕێسای دارایی بكات بۆ ڕێكخستنی پابەندبوونی پێویستی بۆ مەودای ناوەندیی. بەپێچەوانەوە لەوانەیە مەترسی پشتگوێخستنی سیاسەتە باشەكانی دارایی هەبێت، كاتێك دۆخی دارایی ئاسایی دەبێتەوە. گرنگە ڕێككار و پابەندی گونجاو هەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەی كە ستراتیژە مەودا ناوەندییەكان بەردەوامیان دەبێت. پێویستە حكومەت بەشی زۆری خەرجییەكانی تەرخان بكات بۆ ئەولەویەتەكانی وەبەرهێنان لە ئاستی لامەركەزیدا و لەڕێگەی بەشداری كەرتی تایبەت بۆ دروستكردنی دەرفەتی كار لەسەر ئاستی ناوخۆ. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حكومەت بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی بەهێزبكات لەگەڵ دامەزراوە و سیستمی پتەو و ڕێككای گونجاو بۆ بەرەوپێشبردنی تواناكانی جێبەجێكردنی پرۆژە گرنگەكانی وەربەرهێنان. پێویستە دڵنیایی بكرێت لەوەی كە سەرچاوە پارێزراوەكان بۆ وەبەرهێنان، بەڕاستی لە ژێرخانی پێویستدا خەرج دەكرێن، كە توانای گەیاندنی سوودیان هەیە بە دانیشتوان لە مەودای نزیك و دووردا. ڕێگەی تری بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەكان بەشێوەیەكی كاریگەر سوودی كورت مەودایان دەبێت، لەكاتێكدا كە ستراتیژی بەڕێوەبردنی داهات جێبەجێ دەكرێت.

## هێشتا پێشكەوتن بەدینەهاتووە لە دانانای ئەركە سەرەكییەكانی وەزارەتی دارایی و ئابوری: دانانی سیاسەتی نەختینە و بەڕێوەبردنی دارایی و نەختینە

**2.5 چاكســـــازییە بنەڕەتی و گرنگەكانی وەزارەتی دارایی و ئابوری دواكەوتوون. لە 2015**، حكومەتی هەرێمی كوردســــــتان، گرێبەسـتی لەگەڵ كۆمپانیای راوێژكاری (**Inventis**) كردوە، لەســەر پرۆگرامێكی سێ قۆناغی چاكسازی كە دەبێتە ئەولەویەت بۆ بونیاتنانی تواناكانی وەزارەت بۆ بەڕێوەبردنی ســیاســەتی دارایی. ئەولەویەتە ســەرەكییەكان بریتی بوون لە دروســتكردنی ســــیاســــەتی وردە دارایی، تا وەزارەت بتوانێت چوارچێوەی دارایی مەودا ناوەندیی دابنێت، بۆ ڕێنماییكردنی ســــیاســــەت و بەڕێوەبردنی دارایی، كە زۆر پێویســــتە بۆ بەڕێوەبردنی دروســــتی ئابوری. بەڵام پاش دوو ســـــاڵ، لە مایس **2017**، هەردوو

چاکسازییە گرنگەکە هێشتا ئەنجام نەدراون، ئەگەرچی کاتی تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی پرۆگرامەکەی وەزارەت تشرینی یەکەم 2016 بوو. هاوشـێوە، دەرکردنی ڕێنمایی بۆ بودجەی سوڕاوە هێشـتا بەدینەهاتووە بەپێی قۆناغی یەکەم. هەندێك پێشکەوتن هەبوو لە ژێرخانی تەکنەلۆجیای ئەلەکترۆنی و خزمەتگوزارییەکان بەمەبەســـــتی دوورکەوتنەوە لە کاری دەســــتیی، بەڵام کارەکانی چاکسازی لە بواری سیاسەت و بەڕێوەبردنی دارایی هێشتا تەواو نەکراون.

**2.6 نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاری کۆمەڵێك ئەولەویەتی کردبوو، وەك دروستکردنی یەکەی ماکرۆ و چوارچێوەی دارایی کە گرنگن بۆ بەڕێوەبردنی دارایی.** بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی قەیرانی دارایی و پرۆسەی نادیاری بودجە، پێویستە پلاندانانی مەودا ناوەندیی خەرجییەکان دابڕێن خەملاندنە کورت مەوداکانی داهات. ئەمە پێویستی بە چوارچێوەی دارایی مەودا ناوەندیی دەبێت، بۆ ڕێنماییکردنی بڕیارە داراییەکانی ئەنجومەنی وەزیران. پێویستە ئەم چوارچێوەیە لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بێت. چوارچێوەکە پێویستە دڵنیایی بکات لە کواڵیتی و بەردەوامیی ئاستەکانی خەرجیی، لەڕێگەی دڵنیاییکردن لەوەی کە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بودجەی پێویستیان بۆ دابین دەکرێت و بەپێی پلان تەواو دەکرێن، نەك تەواوکردنیان بوەستێتە سەر هەڵبەزودابەزی داهاتەکانی نەوت. چوارچێوەی دارایی مەودا ناوەندیی وێنەیەکی روونتر دەخاتە بەردەستی حکومەت لەسەر بەستەی سەرچاوەکان لە مەودای ناوەندیدا. ئەمە هاوکات یارمەتی حکومەت دەدات باشتر قەرزەکان بەڕێوەببات.

**2.7 لەئێستادا ئەنجومەنی وەزیران بەڕوونی ئامانجە داراییەکانی نابینێت، بەهۆی دواکەوتنی چاکسازییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابوری.** پێویستە وەزارەتی لەڕێگەی چوارچێوەی وردەئابوری (ماکرۆئیکۆنۆمیك)، پلانە فراوانەکانی پەرەپێدان ببەستێتەوە بە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی ئابورییەوە. ئەمە دڵنیایی دەکات کە خەرجییەکان، داهاتەکان و قەرزە بەئامانجکراوەکان تەبادەبن لەگەڵ گەشەی بەئامانجکراو وەك بەشێك لە چوارچێوەی دارایی مەودا ناوەندیی. حکومەت دەتوانێت ئامانجی مەودا ناوەندی دابنێت بۆ موچە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی کواڵیتی و کارایی ڕێککارەکانی کەمکردنەوەی خەرجی. بەستنەوەی ستراتیژی کەرتەکان بە سەرچاوەکانەوە زۆر گرنگە. پێویستە وەزارەتی دارایی سیاسەت و دامەزراوە دابنێت بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەرزبوونەوە و دابەزینی نرخ. پێویستە سیناریۆکانی نرخ و بڕی بەدیل دابنرێن بکرێنە بەشێك لە چوارچێوەی دارایی مەودا ناوەندیی، بەم شێوەیە دەکرێت خەملاندن بکرێت بۆ جووڵەی سەرچاوەکان و ئاستەنگەکانی پرۆسەی بودجە کەمبکرێنەوە. لەئێستادا لە هەرێمی کوردستان خەملاندن نییە بۆ بەستەی سەرچاوەکان، تەنها بۆ بودجەی وەبەرهێنان هەیە. لەکاتێکدا ئەمە بەهۆی نەبوونی چوارچێوەی دارایی مەودا ناوەندییەوە، بەڵام هاوکات بەهۆی نەبوونی پرۆسەیەکی دروستی بودجەسازییەوەیە.

**2.8 هەنگاوێکی گرنگ بریتییە لە چاککردنەوەی بودجە و ژمێرەی ساڵانە.** لەئێستادا پرۆسەی بودجەی ساڵانە نییە لە هەرێمی کوردستان. هیچ بودجەیەك ئامادە نەکراوە لە سێ ساڵی رابوردودا. بناغەی سیستمێکی بەهێزی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی لەهەر وڵاتێك، بریتیە لە ئامادەکردنی خەملاندنەکانی بودجە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و پێشکەشکردنی بە دەسەڵاتی یاسادانان بۆ پەسەندکردن، هەروەها پێشکەشکردن ژمێرە و ڕاپۆرت لەکاتی گونجاودا و بڵاوکردنەوەیان. لەم ساڵانەی دواییدا، ڕێساکانی بودجەی فەرمی پەراوێزخراون و شێوازی نافەرمی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی بەربڵاوە. کاتێك، کە بۆ ماوەیەکی درێژ بودجەی ساڵانە پەسەند ناکرێت، هەموو شتێك لە دەرەوەی بودجە دەبێت و سیستمی چاودێری و کۆنترۆڵ تێکدەشکێت. هەنگاوی یەکەمی پێویست بۆ هەرێمی کوردستان بریتییە لە دانانەوەی بودجە و ژمێرەی ساڵانە، لەسەر بنەمای دەسەڵاتی یاسایی بۆ خەرجکردن، کە لەم رووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسیارێتی دەستوریی لەئەستۆیە. پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابوری هەموارکردنە داراییەکان تەبا بکات لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی، سەرەتا بە چاککردنەوەی پرۆسەی بودجەی ساڵانە و پەسەندکردی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمەوە، ئەمەش بەمەبەستی چاککردنەوەی بازنەی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە، کە دەکرێت لەسەر ئەمەوە کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی دارایی، پێشکەشکردنی ڕاپۆرت، گرێبەستە گشتییەکان، ژمێرە

و چاودێری دەرەکیی بونیات بنرێن. پاش چاککردنەوەی پرۆسەی بودجەی ساڵانە، دەکرێت جەخت بخرێتە سەر بەرەوپێشبردنی کواڵیتی بودجەکان. نەبوونی دڵنیایی بودجەیی، دەبێتە هۆی سەختکردنی کاری وەزارەتەکان تا بەشێوەیەکی کارا پلان دابنێن و پرۆگرامەکانیان جێبەجێ بکەن کە لەسەر بنەمای سیاسەت دانراون نەك پرۆژەی دابڕاو بن.

## لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا، پێویستە جەخت بخرێتە سەر دانانی سیستمی حکومڕانی بۆ ڕێگرتن لە کردارەکانی گەندەڵی پێش ئەوەی ڕووبدەن

**2.9 پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی دیوانی چاودێری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان.** دیوانی چاودێری دارایی وەك پێویست پەرەی پێنەدراوە و کارەکانی ناکات و پێویستی بە پرۆگرامی بەرزکردنەوەی تواناکان هەیە[4]. پێویستە دیوانی چاودێری دارایی بەرەوپێش ببرێت بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر ڕاگرتنی سیستمی کۆنترۆڵی ناوخۆیی و چاودێری دەرەکیی پاش جێبەجێکردنی بودجە. بۆ بەدیهێنانی شەفافیەت و ڕێگرتن لە گەندەڵی، دیوانی چاودێری دارایی پێویستی بە بەهێزکردن هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە بواری بودجەدا. وردبینی دەرەکیی دیوانی چاودێری دارایی پێویستی بە مۆدێرنیزەکردن هەیە، چونکە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە. یەکێك لە ئاستەنگەکان بریتییە لە پەیکەری دامەزراوەیی ناکارا. پێویستە شێوازەکانی وردبینی دیوانی چاودێری دارایی نوێبکرێنەوە، تا بگەنە ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان. پێویستە دیوانی چاودێری دارایی لەگەڵ دامەزراوە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان هەوڵ بدات تواناکانی بەرەوپێش ببات و زانیاری لەسەر شێوازە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان وەربگرێت. دیوانی چاودێری دارایی پێویستی بە پاڵپشتی تەکنیکی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان هەیە، بۆ کۆرسی ڕاهێنان لەسەر وردبینی و وردبینی ئەلەکترۆنی، هەروەها کارمەندانی پێویستیان بە بەرزکردنەوەی تواناکانیان هەیە.

**2.10 بۆ مۆدێرنیزەکردنی شێوازەکانی وردبینی دیوانی چاودێری دارایی، ژمارەیەك چاکسازی گەورە پێویستن.** چاکسازی وەك: **1**) بەرەوپێشبردنی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی، پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمان، یاسادانەران، جێبەجێکاران (حکومەت و دەسەڵاتە کارگێڕییەکان) بۆ زامنکردنی سەربەخۆیی و کاریگەریی دامەزراوەی وردبینی؛ **2**) بەرەوپێشبردنی پەیکەر و ڕێکخستنی حوکمڕانی دیوانی چاودێری دارایی بۆ توانادارکردنی دامەزراوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییەکانیان بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر؛ **3**) هەنگاو بەهەنگاو جێبەجێکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی دارایی، پابەندبوون و وردبینی ئەدا، لەگەڵ ڕێباز و میتۆدە پێویستەکان؛ **4**) بەرزکردنەوەی تواناکانی کارمەندانی هەموو ئاستەکان. هاوکات گرنگە وەزارەتی دارایی بەدواداچوون بکات بۆ ئەنجامەکانی دیوانی چاودێری دارایی و دڵنیایی کردن لەوەی کە ڕێوشوێنی ڕاستکردنەوە دەگیرێتەبەر. دیوانی چاودێری دارایی ئاشنایە بە لاوازییەکەی و داوای پاڵپشتی تەکنیکی دەکات لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ بونیاتنانی توانا دامەزراوەییەکان و مرۆییەکان لەم بوارانەدا: (**1**) کارامەییەکانی وردبینی لە بواری بەڕێوەبردنی دارایی گشتی؛ (**2**) وردبینی لێکۆڵینەوەی شایستەیی (دراسة جدوی)؛ (**3**) هەڵسەنگاندنی ئەدای دارایی؛ (**4**) وردبینی مامەڵەکانی کەرتی نەوت و گاز؛ (**5**) تواناکانی چاودێری و بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە.

## ژووری بازرگانی هەرێمی کوردستان لاوازە لە داکۆیکردن و لۆبیکردن و نوێنەرایەتی باشترین بەرژەوەندییەکانی کۆی کەرتی تایبەت ناکات

**2.11 لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت زۆر لاوازن و تواناکانیان سنووردارە بۆ داکۆیکردن و لۆبیکردنی کاریگەر.** ژووری بازرگانی و پیشەسازی ڕێکخراوی سەرەکیی چالاکی بازرگانییە لە هەرێمی کوردستان. پێویستە ئامانجی سەرەکیی ژووری بازرگانی بریتی بێت لە دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی تر و خزمەتکردن وەك لایەنی

---

A Strategy for Development – BSA-KRG-Iraq, UNDP, May 2013.[4]

داکۆیکار و لۆبیکار له هەرێمی کوردستان. لەئێستادا توانای نییە بۆ ئەنجامدانی شیکاری ئابوری و سیاسەتەکان، دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی کەرتی تایبەت و دانانی کاریگەری لەسەر رای گشتی و سیاسەتەکان. ژووری بازرگانی زۆر لایەنداره بەلای بازرگانییدا، پێدەچێت بەرزکردنەوەی توانا دامەزراوەییەکان ئامانجێکی لاوەکیی بێت. ئەمەش رەنگدانەوەی بالآدەستی بازرگانەکانە لەناو ئەندامەکانیدا. کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان باش رێکنەخراوە و هەماهەنگی پێویست نییە لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. ئەکتەرە سەرەکییەکانی کەرتی تایبەت گلەیی دەکەن لە نەبوونی پاڵپشتی حکومەت، بەلآم ژووری بازرگانی رۆڵی سەرکردایەتیەکی سەرکەوتوو دەگێرێت. بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت "رابەر" نییە، نە لە کەرتی تایبەت نە لە کەرتی گشتی. ئەمە ئەنجامی نەرێنی دەبێت لەسەر وەبەرهێنەری تایبەت و پێشەنگی بازرگانی.

**2.12 پەرەپێدانی کەرتی تایبەت یەکێکە لە ئەولەویەتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، بەلآم پێویستە "رابەر" هەبن لە کەرتی گشتی و لەناو حکومەت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.** لەسەر ئاستی جیهان، رێکخراوە بازرگانییە بەهێزەکان، وەك دامەزراوەی خۆبەرێوەبەر، رۆڵێکی گەورە دەگێرن لە بونیاتنانی کەرتێکی تایبەتی زیندوو. لە هەرێمی کوردستان، رێکخراوە بازرگانییەکان (لەگەڵ هاوبەشەکانیان لە حکومەت – وەك وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) دەتوانن ببنە رابەری پەرەپێدانی کەرتی تایبەت. هەنگاوە سەرەکییەکان بریتی دەبن لە: (1) گۆڕینی ژووری بازرگانی لە هەرێم بۆ رێکخراوێکی مۆدێرینی داکۆکیکردن و لۆبیکردن؛ (2) دیاریکردنی دامەزراوەی هاوبەشی حکومی؛ (3) هاندانی هاوکاری لەنێووان کەرتی گشتی و تایبەت و کۆمەڵی مەدەنی؛ (4) پتەوکردنی ئەخلاقی کار و بازرگانی. پاڵپشتی تەکنیکی گەورە پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە. ژووری بازرگانی ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی هاوبەشییە لەگەڵ ژووری بازرگانی و پێشەسازی سوید بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە هاوکارییە.

## پێویستە هەوڵەکانی بەفرەییکردن خێراتر بکرێن بۆ سوودگەیاندن بە دەرفەتە ئابورییە نەقۆزراوەکانی هەرێم

**213 نرخی بەرزی سووتەمەنی رێگرە لەوەی فرۆکەخانەی هەولێر ببێتە دەروازەیەکی هەرێمایەتی.** ئەگەر حکومەت نرخی سووتەمەنی لە فرۆکەخانە کەمبکاتەوە، ئەمە دەبێتە هاندەر بۆ هێڵەکانی فرۆکەوانی کە فرۆکەکانیان لە هەولێر پربکەنەوە و هەرێمی کوردستان دەبێتە دەروازەیەکی گواستنەوەی ئاسمانی لە ناوچەکەدا. ئێستا هێڵەکانی فرۆکەوانی دوبەی بەکاردەهێنن وەك دەروازە (ترانزیت) چونکە سووتەمەنی هەرزانە، ئەگەرچی هەولێر نزیکترە لە زۆرێك لە فرۆکەخانەکانی ناوچەکە.

**2.14 دەکرێت بەستەوەی هەرێمایەتی باشتر بکرێت لەرێگەی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە و تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان.** ئەمانە کۆمەڵێك بواری سەربارن کە دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت لە بازرگانی خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری دروستکردنی سەکۆی بازرگانی لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان. جگە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان کەرتی گرنگن بۆ ئابوری، بەتایبەتی برۆدباند، دەبنە هۆی تواناداركردن و كارئاسانی بۆ گەشەی بازرگانی. رۆڵی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ لە هەرێمی کوردستان گرنگە بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار، بەفرەییکردنی ئابوری و بەرزکردنەوەی توانای کێبەرکێی و کارایی کەرتی تایبەت. جگە لە تەکنەلۆجیاری زانیاریی و پەیوەندییەکان، گواستنەوەی ئاسمانی پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە. کەرتی هێڵی ئاسن و گواستنەوەی بار پێشنەکەوتوون، ئەمانەش بەربەستن لەبەردەم هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهێنانی زۆرترین سوود لە دەرفەتە ئابورییە هەرێمایەتییەکان. هاوکات یاسای کەرتی گواستنەوە زۆر کۆنە. گرنگە چاکسازی و کارئاسانی زیاتر بکرێت بۆ بارگانی و هاوکاری بەهێزتر بکرێت لەنێوان وڵاتانی دراوسێ. ئەگەر خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بەرەوپێش ببرێن، هەرێمی کوردستان و توانا و دەرفەتی گەورەی لەبەردەستدا دەبێت بوون بە دەروازەیەکی گواستنەوە بۆ هەموو ناوچەکە، چونکە نزیکە لە بازاڕە سەرەکییەکانەوە و پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی ئارامی هەیە.

**2.15 خزمەتگوزارییەکان دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە هەوڵەکانی بەفرەییکردنی ئابوریدا.** خزمەتگوزارییەکان بەرهەمێکی گرنگن و پێکهاتەیەکی سەرەکیین لە پێکەوەبەستنەوەی هەرێمایەتیدا، لەبەرئەوە زۆر گرنگن بۆ توانای کێبەرکێی هەرێمی کوردستان و توانای بەشداریکردنی لە بازنەی بەهای هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا. خزمەتگوزارییەکان هاوکات سەرچاوەی گرنگن بۆ هەناردەکردن لە دەرەوەی کەرتی نەوت و گاز، بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار لە دەرەوەی کەرتی گشتی. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بە خاك داخراوە، دەتوانێت ببێتە سەکۆیەك بۆ گواستنەوە و دابینکردنی خزمەتگوارییەکان لە ناوچەکەدا. بەتایبەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێت بە دەروازەی دابینکردنی چەندین خزمەتگوزاری لە ناوچەکانی تری عێراق. ئەمەش دۆخێکی سوودبەخشە بۆ هەموو عێراق. بەڵام ئەمە پێویستی بەوەیە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك بەربەست لاببات لەبەردەم بازرگانی خزمەتگوزارییەکان، چونکە بازرگانی خزمەتگوزاری لەئاستی نێوەندیی و لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجام دەدرێن. هەروەها پێویستی بە دروستکردنی دڵنیایی یاسایی، پەیرەوکردنی یاسا و رێسای مۆدێرن و دروستکردنی تواناکان (کارامەییەکان، ستانداردەکان و ژێرخان) هەیە. لە دەرەوەی رەهەندی ئابوری، چاکسازی چوارچێوەی رێکخستن و بەرەوپێشبردنی ئەم خزمەتگوزارییانە کە لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێن، بەگشتی سوودیان بۆ دانیشتوانی هەرێم دەبێت. دەکرێت کەرتی نەوت و گازیش بەکاربهێنرێت وەك بەردەباز بۆ بەفرەیکردن: پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ و هێزی کار دەتوانن خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان بەرەوپێش ببەن و کەرتێکی کێبەرکێکار دروست ببێت کە توانای هەندێك هەناردەکردنی هەبێت. خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەگشتی دواکەوتوون، سەرەڕای پێداویستیە زۆرەکان. دەکرێت رێبازێکی گشتگیر پەیڕەوبکرێت بۆ نوێکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان (لە نۆرینگەکانەوە بۆ تاقیگەکان) هەروەها لە بواری دەرمانسازی. لە خزمەتگوزارییە پیشەییەکانەوە تا فرۆشیاری، چەندین دەرفەت هەیە کە پێویستە بقۆزرێنەوە، بەڵام پێویستە دەوڵەت رۆڵی رێخۆشکەر و ئاسانکار بگێڕێت.

**2.16 چاکسازییەکانی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، پەروەرە و تەندروستی دواکەوتوون.** پێویستە دیدگایەکی روونتر هەبێت لەسەر ئەوەی ئەم کەرتانە بەرەو کوێ دەچن لە مەودای ناوەندیی و دووردا. بۆ نموونە، لە کەرتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، پێدەچێت سیاسەتەکان جەخت بخەنە سەر پێداویستی و ئاستەنگە کورت مەوداکان، ئەگەرچی لە مەودای دووردا کەرتی پەروەردە و گەشەی سەرمایەی مرۆیی یەکلاکەرەوە دەبن بۆ گەشەی ئابوری. پێویستە دیدگا و کرداری روون هەبێت لەلای وەزارەتەکان بۆ ئامادەکردنی دەرچوان بەپێی مەرج و پێداویستییەکان و خواستی کەرتی تایبەت لەسەر کارامەییەکان. لەئێستادا، کەلێنی کارامەییەکان هەیە لە بازاڕی کاردا بۆ پاڵپشتی بەفرەیکردنی ئابوری و گەشەی ئابوری بەڕابەرایەتی کەرتی تایبەت. بە بەراورد کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دیدگایەکی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگە مەودا ناوەندییەکان، هەروەها بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەڵام وەزارەت پاڵپشتی پێویست ناکرێت لەلایەن هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانەوە. سەبارەت بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی – بواری گرنگ بۆ بەفرەیکردنی ئابوری – وەبەرهێنانی پێویست ناکرێت بۆ بەرکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و توانای کێبەرکێ. سیاسەت و کرداری پێشنیارکراو بۆ هەموو ئەم کەرتانە لە بەشی داهاتوودا هەیە.

## 3 چاکسازی ئابووری: هەنگاوەکانی داهاتوو؟

**3.1 حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی داهاتوودا، بایەخ دەدات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئەولەویەتی داناوە بۆ وەبەرهێنانی گشتی لە کەرتەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، گواستنەوە، تەندروستی و پەروەردە.** بۆ ئاساییکردنەوەی گەشەی ئابوری و دروستکردنی دەرفەتی کار، لەڕێگەی پەرەپێدانی کەرتی تایبەتەوە، حکومەت هەوڵ دەدات پرۆگرامی وەبەرهێنانی گشتی بەگەڕبخاتەوە، بۆ سوودی ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین، بە کۆمەڵگەی خانەخوێ و کۆمەڵگەی میوانەوە. لە ناوکۆیی قەیرانی داراییدا، وەزارەتی پلاندانان ستراتیژێکی داڕشتوە بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ پرۆژە زۆر گرنگەکان بۆ جێبەجیکردن. وەزارەت رێبازێکی داڕشتوە بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی لە

هەرێمی کوردستان، بەپێی ریزبەندی توانای ئەم پرۆژانە بۆ گەیاندنی زۆرترین سوود بەرامبەر تەرخانکردنە داراییەکان. مەبەست لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە لەپێشانەی وەبەرهێنان، زیادکردنی داهاتی گشتیە بۆ ئابورییەکی بەردەوام لە مەودای دووردا. لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا ئەولەویەت دەدرێت بە هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت. حکومەت رێککەوتنێکی قەرزی واژۆکردوە لەگەڵ (UK Export Finance Agency) بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەولێر و سلێمانی. حکومەت پاندە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا و دانانی بناغە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لاوازی بونیادیی.

**3.2 دیدگای 2020ی حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی حکومەتێکی کارا، شەفاف، خاوەن متمانە و راستگۆ دەدات.** ئامانجی سەرەکیی چاکسازی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی، بەهێزکردنی کۆنترۆڵە لەسەر خەرجییە گشتییەکان، هەروەها چاکسازی لە پابەندە داراییەکانی حکومەت. هێڵکارییەکی نوێی ژمێرەیی تەبا لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ئامادەکراوە بۆ جێبەجێکردن لە 2017_2018. پەرەپێدانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری لەناو وەزارەتی دارایی، دەبێتە هۆی گواستنەوە بەرەو بە ئەلەکترۆنیکردن و دوورکەوتنەوە لە کاری دەستیی کۆن. بەم شێوەیە هەموو کارەکانی وەزارەت نوێدەکرێنەوە، بەشێوەیەکی تەبا لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و سیستمی هەمەلایەنی بەڕەبردنی دارایی. هاوکات حکومەت زیاتر بونیات دەنێت لەسەر دەستکەوتەکانی بواری گرێبەستە گشتییەکان.

**3.3 پاراستنی کۆمەڵایەتی هەژاران و کەمدەستەکان بەردەوام دەبێت، بەپێی ئامانجی حکومەت بۆ بەدیهێنانی "یەکسانی، دەرفەت و توانای بەرگەگرتن" بۆ هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان.** لە شەش مانگی داهاتوودا، حکومەت هەڵدەستێت بە گشتاندنی پرۆگرامی نوێی بەئامانجکردنی هەژاری لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان. هاوکاری تەکنیکی لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە پێشکەش دەکرێت و (UNDP) پاڵپشتی دارایی پێشکەش دەکات. لەجیاتی کۆمەکی هەمەگیری گران و ناکارا، بەئامانجکردنی کۆمەکی نەختینەی مەرجدار، ئەو دۆخە بۆ هەژاران دەڕەخسێنێت کە منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە. بانکی نێودەوڵەتی یارمەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەدات بۆ بەئامانجکردنی هەژاریی، لەرێگەی پشکنینی ئاستی گوزەران ( proxy means_testing). یەکێکی تر لە ئەولەویەتەکان بەشداری ئابوری ئافرەتانە، کە بۆ ئەم مەبەستە پاڵپشتی کۆمەکبەخشان پێویستە.

## 3.1 ئەولەویەتی #1 (شەش مانگی داهاتوو)" پاراستنی کۆمەڵایەتی "پاراستنی حکومەت بۆ هەژاران و کەمدەستەکان، لەپێش هەموو شتێکەوەیە"

هاوبەشانی جێبەجێکردن: بانکی نێودەوڵەتی و (UNDP)

**3.4 لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندی پرۆگرامی ئەزمونیی، حکومەت هەڵدەستێت بە گشتاندنی پرۆگرامی نوێی بەئامانجکردنی هەژاری لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان.** چاوەڕوان دەکرێت پرۆگرامی ئەزموونیی لە نیسانی 2017 تەواوکرا، بەهاوکاری بەردەوامی بانکی نێودەوڵەتی و (UNDP). هاوکاری تەکنیکی لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە پێشکەش دەکرێت و (UNDP) پاڵپشتی دارایی پێشکەش دەکات. پرۆگرامە ئەزمونییەکە هەڵسەنگاندن و چاودێری دەکرێت بۆ فێربوونی لێی، کە بریاردەر دەبن لە گشتاندنی پرۆسەکە لە هەمو هەرێمی کوردستان و پێداچوونەوەی رێسا و رێنماییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە ئێستا کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبەن، هەروەها هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی جێبەجێکردن و ئەنجامەکانی پرۆژە ئەزمونییەکە.

لەجیاتی کۆمەکی هەمەگیری گران و ناکارا، بەئامانجکردنی کۆمەکی نەختینەی مەرجدار، ئەو دۆخە بۆ هەژاران دەڕەخسێنێت کە منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە.

**3.5 راگەیاندنی پرۆگرامی کۆمەکی نەختینەی مەرجدار، دەوەستێتە سەر ئەنجامەکانی پرۆژە ئەزموونییەکە.** ڕێبەرێکی کار لەلایەن تیمی بانکی نێودەوڵەتییەوە ئامادەکراوە و لیژنەی تەکنیکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بە نوێنەرایەتی وەزارەتەکانی کار، پەروەردە، تەندروستی، پلاندانان و دەستەی ئامار) بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە. پرۆسەی گشتاندن بۆ جێبەجێکردنی پشکنینی ئاستی گوزەران (PMT) بە حەوت قۆناغدا تێپەڕدەبێت: (1) پێش پلاندانان (لایەنەکانی بەڕێوەبردن، تەکنیکی، لۆجستی و کارگێڕی بۆ وەرگرتنی پرسیارنامەی 1 و ڕاگەیاندنی هەڵمەتی پەیوەندییەکان)؛ (2) هاووڵاتیان داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ سوودمەندبوون لە پرۆگرامەکە (3) پاڵاوتنی داواکارییەکان لەسەر بنەمای مەرج و یاسا و ڕێنماییەکان؛ (4) سەردانی خێزانە پاڵێوراوەکان لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتییەوە بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی (PMT)؛ (5) دانانی نمرە بۆ هەر خێزانێك لەسەر بنەمای هاوکێشەی (PMT)؛ (6) دیاریکردنی نمرەی شایستەیی بۆ کۆمەکی نەختینە بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان؛ (7) کاراکردنی کۆمەکی نەختینە بۆ خێزانە شایستەکان بە مەرجی ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە. لەئێستادا، جێبەجیکردنی ستراتیژی پەیوەندییەکان، کە پێشتر ئامادەکراوە وەك بەشێك لە چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF)، یەکێکە لە ئەولەویەتەکان، چونکە پشکنینی ئاستی گوزەران (PMT) و پرۆژەی ئەزموونیی کۆمەکی نەختینەی مەرجدار پێویستیان بە پاڵپشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان و تێگەیشتن و پاڵپشتی جەماوەر هەیە.

**3.6 کۆمەکی نەختینەی مەرجدار دابین دەکرێت بۆ خێزانە هەژارەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردوە بە پرۆژەیەکی ئەزموونی لە قەزای دەشتی هەولێر لە پارێزگای هەولێر.** لەژێر ڕۆشنایی "قۆناغی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان"دا، ڕوپێوێك ئەنجام دەدرێت بۆ 3055 خێزان لە ئاداری 2017. پاشان خێزانە بەئامانجکراوەکان کۆمەکی نەختینە وەردەگرن (نزیکەی 135.000 دینار لە مانگێکدا) بەمەرجی ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە و کوتانیان لە بنکە تەندروستییەکان لەکاتە دیاریکراوەکاندا. بانکی نێودەوڵەتی یارمەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکات لە بەئامانجکردنی هەژاری لەڕێگەی پشکنینی ئاستی گوزەران (**proxy means_testing**)ەوە.

**3.7 ئامانجی حکومەت نەهێشتنی کۆمەکی گشتگیرە لەسەر بنەمای توێژەکان و دانانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەئامانجکراوە.** تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی ئێستا تێچووی بەرزە، بەئامانجکراو نییە و کاریگەری نییە. لە ساڵی 2000ەوە، ژمارەی خێزانە سوودمەندەکان لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان 80.765 خێزانە[5]. بەپێی خەملاندنەکانی وەزارەتی کار، تەنها 15 لەسەتی ئەمانە مافیان هەیە و شایستەن بۆ وەرگرتنی کۆمەکی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی. لە ئابی 2015ەوە ئەم خێزانانە کۆمەکیان وەرنەگرتوە، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بەڵام کێشەکە هەر ماوە تا پاراستنی کۆمەڵایەتی بەئامانجکراو جێبەجێ دەکرێت.

## یەکخستنی داتابەیسە جیاوازەکانی خانەنشینی یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی بەڕێوەبردنی دارایی

**3.8 بانکی نێودەوڵەتی پاڵپشتی تەکنەلۆجیاری زانیاری پێشکەش دەکات بە هەرێمی کوردستان لەسەر پێداویستییەکانی داتابەیسی ئەزموونی کۆمەکی کۆمەڵایەتی.** تیمی بانکی نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندنێکی بەراییان ئەنجامدا بۆ سیستەمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری لە بەشی خانەنشینی وەزارەتی دارایی و بەشی بیمەی کۆمەڵایەتی وەزارەتی کار، وەك ئامادەکارییەك بۆ یەکخستنی بیمەی کۆمەڵایەتی. لەئێستادا داتابەیسەکان هەن، بەڵام پێویستیان بە دیجیتاڵکردن هەیە. بەشێکی زۆر لە تۆمارەکان کاغەزین، ئەمەش بەڕێوەبردنی داتابەیس هێواش دەکات و هەڵەی زۆر ڕوودەدات و ئەرشیفکردن سەختتر دەکات. نەبوونی ئاماژەدەری دەگمەن بۆ کەسانی بیمەکراو بۆتە هۆی دووبارەبوونەوە لە تۆمارەکاندا بۆ هەمان کەس. چەندین داتابەیسی پەرتەوازە هەیە لە هەر یەکێك لە پارێزگاکان و تەنانەت هەندێك کات لە قەزاکان. ئەولەویەت دانانی داتابەیسێکی یەکخراوە بۆ خانەنشینی. بۆ بەشداران، پێویستە تۆمارەکان ئاماژە بدەن بە تەمەن، جێندەر، موچە بۆ مەبەستی بڕی بەشداری، کۆی موچە (موچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان)، ڕۆژی دەستبەکاربوون، ماوەی خزمەت (ژمارەی ساڵەکانی بەشداری) و ژمارەی بەخێوکراوان. بۆ سوودمەندان

[5] لە کۆی 80.765 خێزان، 24.241 لە هەولێرن، 30.794 لە سلێمانین، 18.795 لە دهۆک و 6.980 لە گەرمیانن.

زانیارییەکان بریتی دەبن لە: تەمەن، جێندەر، جۆری خانەنشینی (پیریی، کەمئەندامی، سەپەرشتیاری، هیتر)، تەمەنی خانەنشینی (ئەگەر سوودمەند بوو لە خانەنشینی پیریی) ماوەی خزمەت (ژمارەی ساڵانی بەشداری تا ساتی خانەنشین بوون)، موچەی خانەنشینی و ژمارەی بەخێوکراوان.

**3.9 کاری یەکەم بریتی دەبێت لە دروستکردنی ناسنامەیەکی دەگمەن بۆ هەر تاکەکەسێك.** تیمی بانکی نێودەوڵەتی پلانێکی کار دادەرێژن بۆ ئەنجامدانی بەرەوپێشچوون بەڕیزبەندیی. هەنگاوی یەکەم دروستکردنی ناسنامە دەبێت بۆ هەموو کەسەکان و دانانی تیمێك (لەوانەیە لە دەستەی ئامار بێت) بۆ دەستکردن بە پرۆسەی داخڵکردنی داتاکان و زانارییەکانی سەر کاغەز لە کۆمپیوتەر. ئامانجی سەرەکیی برتییە لە یەکخستنی داتابەیسە جیاوازەکانی خانەنشینی، لەکاتێکدا کە داتانی کاتی دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ مەزندە دارایییەکان. دیدگای مەودا ناوەندی تا دوورمەودا، بریتییە لە دانانی سەنتەرێکی داتای هەرێمیی لە وەزارەتی پلاندانان و دانانی کارمەند و راهێنانیان لەسەر کارامەییە پێویستەکان.

### ئەولەویەتێکی تر بریتییە لە بەشداری ئابووری ئافرەتان: پاڵپشتی کۆمەکبەخشان پێویستە

**3.10 یەکێك لە ئەولەویەتەکانی حکومەت بەشداری ئافرەتانە لە هێزی کاردا.** تیمی بانکی نێودەوڵەتی ئێستا سەرقاڵی بەدەستهێنانی کۆمەکە بۆ پرۆژەی ئەزمونیی پێشنیارکراو "ئافرەتان و کار بۆ بازاڕێکی هەمەگیر لە هەرێمی کوردستان". ئەمە بەشداری دەکات لە پایەی "سیاسەت و پرۆگرامەکانی بازاڕی کار"ی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئامانجی زیادکردنی بەشداری ئافرەتانە لە هێزی کاردا لە هەرێمی کوردستان. ئەم پرۆژەیە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ بەربەستە رەفتاریی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان لەپێش کارکردنی ئافرەتان و میکانیزمی چارەسەرکردن دادەرێژێت بۆ زیادکردنی بەشداری ئابووری ئافرەتان، هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات لە کاریگەری پرۆژە ئەزمونییەکە و ئەگەری گشتاندنی لە هەموو هەرێمی کوردستان. پرۆژەکە تەبایە لەگەڵ پلانی کاری جێندەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەگەر کۆمەك دەستەبەر کرا، جێبەجیکردن لە ئاداری **2017**وە دەستپێدەکات و ماوەی **15** مانگ دەخایەنێت. ئەم پرۆژەیە (کە مەزندەی تێچووەکەی **300,000** دۆلاری ئەمریکیە) لەوانەیە کۆمەك بکرێت لەلایەن (**UNDP FFER_KRG**).

**3.11 بانکی نێودەوڵەتی پرۆژەیەکی ئەزمونی پێشنیارکردوە لەسەر بەشداری ئافرەتان لە بازاڕی کار، کۆمەڵێك ریککار دەناسێنێت بۆ بەئامانجکردنی: (1) خاوەنکارەکان؛ (2) کارخوازان؛ و (3) خێزانەکان.** بۆ خاوەنکارەکان، پرۆژە ئەزموونییەکە میکانیزمی راوێژکاری دادەنێت بۆ خاوەنکارەکان لەسەر پرۆسەی بەکارخستن بەبێ هەڵاوێرد، جێبەجێکردنی کارای یاساکانی پاراستن. بۆ کارخوازان، پرۆژەکە پلان دادەنێت بۆ پتەوکردنی نێوەندگیرەکانی ئێستا بۆ گەڕان بەدوای کار، لەڕێگەی دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی ئێستا لەبەردەم بەشداریکردن. بۆ خێزانەکان، پرۆژەکە هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدات لەسەر رەفتار و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە رێگرن لە کارکردنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، لەرێگەی پێوانەکردنی بۆچوونی پیاوان و ئافرەتان بەجیا دەربارەی کارکردنی ئافرەتان و بەشدارییان لە ئابوریدا، ئەم زانیارییانە بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵمەتێکی هۆشیارکردن بۆ گۆڕینی بۆچوونی خێزانەکان لەسەر رۆڵی کچان و ژنان لە پەروەردە و بازاڕی کاردا.

### پاڵپشتی نێودەوڵەتی پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە سەرەکییەکاندا

**3.12 ئاستەنگە بەردەوامەکان مەترسین لەسەر جێبەجێکردن.** لەکاتێکدا کە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان، بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پێشکەوتن بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبنەوە، کە پەیوەستن بە سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجیکردن، هەروەها ژینگەی باڵادەست لە هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا. ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لە ئاستەنگەکان:

- بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئەزمونیی (PMT) و پرۆگرامی کۆمەکی نەختینەی مەرجدار و تێچووی چاوەڕوانکراو بۆ گشتاندن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. ئامادەکارییەکان و جێبەجێکردن پێویستیان بە دیاریکردنی بودجە هەیە بۆ پڕکردنەوەی هەموو تێچووەکانی بەگەڕخستن، گرێبەستکردن لەگەڵ توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، لۆجستیك، سۆفتوێر و هاردوێری کۆمپیوتەر و کەرەستەکانی پەیوەندییکردن. کەمبوونەوەی موچەی فەرمانبەران بەهۆی قەیرانی داراییەوە، دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی کارمەندان.
- تەرخانکردنی کارمەندان بۆ کارکردن لەسەر پرۆگرامەکە و بونیاتنانی تواناکانیان بۆ کارکردن بە کارامەیی. ئەگەرچی بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی و بویاتنانی تواناکان پێشکەش دەکات، تیمی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە پێویستە زانیاریان پێبدرێت، پاڵپشتی بکرێن و تەرخان بکرێن بۆ کارە رۆژانەییەکان و چاودێریکردن.
- کۆنەبوونەوەی پەرلەمان بۆتە هۆی دواکەوتنی پرۆسە یاساییەکە بۆ یاسای نوێی کۆمەکی کۆمەڵایەتی و یاساکانی تر. ئەمە لە دەرەوەی دەسەڵاتی لایەنە جێبەجێکارەکانە. دواکەوتنی زیاتر لەوانەیە مەترسی لەسەر پرۆسەکە دروست بکات و پاڵپشتی بڕیاربەدەستان کەمبکاتەوە بەهۆی نەبوونی چوارچێوەی یاسایی روونەوە.
- گشتاندنی پرۆگرامی بەئامانجکردنی هەژاریی رووبەڕووی ئاستەنگی پەیوەست بە سەرچاوەی دارایی دەبێتەوە، سەرچاوە بۆ بەڕێوەبردنی سیستمەکە، بەڵام لەوە گرنگتر سەرچاوەی پێویست بۆ هەژاران.

### 3.2 ئەولەویەتی #2 (شەش مانگی داهاتوو): پەروەردە و راهێنانی پیشەیی

**هاوبەشە جێبەجێکارەکان: بانکی نێودەوڵەتی**

**(کراوەیە بۆ هەر هاوبەشێکی تری نێودەوڵەتی)**

**لەئێستادا لە کەرتی پەروەردە 196 پرۆژە وەستاون. وەزارەتی پلاندانان پێویستی 122 ملیۆن دۆلار هەیە بۆ تەواوکردنی پرۆژە لەپێشەکان. پاڵپشتی کۆمەکبەخشان پێویستە.**

**3.13 ئامانجەکانی حکومەت بریتین لە زیادکردنی نەرمیی هێزی کار، دروستکردنی هەلومەرجی باشتری کارکردن، زیادکردنی کار لە کەرتی تایبەت و گونجاندنی کارامەییەکانی هێزی کار لەگەڵ خواستەکانی بازاڕ.** هەندێك کرانەوە لە بازاڕەکانی کاردا روویانداوە و کۆمپانیا بیانییەکانی خزمەتگوزاری ئۆفیسی ناوخۆییان کردۆتەوە. ژمارەیەك مەرج و پرۆگرام بەشێوەیەکی پێشکەوتخوازنە دانراون، وەك پرۆگرامی پەرەپێدانی هێزی کاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان. سیاسەتێکی نوێ لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ئامادە دەکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی پەرەپێدانی هێزی کار، گەشەی کۆمپانیا ناوخۆییەکان و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی.

**3.14 یەکێك لە کارە پێشنیارکراوەکان، پرۆگرامی هێشتنەوە و تەواوکردنی خوێندنە.** ئەمە یەکێك دەبێت لە بوارە گرنگەکانی هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی بۆ وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری دەستەی ئامار، ئەنجومەنی باڵای پەرەپێدانی مرۆیی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. پایەی ستراتیژی بازاڕی کار لە چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە دابینکردنی کارای هێزی کار و کارخواز و کارمەندی کارامە لەڕێگەی سیستمی پەروەردە و راهێنان و هاندانەوە لەسەر بنەمای بازار. ئامانجی ئەم پرۆگرامە زیادکردنی تۆمارکردنە لە قوتابخانەکان تا تەمەنی 15 ساڵ، بەتایبەتی بۆ کچان، تا کارخوازانی ئایندە لانیکەمی کارامەییان هەبێت بۆ کار بەدرێژایی ژیانیان. کۆی تێچووی خەمڵێنراو بۆ ئەم چالاکییە 770,000.

**3.15 پرۆگرامەکە دڵنیایی دەکات لەوەی کە هیچ منداڵێك بە نەخوێندەواری نامێنێتەوە یان واز لە خوێندن ناهێنێت لەبەر هۆکاری دارایی،** ئەم بابەتە دەکرێت پاڵپشتی بکرێت لەڕێگەی بەشی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی و لەڕێگەی کۆمەکی نەختینەی مەرجدارەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، پرۆگرامەکە لە سەرەتادا کۆمەڵێك توێژینەوە لەخۆدەگرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستا و دەرفەتەکانی خوێندنی بنەڕەتی لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی سیما و ئاراستەکانییەوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە پاڵشتی دەکرێن بە زانیاری لەسەر دانیشتوان و شرۆڤەی پێداویستییەکانیان.

ئەنجامەکان بەکاردەهێنرێن بۆ پلاندانانی پەروەردەیی، بەتایبەتی داڕشتنی نەخشەڕێگەی جێبەجیکردن، کە تێچووەکان لەخۆدەگرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تۆمارکردنی گشتگیر لە خوێندنی بنەرەتی.

**پرۆگرامە پێشنیارکراوەکە چوار پێکهاتەی هەیە:**

1. پێکهاتەی **1**: ئامارگیریی لەسەر کەرتی پەروەردە (ئامارەکانی تۆمارکردن، مامۆستایان، زانیاری جوگرافی قوتابخانەکان (GIS)). فراوانکردن و بەرەوپێشبردنی سەرکەوتووی کەرتی پەروەردە، پێویستی بە داتای دروست و تازە هەیە. ئەم پێکهاتەیە رەچاوی داتا کارگێڕییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردە، وەك تۆمارکردنی قوتابیان، پێکهاتەی جێندەریی، ژمارەی مامۆستایان و بڕوانامەکانیان، شوێن و قەبارەی قوتابخانەکان. هاوکات سوودبەخش دەبێت ئەگەر نەخشەی (GIS) بکێشرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاوی رووماڵکردنی قوتابخانە-تەمەن بۆ دانیشتوان. ئەمە بە سەرۆکایەتی وەزارەتی پەروەردە و هاوکاری دەستەی ئامار ئەنجام دەدرێت.
2. پێکهاتەی **2**: پێشبینی و شرۆڤەی دیمۆگرافی بە مەبەستی پلاندانانی پەروەردەیی. ئەم پێکهاتەیە تەواوکەری پێکهاتەی **1** دەبێت، ئەو ئامارگیریانەی لەلایەن وەزارەتەوە ئەنجام دەدرێن، بەکاردەهێنرێن بۆ ئاشنابوون بە ئاراستەی گەشەی دانیشتوان و تەمەن و قوتابخانەکان، هەروەها چەند سیمایەکی تری وەك دانیشتوانی شار/گوند. پێشبینییە دیمۆگرافییەکان لەلایەن دەستەی ئامارەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئاکامەکانی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە رەچاودەکرێن، سەبارەت بە پێداویستییە پەروەردەییەکان و زیادبوونی تۆمارکردن (وەك زیادبوونی ژمارەی قوتابخانە و مامۆستای پێویست). شیکارییەکە بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای پەرەپێدانی مرۆیی ئەنجام دەدرێت.
3. پێکهاتەی **3**: فراوانکردنی پەروەردە لەڕێگەی وەبەرهێنان، دابینکردنی مامۆستا، کەرەستە و سەرچاوەکان بۆ قوتابخانە و راکێشانی قوتابیان لەڕێگەی کۆمەکی نەختینەی مەرجدارەوە. ئەنجامی پێکهاتەی **1**، ئامارگیری پەروەردە و پێشبینیە دیمۆگرافییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ پلانی فراوانکردنی پەروەردە، پلانەکە سەرچاوە پێویستەکان دیاری دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرامەکە.
4. پێکهاتەی **4**: پەیوەندییەکان. ئەم پرۆگرامە پێویستی بە هەڵمەتی ئاگادارکردنەوەی جەماوەر هەیە، وەك بەشێك لە چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی، هەروەها جەخت خستنە سەر گرنگیی پەروەردەی کچان، بەتایبەتی هەژارەکان.

## پەروەردەی منداڵ سەرەتا: وەبەرهێنان لە ئایندەی هەرێمی کوردستان

**3.16 رەشنووسی یەکەمی ستراتیژی پەروەردەی منداڵی سەرەتا، بە هاوکاری تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی تەواو کراوە.** لە ئاداری **2017**، لەسەر بنەمای سێ مانگ راوێژکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان، رەشنووسی ستراتیژی پەروەردەی منداڵی سەرەتا دارێژرا لەسەر بنەمای دیدگای **2020**ی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم کارە بەشێکە لە پاڵپشتی تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی بۆ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەئامانجی پاڵپشتیکردنی بونیاتنانی تواناکان لە وەزارەت لە سێ بواری سەرەکیدا: پەروەردەی منداڵی سەرەتا، هەڵسەنگاندنی فێربوونی قوتابی و بەشداری کەرتی تایبەت. پاش تەواوکردن و پەسەندکردن، ئەم ستراتیژە رێنمایی وەزارەت دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی دەستگەیشتن، کواڵیری و کارایی پەروەردەی پێش قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان. پەروەردەی منداڵی سەرەتا، ئاماژەیە بۆ خزمەتگوزارییە پەروردەییەکان بۆ منداڵی بچووك لە قۆناغی پێش قوتابخانە لە دامەزراوەکانی وەك باخچەی منداڵان و ئامادەکردنی پێش-قوتابخانە. رێبازێکی گشتگیر لەخۆدەگرێت بۆ بایەخ پێدان، فێربوون

و گەشەی منداڵ. هەنگاوی یەکەم بەرەو جێبەجێکردنی ئەم دیدگایە بۆ ئاستی پێش-قوتابخانە، بریتی بوو لە داڕشتنی پرۆگرامێکی خوێندنی نوێ.

### پەروەردە و راهێنانی مامۆستا (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەش نێودەوڵەتییەکان)

**3.17 راهێنانی مامۆستا یەکێکە لە ئەولەویەتە لەپێشەکانی وەزارەتی پەروەردە.** چەندین لایەن بەشدارن لە بەڕێوەبردن و پێشکەشکردنی راهێنان لەناو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان. ئەم پرۆگرامانە باش رێکنەخراون. پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی راهێنان، پێویستی بە رێنمایی و رێکخستن هەیە، تا بەرزترین ستانداردی پەروەردەیی بەدیبێت. لەئێستادا، هەماهەنگ و راپۆرتدانی پێویستن نییە لەنێوان وەزارەتی پەروەردە و و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی بەشدار لەبواری پەروەردە و راهێنان. هاوکات سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی رێکخستن، وەزارەت بایەخ دەدات بە فراوانکردنی پرۆگرامەکانی راهێنان. بەڕابەرایەتی وەزارەتی پەروەردە، لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ دانانی پلانێکی ستراتیژی دوورمەودا بۆ راهێنانی مامۆستایان. لەئێستادا وەزارەتی پەروەردە سێ سەنتەری راهێنانی مامۆستایانی هەیە لە هەولێر، سلێمانی و دهۆك.

**3.18 وەزارەتی پەروەردە هەوڵی بەدەستهێنانی کۆمەك دەدات بۆ راهێنانی مامۆستایان.** وەزارەتی پەروەردە ئێستا تەنها دەتوانێت ژمارەیەکی سنووردا لە مامۆستایان بەشداری پێبکات لە پرۆگرامەکانی راهێنان، ئەمەش تەنها بەهۆی هاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، چونکە وەزارەت پارەی پێویستی لەبەردەستدا نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامانە. مامۆستایانی هەرێمی کوردستان کارامەیی نوێیان نییە کە پێویستن بۆ زیادکردنی فێربوون لە پۆلدا. لەئێستادا **126.112** مامۆستا لە هەرێمی کوردستان سەربە وەزارەتی پەروەردەن، کە مامۆستای بابەتە جیاوازەکانن. وەزارەت لە راهێنانەکاندا ئەولەویەتی داوە بە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی، کە ژمارەیان **14.311** مامۆستایە. بەڵام وەزارەت بودجە و شارەزای پێویستی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم راهێنانە چڕانە. لەبەرئەوە وەزارەت داوای پاڵپشتی کۆمەکبەخشان دەکات بۆ زیادکردنی ژمارەی مامۆستای شیاو لەڕێگەی راهێنان لەکاتی کاردا و بایەخدان بە میتۆدەکانی فێربوون و فێرکردن، هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا کە راهێنان لەدوورەوە ئاسان دەکات. بودجەی مەزەندەکراو بۆ ئەم چالاکییانەی راهێنان **524.745** دۆلاری ئەمریکیە.

### راهێنانی پیشەیی (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەش نێودەوڵەتییەکان)

**3.19 راهێنانی پیشەیی یەکێکە لە ئەولەویەتەکان بۆ دابینکردنی خواستی کەرتی تایبەت لەسەر کارامەییەکان.** پاش دانانی بناغەیەکی بەهێزی کارامەییەکان لە قۆناغە بەراییەکان، پێویستە رێککاری پێویست هەبێت بۆ بەهێزکردنی پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی و پەرەپێدانی کارامەییەکان، وەك کاردانەوە بەرامبەر گۆڕانە خێراکانی بازاڕی ناوخۆیی و جیهانیی. هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت، جڤاتی کار و بزنس و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، گرنگن بۆ دەستنیشانکردنی کارامەیی و توانا پێویستەکان بۆ فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی و قوتابخانەکانی پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی. هاوکات بۆ هاندانی بەشداری ئافرەتان لە بازاڕی کار و پاڵپشتیکردنی گواستنەوە لە قوتابخانەوە بۆ کار، توێژینەوە و پەرەپێدانی جێندەریی پێویستیان بە هەماهەنگی هەیە لەگەڵ زانکۆ گشتی و تایبەتەکان، تا زانیاری بدرێت بە سیاسەتەکانی ئەم بوارە گرنگە.

**3.20 ئێستا پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی زۆر لاوازە؛** پرۆگرامەکانی خوێندن و میتۆدەکانی فێرکردن کۆنن، راهێنەران کەمن، شوێن و کەرەستەکان گونجاو نین، نەبوونی کەرەستەکانی فێربوون و فێرکردن، نەبوونی چالاکیی پاش راهێنان. هێزی کاری کارامە بەردەست نییە بۆ گەشەی کەرتی تایبەت. بێکاری زۆر، بەتایبەتی لەناو گەنجاندا و هەڵئاوسانی کەرتی گشتی کێشەی گەورەن. چەند پرۆگرامێکی پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی حکومی یان کۆمەکبەخشان هەیە. بەڵام هەماهەنگی لەنێوانیاندا نیە و کۆمەکی پێویست ناکرێن، دامەزراوەی (راند) کۆمەڵێك قۆناغی پێشنیارکرد بۆ بەرەوپێشبردنی پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی داراییەوە بەتەواوی جێبەجێ نەکراون.

**3.21 پێویستە هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی پێکهاتە گرنگەکان کە پێویستە لە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی دابنرێن.** پێویستە بەدواداچوون و پێداچوونەوە بکرێت بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن، بەمەبەستی دابینکردنی کارامەیی گونجاو بەپێی پێداویستییەکانی بازاڕی کار، ڕاهێنانی مامۆستایانی پیشەیی و تەکنیکی، دابینکردنی کەرەستە و ئامێری فێربوون و فێرکردن. پێویستە ئەم چالاکییانە بە هەماهەنگی لەگەڵ جڤاتی کار و بازرگانی و خاوەنکارەکان ئەنجام بدرێن. لەکۆی حەوت سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان، یەك سەنتەری ڕاهێنان پێویستی بە پاڵپشتی دارایی هەیە. سەنتەرەکانی ڕاهێنانی هەولێر، دهۆك، زاخۆ، سلێمانی، گەرمیان و سۆران پێوستیان بە کەرەستەی نوێ هەیە.

**3.22 هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی دەکەن.** وەزارەتی کار بەهاوبەشی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) کاردەکات لەسەر پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ دەستپێکردنی کار. پرۆگرامەکانی کارامەییەکانی ژیان و کارامەییە تەکنیکییەکان، ئاوارە و پەنابەران و کۆمەڵگەی خانەخوێ دەکات بەئامانج و بایەخی تایبەت دەدات بە لاوان. زیاتر لە 8000 لاو قەرز وەردەگرن بۆ دەستپێکردنی کار و پیشە. حکومەتی یابانی بەهاوکاری (UNIDO) وێرکشۆپی ئاست بەرزی ڕاهێنان لە ئەکادیمیای سویدی پێشکەش دەکات. پرۆگرامی پەروەردەیی وەك کارامەییەکانی کۆمپیوتەر، کارامەییەکانی ژیان، زمانی ئینگلیزی، ڕاهێنانی میکانیکی، چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل، لێخوڕینی مەکینەی (رافیعە) و چاککردنەوەی مۆبایل، خواستی زۆریان لەسەرە لە ئەکادیمیای سویدی. ئەکادیمی سویدی هەماهەنگی دەکات لەگەڵ پرۆژەی "فێربوون پێش هەموو شتێك"ی بەریتانی. کۆرسی زمانی ئینگلیزی لەسەر ئەنتەرنێت پێشکەش دەکرێن. تێکڕای 400 کەس لە گروپی تەمەنی 16-35 ساڵانە ڕاهێنانیان پێدەکرێت لە ئەکادیمیا، کە ئاوارە و پەنابەریان تێدایە. ساڵانە نزیکەی 33 لەسەتی قوتابیانی میکانیك و 45 لەسەتی قوتابیانی کۆمپیوتەر و ئینگلیزی کار دەدۆزنەوە. لەئێستادا 8 پۆل و وێرکشۆپێك هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ڕای وایە کە دەکرێت ژمارەی کۆرسەکان و قوتابیان زیادبکرێن. ئەکادیمیا پێویستی بە سەرپەرشتی حکومەت دەبێت سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕاهێنانە پیشەییەکان. لە هەرێمی کوردستان سەنتەری تری ڕاهێنان هەیە، کە دەکرێت بەکاربهێنرێن بۆ زیادکردنی پەروەردەی پیشەیی. بۆ نموونە، وەزارەتی کار سەنتەرێکی ڕاهێنانی هەیە لەسەر شەقامی کەرکوك، سەرەڕای سەنتەرەکانی ڕاهێنانی ئەڵمانیا و پرۆگرامە بچوکەکانی کەرتی تایبەت.

**3.23 هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار بۆ پەرەپێدانی سیستمی (TVET) ئێستا ئەنجامد دەدرێت بەسەرپەرشتی (UNESCO) و جێبەجێکردنی لەلایەن (CIDE).** هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار و شیکاری کارامەییەکانی کەرتەکان (LMASSA) بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی سیستمی (TVET) لە ئایندەدا لە عێراق، بەشێکە لە پرۆگرامی (UNESCO) بۆ چاکسازی سیستمی (TVET). ئامانجی پرۆگرامی (LMASSA) بریتییە لە: (1) بەخشینی زانیاری بە سیاسەتە پەروەردەییەکان و ئەولەویەتەکان لە قۆناغەکانی ئامادەیی و زانکۆیی، بەتایبەتی داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ (TVET) و ڕاهێنان و دەرفەتەکان بۆ کەسانی بێکار (بە جەخت خستنە سەر ئافرەتان و لاوان) بۆ هاتنەناو بازاڕی کار و بەشداریکردن لە چالاکییە فەرمیی و نافەرمییە ئابورییەکاندا، (2) بونیاتنانی تواناکانی لایەنە پەیوەندارەکانی سیستمی (TVET) بۆ چاودێریکردنی ئاراستەکانی بازاڕی کار و بەکارهێنانی شیکارییەکان بۆ داڕشتنی پرۆگرامەکانی (TVET). ڕاپۆرتی دەستپێك لە تشرینی دووەم 2016 تەواوکرا. کاری مەیدانی بریتی بوو لە 3.000 ڕووپێو و داخڵکردنی داتا تەواوکراوە و شارەزایان ئێستا شیکاری داتاکان دەکەن. چاوەڕوان دەکرێت ڕاپۆرتی کۆتایی لە ئاب 2017 تەواو بێت. پرۆژەکە لەلایەن ئۆفیسی (UNESCO) لە عێراق بەڕێوەدەبرێت و لەلایەن هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی پەروەردە (CIDE) جێبەجێ دەکرێت، لەژێر ڕێنمایی لیژنەی باڵای چاکسازی (TVET) و لیژنەی تەکنیکی تایبەتمەند بە نوینەرایەتی ڕێکخراوە پەیوەندارەکان. لەسەر بنەمای زانیارییە ئامارییە بەردەستەکان، پلانە ستراتیژییەکانی پەرەپێدان و ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارە نیشتیمانییەکان لە قۆناغی دەستپێکدا، حەوت کەرتی ئابوری و بیست و حەوت بوار هەڵبژێردران بۆ بایەخی ئەم توێژینەوەیە.

**3.24 پاش قۆناغی دەستپێکی هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار (TVET) پرۆگرامی بونیاتنانی تواناکان دەستپێدەکات.** پرۆژەکە بە سێ قۆناغ داڕێژراوە. قۆناغی دەستپێك لە سەرەتای تشرینی دووەمی 2017 تەواو دەبێت پاش پەسەندکردنی راپۆرتەکە، توێژینەوە و میتۆد و پلانەکە و روپێوی خاوەنکار. قۆناغی جێبەجێکردن لە ناوەڕاستی تشرینی دووەم دەستپێدەکات، کە پێکدێت لە کۆکردنەوەی داتا و داخڵکردن. قۆناغی کۆتایی پرۆژەکە پێکدێت لە ئەنجامگیری و راپۆرت پێشکەش کردن لەسەر هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار لە هەموو سەرچاوەکانەوە، هەروەها پێشکەشکردنی راهێنانی بونیاتنانی توانا. توێژینەوەی نووسینگەیی پێکدێت لە نەخشەکێشانی سیستمەکانی خواست و خستەڕوو دارشتنی شیکاری (PESTLE) بۆ کەرتە ئابورییە هەڵبژێردراوەکان. بەهاوکاری نووسینگەی ناوەندیی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، داتاکان کۆکرانەوە، لەرێگەی جێبەجێکردنی روپێوێك بۆ سامپڵێکی خاوەنکاران لە حەوت کەرتە ئابورییەکە لە هەشت ناوچە. لیژنە کەرتییەکان سەرچاوەی سەرەکیی داتا جۆرییەکانن، هەروەها پشتراستی داتای رووپێوی خاوەنکاران دەکەنەوە. هەموو زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە لە راپۆرتی "شیکاری کارامەییەکانی کەرت"، کە راسپاردە لەخۆدەگرێت بۆ راهێنانی (TVET) بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کەرتەکان. راهێنانی بونیاتنانی توانا (هەگبە و پلانەکانی راهێنان) دادەڕێژرێن بەمەبەستی دیاریکردن و چارەسەرکردنی کەلێنەکانی کارامەییەکان (1) لەکاتی جێبەجێکردنی روپێوی خاوەنکاران، (2) لە پرۆسەی نەخشەکێشانی ژینگەی دامەزراوەیی و سیستمەکانی خواست و خستنەڕوو، (3) لەرێگەی هەڵسەنگاندنی بونیاتنانی توانا بۆ کارامەییە پێویستەکان بۆ گروپە بەئامانجکراوەکان. بەستەی راهێنانەکە پێشکەش دەکریت بە 25 کاربەدەست کە کاردەکەن لەسەر هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار، هەروەها 140 کارمەندی دامەزراوەکانی (TVET).

**3.25 یەکێتی ئەوروپا پاڵپشتی ژمارەیەکی زۆر پرۆگرامی پەروەردەیی و (*TVET*) دەکات لە عێراق.** بەهاوبەشی لەگەڵ لایەنی جێبەجیکار ئەنجومەنی کولتوری بەریتانی (British Council)، یەکێتی ئەوروپا پاڵپشتی بونیاتنانی تواناکان دەکات لە پەروەردەی بنەڕەتی و ئامادەیی. ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە بەرەوپێشبردنی کواڵیتی و یەکسانی سیستمەکانی پەروەردەی بنەڕەتی و ئامادەیی لە عێراق. ئەمە بەدیدێت لەرێگەی بونیاتنانی تواناکان لەسەر ئاستی وەزارەت و قوتابخانەکان. یەکێتی ئەوروپا هاوبەشی دەکات لەگەڵ (UNESCO) بۆ باشترکردنی دەستگەیشتنی یەکسانی ئاوارە و پەنابەران بە پەروەردەی بنەڕەتی و ئامادەیی لەو ناوچانەی کاریگەربوون لە عێراق. هاوکات یەکێتی ئەوروپا بەشداری کردوە لە چاکسازی سیستمی (TVET) لە عێراق، بەهاوبەشی لەگەڵ (UNESCO). ئامانجی ئەم پرۆگرامە چاکسازی (TVET)ە لە عێراق، تا زیاتر پەیوەندار و کێبەرکێکار بێت، هەروەها بۆ پێشکەشکردنی پەروەردەیەکی جۆریی بۆ ئامادەکردنی نەوەی لاوان بۆ کاری بەکرێ و سەربەخۆ. ئامانجە دیاریکراوەکانی ئەم پرۆژەیە بریتین لە: (1) بەرەوپێشبردنی کواڵیتی سیستمی (TVET) و هەموارکردنەوەی مۆدێلی بەرێوەبردن؛ (2) پاڵپشتیکردنی (TVET)ێکی مۆدێرن لەسەر بنەمای خواست، لەرێگەی شیکاری هەمەلایەنی پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتووی بازاڕی کار، (3) بەهێزکردنی تواناکان و کارامەییەکانی لایەنەن پەیوەندارەکانی (TVET)، (4) توانادارکردنی قوتابخانەکان بۆ گواستنەوەی دەرچوان بۆ بازاڕی کار. سوودمەندی راستەوخۆ بریتیە لە 600.000 لاو کە (TVET) هەڵدەبژێرن، هەروەها 200.000 خاوەنکار کە پێویستیان بە هێزی کارە کە خاوەنی کارامەیی تەکنیکی و پیشەیی بن.

**3.26 هاوکات یەکێتی ئەوروپا چالاکە لە دارشتنی مۆدێلی راهێنانی لەسەر بنەمای کارامەیی، کە پێشتر لە کەرتی نەوتدا ئەزموون کرابوو.** پرۆژەی ئیجادە هەوڵ دەدات هێزی کار بەهێز بکات لەسەرانسەری پیشەسازی نەوتدا. بەرەچاوکردنی کەلێنەکانی نێوان دەرچوانی سیستمی پەروەردە و پێداویستییەکانی بازاڕی کار، پرۆژەکەی یەکێتی ئەوروپا هەوڵ دەدات پرۆگرامی راهێنان لەسەر بنەمای کارامەیی دابڕێژێت لە کەرتی نەوت، کە دەکرێت دواتر لە کەرتەکانی تردا دووبارە بکرێتەوە. لایەنی جێبەجیکار (EY Advisory Services)ە. ئەم پرۆژەیەی (TVET) کە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان واژۆکراوە، سوودی سەرەکیی دەبێت بۆ پیشەسازی نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان. پیشەسازی نەوت و گاز کەرتی گشتی و تایبەت لەخۆدەگرێت، هەروەها سوودی دەبێت بۆ دامەزراوەکانی راهێنانی نەوت و لاوان. ئامانجی سەرەکیی بەرزکردنەوەی کواڵیتی راهێنان و هێزی کارە بۆ ئامادەکردنی کارمەندی نوێی کارامە بۆ ئەم پیشەسازییە. ئەمەش ئەنجام دەدرێت لەرێگەی

بەکارهێنانی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان و لەسەر بنەمای کارامەییەکان. ئامانجی سەرەکیی پاڵپشتیکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوە، سـەقامگیر و بەردەوامە لەسـەر بنەمای فرەیی و گەشـەی بازاڕی ئابوری، کە زامنی کار دەکات و هەژاری کەمدەکاتەوە و هانی گەشـەی یەکسـانی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەدات. ئەزموونکردنی ئەم پرۆژەیە لە تشـرینی یەکەم 2017 دەسـتپێدەکات، کاتێك دامەزراوەکانی ڕاهێنانی نەوت دەستدەکەن بە ساڵی خوێندنی نوێ. پێش ئەوە کەرەستەکانی ڕاهێنان ئامادە دەکرێن و ڕاهێنانی تەواو بە ڕاهێنەران دەکرێت.

**بەستنەوەی ئەلەکترۆنی قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە لەڕێگەی سیستەمی پەروەردەی ئەلەکترۆنییەوە (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان)**

**3.27 وەزارەتی پەروەردە پەیڕەوی سـیسـتەمی تەکنەلۆجی پەروەردەی ئەلەکترۆنی دەکات، بۆ بەدەسـتهێنانی زانیاری ورد و دروست بۆ مەبەسـتی پلاندانان، چاودێری و هەڵسـەنگاندنی سیسـتەمەکانی پەروەردە.** بۆ ئەم مەبەسـتە وەزارەت پرۆپۆزەڵێکی پێشـکەش کردوە بە یەکێتی ئەوروپا بە بودجەی 1.612.708 دۆلاری ئەمریکی. چاوەڕوان دەکرێت سـیسـتەمی پەروەردەی ئەلەکترۆنی قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە پێکەوە ببەسـتێتەوە لە سـەکۆیەکی ئەلەکترۆنی ئۆنلایندا. ئەم پرۆژەیە بەرپرسیارێتی وەزارەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی پلاندانان و بەڕێوەبردن لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. وەزارەت بەرپرسـە لە 6.500 قوتابخانەی ئاسـت جیاواز، 1.7 ملیۆن قوتابی و 170.000 مامۆسـتا و کارمەندی پەروەردەیی. بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی ئەلەکترۆنییەوە، سەختە ئەم ژمارە زۆرەی قوتابخانە، قوتابی و مامۆستا بەڕێوەببرێن. چاوەڕوان دەکرێت سـیسـتەمە پێشـنیارکراوەکە، پەیوەندییەکان بەرەوپێش ببات لەنێوان دامەزراوە پەروەردەییەکان و کاربەدەسـتان کە بەرپرسن لە داڕشتنی سیاسەت و پلانە پەروەردەییەکان. ئامانجی پرۆژەکە بەدیهێنانی ئەنجامی باشتری پەروەردەییە، لەڕێگەی بەردەستبوونی زانیاری باشت، لەکاتی گونجاوتر و دروستر و دابەشکراو بەپێی ناوچەکان بۆ مەبەستی بڕیاردان. (UNICEF) ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ ئەنجامدانی ئەزمونێك بۆ ئەم پرۆژەیە بە بودجەی خەملێنراوی 186.618 دۆلاری ئەمریکی. ئەم قۆناغە ئەزموونییە لە 255 قوتابخانە ئەنجام دەدرێت لەلایەن (UNICEF) و وەزارەتی پەروەردەوە.

**دروستکردنی بینای قوتابخانە (کراوەیە بۆ پاڵپشتی کۆمەکبەخشان)**

**3.28 هەرێمی کوردسـتان پێویسـتی بە دروسـتکردنی قوتابخانەی نوێ هەیە بۆ پڕکردنەوەی خواسـت.** پۆلەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی قەرەباڵغن، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان. نزیکەی 82 لەستی قوتابیان لە شارەکان دەژین. لە دۆخی نموونەیدا، قەبارەی پۆل لەنێوان 15 تا 25 قوتابیدایە، بەڵام لە هەرێمی کوردسـتان قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شـارەکان زۆر قەرەباڵغن، بە تێکڕای 42 قوتابی بۆ یەك پۆل. لە ناوچە گوندنشینەکان، 5 لەسەتی قوتابخانەکان تێکڕای ژمارەی قوتابیانیان 13 قوتـابییە بۆ یەك پۆل، کە ئەمەش بە قەرەبـاڵغ هەژمـاردەکرێـت، بەرەچـاوکردنی قەبـارەی قوتـابخـانە و پۆلەکـان، کە دروسـتکراون بۆ دانیشـتوانی بچووك. لە ئەیلول 2016، وەزارەتی پەروەردە، لەڕێگەی پاڵپشـتی دارایی (UNICEF)ەوە، 27 بینای قوتابخانەی تەواونەکراوی تەواوکرد. لە ساڵی خوێندنی 2015ـ2016، وەزارەتی پەروەردە بەشێوەیەکی چالاك هەڵمەتی ئەنجامدا بۆ هاندانی کۆمەك بۆ یارمەتیدانی نوژەنکردنەوەی بینای قوتابخانەکان. بەپێی وەزارەت، 3.092 بینای قوتابخانە پێویستیان بە دروستکردن هەیە تا 2022، بە تێچووی خەملێنراوی 1.4 ملیار دینار.

**3.29 هاتنی ئاوارە و پەنابەرانی سوری بارگرانی گەورەی دروستکرد لەسەر توانای سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.** کۆی ژمارەی پەنابەرە سورییەکان لەناو سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کورستان 25.340 قوتابی بوو، هەروەها ژمارەی ئاوارە عێراقییەکان 171.312 قوتابی بوو. ژمارەیەکی بەرچاوی منداڵە ئاوارەکان لەخوار تەمەنی 18ساڵییەوەن و ئێستا لە دەرەوەی

سیستمی پەروەردەن. "هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە" توانای ژمارەیەك منداڵی ئاوارە لە قوتابخانەكان تۆماربكات. لە 2016 ژمارەی قوتابخانەی لە كابینە و پلاســـتیك دروســـتكراو، وەك بینای قوتابخانە بەكاردەهاتن بۆ منداڵانی ئاوارە. ســـیاســـەتی حكومەت ئەوەیە كە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەكان پێشكەش بكات بە پەنابەران و ئاوارەكان لەناو كەمپەكان. پێداویستییەكان جیاوازن لە كەمپێكەوە بۆ كەمپێكی تر. زۆربەی ڕێكخراوە ناحكومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەكان بیانی قوتابخانەیان دابین كردوە لەناو كەمپەكان. ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان بایەخ دەدەن بە دروســـتكردنی قوتابخانە، پاڵپشـــتی دەروونی-كۆمەڵایەتی، چاپكردنی كتێبی قوتابخانە و دابینكردنی هاندەری ماددی بۆ مامۆســـتایان و كارمەندانی پەروەردەیی. زۆربەی منداڵانی پەنابەرە ســـوورییەكان، لەلایەن مامۆســـتایانی خۆیانەوە كە پەنابەرن فێردەكرێن. مامۆســـتای قوتابخانە ئامادەییەكان لەلایەن (UNESCO)ەوە موچەیان پێدەدرێت و مامۆســـتایانی قوتابخانە بنەڕەتییەكان لەلایەن (UNICEF)ەوە موچەیان پێدەدرێت. لەم دواییانەدا 740 مامۆستا لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە مانگانە 250 دۆلاری ئەمریكیان پێدەدرێت.

## 3.3 ئەولەویەتی #3 (شەش مانگی داهاتوو): وەبەرهێنانی گشتی بۆ گەشەی ئابووری

(دەكرێت پاڵپشتی بودجەی یەكێتی ئەوروپا بەكاربهێنرێت بۆ ئەنجامدانی كارەكانی ئەم ئەولەویەتە)

هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێكی ئابووری بێپێشینە دەبێتەوە. لەپێناو گێڕانەوەی گەشە و دروستكردنی كار لەڕێگەی پەرەپێدانی كەرتی تایبەتەوە، حكومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات، لەوانە كۆمەكبەخشان و كەرتی تایبەت، بۆ دەستپێكردنەوەی بودجەی پرۆژەكانی وەبەرهێنان لە سوودی خەڵكی هەرێمی كوردستان، بە كۆمەڵگەی میوان و خانەخوێوە.

3.30 **هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورەی ئابووری دەبێتەوە، وەبەرهێنانی گشتی توانای هەیە گەشەی ئابووری بگێڕێتەوە و یارمەتی حكومەت بدات خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەكان پێشكەش بكات.** پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەولەویەت بدات بە پرۆژەكانی وەبەرهێنان، تا سەرچاوە داراییە كەمەكان زۆرترین سوودی ئابووریان هەبێت، وەك گەشەی ئابووری، دروستكردنی كار، كەمكردنەوەی هەژاریی و تێكەڵكردنی دانیشتوانی گەشەسەندوو و پەنابەران و ئاوارەكان. پێویستە جەخت لەسەر هاوبەشی كەرتی گشتی-تایبەت (PPPs) بێت لەڕێگەی دەستنیشانكردنی كەرتە موژدەبەخشەكانەوە بۆ ئەم جۆرە هاوبەشییە. پێویستە پاشەكەوت لە خەرجییە دووبارە ناپێویستەكان و كۆمەكی بودجە، ئاراستەی داخستنی كەلێنەكە بكەن لە بودجەی وەبەرهێناندا و وەبەرهێنان و گەشە ببوژێننەوە.

3.31 **قەیرانی ئابووری هەرێمی كوردستان كەلێنی گەورەی دروست كردوە لە بودجەی وەبەرهێنانی حكومەتدا.** هاوشێوەی وڵاتانی تری ئابووری نەوت، هەژانە داراییەكە سەرەتا گورزی لە بودجەی وەبەرهێناندا. ڕاگرتنی پرۆژەكانی وەبەرهێنان، كاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ئەو كەرتانەی ئابووری، كە وابەستەن بە خەرجییەكانی حكومەتەوە. تێكچوونی دۆخی دارایی حكومەت، كە لە 2014 دەستیپێكرد، بووە هۆی شككردنی نەختینەی حكومەت و ڕاگرتنی پرۆژەكانی وەبەرهێنان. بەگشتی قەیرانی دارایی بووە هۆی كەمبوونەوەی دابینكردنی كاڵا و خزمەتگوزارییە گشتییەكان بەهۆی كەمبوونەوەی وەبەرهێنانی گشتی. هاوشێوە زیادبوونی خێرای خەرجییەكانی بەرگریی بەهۆی شەڕی داعش و هاتنی ژمارەیەكی زۆر پەنابەری سوریی و ئاوارەی عێراقی، كاریگەرییان هەبوو لەسەر دارایی گشتی، لەڕێگەی كەمكردنەوەی سەرچاوە تەرخانكراوەكان بۆ كاڵا و خزمەتگوزاری گشتی.

3.32 **لەگەڵ وەستانی پرۆژەكانی وەبەرهێنان، قەیرانەكە فشاری زیاتری خستە سەر ژێرخان، وەك ئاو و ئاوەڕۆ، كارەبا، كەرتی گواستنەوە و خزمەتگوزارییەكانی پەروەردە و تەندروستی؛ تێچووی سەقامگیركردن زۆر بەرزە.** شەڕی ناوچەكە و لێشاوی 1.8 ملیۆن خەڵكی نوێ بۆ هەرێمی كوردستان، كاریگەری نێگەتیڤیان هەبوو لەسەر ژێرخانە سەرەكییەكان. كەرتی بیناسازی گەورەترین گورزی بەركەوت، پاشان كەرتەكانی تری ئابووری و كەرتی دارایی. قەیرانەكە كاریگەری هەبوو لەسەر خواست لەسەر وزەی ناوخۆیی و نرخەكان. بارگرانی لەسەر تۆڕی كارەبا بەڕێژەی 22 لەسەت زیادیكرد. خواست لەسەر ئاو لە زیادبووندایە لە هەرێمی كوردستان. هەروەها دۆخی ئاوەڕۆ جێگەی نیگەرانییە، بەتایبەتی لە كەمپەكان. خواست لەسەر ئاو بەڕێژەی 11 لەسەت

بەرزبۆتەوە. ئەم بەرزبوونەوە خێرایە لەسەر ئاو، پێویستی بە وەبەرهێنان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژێرخانی ئاوەڕۆ. دۆخی خاوێنی و ئاوەڕۆ جێگەی نیگەرانییە، کەلینە گەورەکانی کەرتی ئاوەڕۆ پەیوەندییان هەیە بە نەبوونی پێداویستییەکانەوە، نەبووونی کارگەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ، نەبوونی تۆڕی کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ جگە لە پارێزگای سلێمانی. قەیرانەکە نیگەرانی زیاتر دەخاتە سەر نیگەرانییەکانی سیستەمە ماندووەکەی ئێستای بەڕێوەبردنی پاشەڕۆی ڕەق. کەرتی گواستنەوە زیانی گەورەی بەرکەوتووە. ڕێگا ستراتیژییەکان و هەشت پرد لەکاتی جەنگدا وێران بوون. گورینی ڕێگەی بازگانی، بارگرانی گەورەی لەسەر ڕێگە لاوەکییەکان دروستکردوە. قەیرانەکە بۆتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر کەرتی تەندروستی، نەبوونی بودجە دۆخی نەخۆشییەکان و ئەنجامە تەندروستییەکانی خراپتر کردوە. بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە، کۆمەڵگەی خانەخوێ لە هەرێمی کوردستان بێبەش بوون لە خەرجییەکانی تەندروستی، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کۆی سیستمی تەندروستی. لەکاتێکدا کە کۆمەکبەخشە دەرەکییەکان هەوڵ دەدەن هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بڕێکی گەورەی سەرچاوەی دارایی پێویستە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ کەرتی تەندروستی و ڕاگرتنی ئاستی پێش قەیرانەکە بۆ کۆمەڵگەی خانەخوێ.

**کەلێنی گەورە لە ژێرخانی هەرێمدا هەیە بەتایبەتی پاش قەیرانی داعش. حکومەت ئەولەویەت دەدات بە کەرتەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، گواستنەوە، تەندروستی و پەروەردە بۆ وەبەرهێنانی گشتی.**

**3.33 بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ کەموکوڕییەکانی بودجە، وەزارەتی پلاندانان ستراتژێکی گەڵاڵەکردوە و ئەولەویەتی داناوە بۆ پرۆژەکان، بۆ ئەوەی سەرەتا گرنگترینیان جێبەجێ بکرێن.** وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێبازێکی کار (میتۆدۆلۆجی)ی دارشتوە بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕیزبەندی و توانای پرۆژەکان بۆ گەیاندنی زیاترین سوودی گشتیی. ئەم ڕێبازە لە (خانەی **1**)دا ڕوونکراوەتەوە. بەگشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان **3700** پرۆژەی وەبەرهێنانی گشتیی هەیە. لەکاتی ڕیزبەندکردنی پرۆژەکان بەپێی ئەولەویەت، زیاتر لە **1500** پرۆژە، ناشایستە بوون، لەبەرئەوەی ئەولەویەتی پەرەپێدانیان نییە (بۆ نموونە بینای حکومیی) یان لە قۆناغی دیزایندان. پاشان وەزارەتی پلاندانان بۆ **2188** پرۆژەکەی تر، پێوەرێکی شەش هەنگاویی دانا بۆ دیاریکردنی ئەولەویەتی پرۆژەکان بەپێی زیاترین سوود بۆ وەبەرهێنان. لەسەر بنەمای ئەم پێوەرانە، وەزارەت پرۆژەکانی دابەشکرد بەسەر چوار پلەدا، نزیکەی **560** پرۆژە کەوتنە پلەی یەکەم و بەرزترین ئەولەویەتیان پێدرا. ئەمانە بریتین لە پرۆژەکانی بواری ئاو و ئاوەڕۆ، وزەی کارەبا، ڕێگەوبانی گواستنەوە و کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە. گرنگە جەخت بکەینەوە لەوەی کە ئەم پرۆژانە پەسەندکراون و بودجەیان بۆ دیاریکراوە؛ بەڵام پێشکەوتنیان ڕاگیراوە بەهۆی قەیرانی دارایی و مرۆیی ئێستا. پاشکۆی **3** لیستی **439** پرۆژەیە کە ئەولەویەتی وەبەرهێنانیان هەیە بە گوژمەی پێویست کە **353** ملیۆن دۆلارە (کۆی تێچوی خەمڵێنراوی ئەم پرۆژانە **1.5** ملیار دۆلار بووە، کە لەمە **1.2** ملیار دۆلاری دراوە لە بودجەی گشتیی). ئەم پرۆژانەی وەبەرهێنانی گشتیی، دەبنە هۆی گەشەی ئابووری درێژخایەن و بەردەوام.

**خانەی 1: دارێژاوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەویەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.**

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێبازێکی کار (میتۆدۆلۆجی)ی دارشتوە بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان. سوودی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی بەشێوەیەکی جیاواز لە سوودی وەبەرهێنانی تایبەت پێوانەکراون. کۆمپانیایەکی تایبەت بڕیار لەسەر گەڕانەوەی داهات دەدات لەسەر بنەمای ئەوەی ئایا وەبەرهێنانەکە قازانجبەخشە، بە ڕەچاوکردنی بژاردەکانی تر بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی دەگمەن. وەبەرهێنانی گشتیی چەندین لایەنی پەیوەندیدار و سوودمەندی هەیە، کە لەوانەیە زۆربەیان وەبەرهێنەر نەبن بەڵام سوودمەندن، هەروەها وەبەرهێنانەکە چەندین مەبەستی هەیە، جگە لە زیادکردنی قازانج. گەورەترین سوودی گشتیی وەبەرهێنان لەم دۆخەی هەرێمی کوردستاندا، پێوانەکراون بەمانەی خوارەوە:

**1**) ئەدای دارایی؛

**2**) کاریگەریی جێبەجێکردن؛

**3**) بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانییەکانی پەرەپێدان
**4**)کارایی و شیاوی ئابووریی وەبەرهێنانەکە؛
**5**) بەدەنگەوەچوونی خواستی کۆمەڵایەتیی؛ و
**6**) کەمکردنەوەی هەژاریی بۆ دانیشتوان و ئاوارە و پەنابەران.

ئەم پێوەرانە بەکارهێنران بۆ **2188** پرۆژەی وەبەرهێنان. ئەمانە پرۆژەن کە بودجەیان بۆ دیاریکراوە و زۆربەیان راگیراون بەهۆی قەیرانی ئێستاوە. پرۆژەکان ئەولەویەتیان پێدراوە بۆ تەواوکردن لەسەر بنەمای پێوەرەکان، بەڵام پێشکەوتنیان دەوەستێتە سەر بەردەستبوونی پاڵپشتی کۆمەکبەخشان (هەروەها کەرتی تایبەت).

مەرجی یەکەم، ئەدای دارایی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەدای پرۆژەکە چەند باش بووە تا ئێستا، لەڕووی خەرجکردنی تەرخانکردنە داراییەکانەوە. ئەم پرۆژانە کە مەرجی خەرجکردنی تەرخانکردنیان تێدایە، گریمانەی ئەوە کراوە کە بە کاراییەکی کارگێڕیی بەرزەوە کاریان کردوە، بە بەراورد بەوانەی کە نەیانتوانیوە تەرخانکردنە داراییەکانیان خەرج بکەن، لەئەنجامدا نمرەی بەرزتریان تۆمارکردوە.

مەرجی دووەم، کاریگەریی جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن دەکات بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان -بەپێی ڕێژەی تەواوکردن. لەسەرەتای هەر پرۆژەیەکدا، هێڵەکە بریتییە لە ڕێککەوتی دەستپێکردن و ڕێکەوتی پێشبینیکراوی تەواوکردن وەك بەشێك لە پلانی پرۆژەکە. داتابەیسی سیسیمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کوردستان (**KDMS**) چاودێری پێشکەوتنی پرۆژەکان دەکات تا رۆژی تەواوبوونیان. پرۆژەکان ریزبەندی دەکرێن بەپێی ڕێژەی تەواوکردن و ئەوانەی کە نزیکترن لە تەواوبوون نمرەی بەرزتریان پێدراوە.

پێوەری سێیەم، بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانییەکانی پەرەپێدان، بایەخ دەدات بەو پرۆژانەی کە گەورەترین کاریگەرییان دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیدگای **2020**ی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم ئامانجانە لەم دواییانە لە ڕاپۆرتێکی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانان و (**UNDP**) شرۆڤەکران و دووبارە جەخت لە جێبەجێکردنیان کرایەوە. ئەمانە پرۆژە بنەڕەتییەکانی ژێرخانن کە گرنگن بۆ تەندروستی گشتیی و ئاو ئاوەڕۆ.

پێوەری چوارەم، کارایی و شیاوی ئابووریی، بەپێی قازانجی پرۆژەکە دەپێورێت. کاتێك حکومەتێك ژێرخانێکی گشتی دروست دەکات، ئەوا وەبەرهێنانی کردوە لە سوودی گشتییدا. ئایا پێویستە حکومەت ئەو پرۆژانەی ژێرخان دروست بکات، کە زۆرترین سوودی گشتی بەدیدەهێنن بەپێی ئەو پارەیەی تێیدا خەرجکراوە؟ ئەم پێوەرە دانراوە بۆ دانانی بەرزترین نمرە بۆ ئەو پرۆژانەی کە زۆرترین سوودی گشتیی بەدیدەهێنن بەرامبەر بڕی وەربەرهێنراو، هەروەها نزمترین نمرە بۆ ئەو پرۆژانەی کە کەمترین سوودیان هەیە بەپێی بڕی وەبەرهێنراو. ئەم پێوەرە ئاماژەیە بۆ گرنگیی ژێرخان، وەك ئاو و ئاوەڕۆ، وزە و گواستنەوە.

پێوەری پێنجەم، خواستی کۆمەڵایەتی، جەخت دەخاتە سەر "کەلێنی دابینکردن" لەنێوان ئەوەی خەڵکی کوردستان پێویستیەتی بۆ بەدیهێنانی "ژیانێکی باش" لەگەڵ دابینکردنی گشتیی ئەم خزمەتگوزارییە. بۆ نموونە، پەروەردە خواستی زۆری لەسەرە لەناو کوردا، بەڵام دابینکردن زۆر سنووردارە. دروستکردنی کار بوارێکی ترە کە هاوسەنگی نییە لەنێوان خواست و دابینکردن (خستنەڕوو)، لەبەرئەوە وەبەرهێنان لە کەرتەکانی دروستکردنی کار زۆر گرنگە.

دوا پێوەر، کەمکردنەوەی هەژاریی، لەناو دانیشتوان و پەنابەران و ئاوارەکان، کاردانەوەیە بەرامبەر قەیرانەکان کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردوە، وەك قەیرانی دارایی و جەنگ. لەئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانە، ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان

زۆر بەرزبۆتەوە. خەڵکە زیان لێکەوتوەکە زیاتر لەو شوێنانە دەژین کە ژێرخانی تەندروستی گشتیی لاوازە و دۆخەکەیان ئاڵۆزتر دەکات. لەبەرئەوە، ئەو پرۆژانەی کە تەندروستی گشتیی بەرەوپێش دەبەن، وەك ئاو و ئاوەڕۆ، زۆر گرنگن.

بۆ بەڕێوەبردنی کاریگەریی هەژانەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرچاوەی زیاترە بۆ چاککردنەوەی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان: یەك ملیار دۆلار پێویستە بۆ تەواوکردنی 95 پرۆژەی وەبەرهێنانی گشتی کە ئەولەویەتیان هەیە.

3.34 **پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتیی کە ئەولەویەتیان هەیە دەستنیشانکراون.** بەهۆی کەمیی سەرچاوە گشتییەکانەوە، وەزارەری پلاندانان 95 پرۆژەی دەستنیشانکردوە لەڕێگەی سیستمی نمرەدانانەوە بەپێی ئەدا، سوودی ئابووریی و کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، بەگشتیی ئەو پرۆژانەی ناوچە هەژارەکان دەکەن بە ئامانج. بەگشتیی بۆ تەواوکردنی 95 پرۆژەکە بڕی 1 ملیار دۆلار پێویستە.

3.35 **دەکرێت ئەنجامەکانی دیاریکردنی پرۆژە خاوەن ئەولەویەتەکان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەکاربهێنرێن، لەگەڵ کۆمەکبەخش و لایەنەکانی کەرتی تایبەت بۆ سێ مەبەست.** یەکەم دەستنیشانکردنی کەلێنی ئێستا لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بەپێی ریزبەندیی و ئەولەویەت. ئەو پرۆژانەی نمرەیان بەرزترە، ئەوانەن کە پێشبینی دەکرێت سوودی گشتییان زیاتر بێت، لەبەرئەوە بەرهەمدارترین، کارگەرترین و کاراترین بەکارهێنان دەبن بۆ سەرچاوە داراییە سنووردارەکان. دووەم ئەم ریزبەندیەی ئەولەویەتەکان، بنەمایەك دابین دەکەن بۆ گفتوگۆ لەسەر "سندوقی بوژاندنەوەی کوردستان" بۆ داراییکردنی ئەو پرۆژانەی بەرزترین ئەولەویەتیان هەیە. خەڵکی کوردستان گەورەترین بارگرانیان لەسەرشانە بەهۆی شەڕی داعش و کاریگەرییەکانی جەنگی سوریا. ئەم بارگرانییانە ئێستا سەپێنراون بەسەر هەرێمی کوردستاندا لە شێوەی قەیرانێکی دارییدا. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دڵنابوون لەوەی کە نەوەکانی داهاتوو ئابوورییەکی گەشتریان دەبێت لە ئایندەدا. سێیەم و پەیوەندیدار، ئەنجامەکانی ئەو پرۆژانە دیاری دەکات کە دەکرێت کۆمەك بکرێن و بە هاوبەشی گشتی-تایبەت بەڕێوەببرێن. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی دەکات لە دەرفەتی رێکخستنی پرۆژەی هاوبەشی گشتی-تایبەت و دۆزینەوەی هاوبەشی تایبەت لەو کەرتانەدا کە وەبەرهێنان زۆرترین سوودی گشتییان دەبێت. حکومەت ئاشنایە بە ئەرکەکانی بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە گشتیی و نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی ژیرانە، هەروەها کراوەیە بۆ رەچاوکردنی هاوبەشی گشتی-تایبەت لەهەر شوێنێکدا کە شیاو بوو.

هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دەرفەتیان هەیە بۆ یارمەتیدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە ئەولەویەتیان هەیە، لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، تەندروستی و پەروەردە.

یەکێتی ئەوروپا 50 ملیۆن دۆلار پاڵپشتی بودجە پێشکەش دەکات، دەکرێت ئەمە بەکاربهێنرێت بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی کە ئەولەویەتیان هەیە، وەك پرۆژەکانی تەندروستی، پەروەردە، کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ – بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشانی تری نێودەوڵەتی، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

### ئەولەویەتی #3.1: پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەبەرهێنانی گشتی – ئاو و ئاوەڕۆ (پرۆژەی قەرزی بانکی نێودەوڵەتی؟)

3.36 **وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە مەودای کورتدا، ئەولەویەتی داناوە بۆ ریسایکلین و چارەسەری ئاو و زیادکردنی داهات.** وەزارەت بڕێکی بەرچاو پاشەکەوتی دارایی کردوە لەڕێگەی کەمکردنەوەی تێچووی بینا، ئۆتۆمبیل و کارمەندان. هاوکات وەزارەت سەرچاوەی دەستکەوتوە لەڕێگەی کۆکردنەوەی کرێی ئاو لەلایەن کارمەندانی وەزارەتەوە لەجیاتی گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا. کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت لەئێستادا راوێژ پێشکەش دەکات بە وەزارەت بۆ زیادکردنی داهاتەکانی. لەبواری

وەبەرهێنانی گشتیدا، وەزارەت ئەولەویەتی داناوە بۆ ریسایکڵین و چارەسەری ئاو، لەم دواییانەدا گفتوگۆی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ئەنجامداوە.

**3.37 کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ بەرزترین ئەولەویەتی هەیە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومەتدا.** "سیاسەتی ئاو و ئاوەڕۆ"ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی **2010** ئامادەکراوە. دارشتن و شیکاری سیاسەتەکە لەلایەن بەڕوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە ئەنجامدراوە، بە راوێژکردن لەگەڵ چەند لایەنێکی پەیوەندیدار. سیاسەتەکە لەسەر بنەمای روانگەی حکومەت، کەرتی تایبەت و کۆمەڵی مەدەنی دارێژراوە. ئەولەویەتەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

**a)** زیادکردنی دەستگەیشتن بە ئاوی پاك. ستراتیژی باشترکردنی دەستگەیشتن بە ئاو پێنج پێکهاتەی هەیە: (**1**) خەملاندنی بڕی ئاوی بەفیڕۆچوو لەژێرخانی ئێستای گواستنەوەی ئاو و وەبەرهێنان بۆ نەهێشتنی بەفیڕۆچوون؛ (**2**) وەبەرهێنان لە کارگەکانی کۆگاکردنی ئاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرزونزمی وەرزیی؛ (**3**) نوێکردنەوەی ژێرخانی چارەسەرکردنی ئاو بۆ ئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان؛ (**4**) زیادکردنی دەرفەتەکان بۆ بەشداری کەرتی تایبەت لە دابینکردنی ئاو؛ (**5**) چاکسازی لە سیستمی کرێ و رسوماتی ئاو، بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و گێڕانەوەی تێچووەکان.

**b)** نوێکردنەوەی سیستمەکانی ئاوەڕۆ. ئەمە بریتییە لە دارشتنی ماستەرپلانی ئاوەڕۆ بۆ وەبەرهێنانەکان لە کارگەکان و ژێرخانی چارەسەری ئاوەڕۆ و کردنی ئاو و ئاوەڕۆ بە بەشێکی دانەبڕاو لە پلاندانانی شارستانی، یارمەتیدانی دانشتوانی ئەو ناوچانەی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، بۆ دانانی ئاوەڕۆی بچوك (سێپتیك تانك)، فراوانکردنی ژێرخانی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ، دروستکردنی کارگەی چارەسەرکردنی پاشەڕۆی پیشەسازی، هەروەها ناساندی سیستمی باجی شارەوانیی بۆ ئەوەی بەکارهێنەران کرێی خزمەتگوزارییەکانی ئاوەڕۆ بدەن. هاوکات پلانەکە باس لە ریسایکڵینی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان دەکات بۆ مەبەستی کشتوکاڵ.

**c)** ئەنجامدانی توێژینەوەی هایدرۆلۆجیی: توێژینەوەیەکی لەم جۆرە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ چەندێتی و چۆنێتی هەموو سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی، وەك رووبارەکان، ئاوی ژێرزەوی و زیندەوەرە ئاوییەکان، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باشتر دروست ببێت لەسەر توانای ئاوی ژێرزەوی، هەروەها شیکاری دەکات بۆ سەرچاوەکانی ئاو، بەکارهێنەران، کۆگاکردن و جووڵەی ئاو. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بنەما بۆ بەڕێوەبردن و بڕیاردان لەسەر وەبەرهێنان لە داهاتوودا.

**d)** ئامادەکردنی پلانی هەمەلایەنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو. پاڵپشت بە توێژینەوەی هایدرۆلۆجیی، پلانی هەمەلایەنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو ئامادە دەکرێت. ئەم پلانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی چەندێتی و چۆنێتی هەموو سەرچاوەکانی ئاو، بۆ سوودی تەندروستی گشتیی، کشتوکاڵ و پیشەسازی، هاوکات یارمەتیدەر دەبێت بۆ پاراستنی ژیانی سروشتیی و ژینگە.

**3.38 پێشکەوتن بەدیهاتووە لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی گەشەسەندوو، بەڵام بەڕێوبردنی ئاوەڕۆ لەئاستی گەشەی دانیشتواندا نەبووە.** بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاوەڕۆ جێگەی بایەخی گەورە دەبێت تا **2020**، کە سوودی زۆری دەبێت بۆ تەندروستی دانیشتوان و ژینگە. پێویستە لە ناوچە گوندییەکان ئەم خزمەتگوزارییانە بەهێز بکرێن. لەو ناوچانە تەنها **10** لەسەتی خێزانەکان بەستراونەتەوە بە تۆڕەکانی ئاوڕۆی گشتییەوە، زیاتر لە **50** لەسەت کەناڵی داپۆشراوی دەرەکیی بەکاردەهێنن. سیستمێکی فراوانی ئاوەڕۆ هەیە لە شارەکان، بەڵام هێشتا تەنها نیوەی دانیشتوانی شارەکان تۆڕی گشتی بەکاردەهێنن، نزیکەی یەك لە سێی بەکارهێنەران کەناڵی داپۆشرای دەرەکیی بەکاردەهێنن. نایەکسانی هەیە لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان لەنێوان شار و گوندەکان.

**3.39 دەستگەیشتن بە ئاوی پاك ئەولەویەتە.** چەندین پرۆژەی ئاو تەواوکراون یان لە قۆناغی تەواوکردندان، بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی بەڕێوەبردنی ئاو و دابینکردنی ئاوی پاك. **95** لەسەتی خێزانی شارەکان و **62** لەسەتی گوندەکان دەستیان دەگات بە ئاوی خواردنەوە، لەڕێگەی تۆڕی ئاوی گشتییەوە. نزیکەی **70** لەسەتی خێزانەکان ئاوی خواردنەوەیان بە بۆری بۆ دەچێتە ماڵەوە لە سەرچاوەی باشکراوەوە. بەڵام دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە هێشتا یەکێکە لە ئاستەنگەکان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندییەکان. تەنها **25** لەسەتی دانیشتوانی شارەکان و **18** لەسەتی دانیشتوانی گوندەکان، دەڵێن کە بۆ ماوەی دە کاتژمێری رۆژانە دەستیان دەگات بە ئاوی تۆڕە گشتییەکان.

**3.40 شاری هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان، کەموکوڕی گەورەی هەیە لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و تۆڕی ئاوەڕۆ و توانای چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی نییە.** ئاوی دابینکراو بۆ هەولێر، تێکەڵە لە ئاوی شیاو و نەشیاو بۆ خواردنەوە، لە سەرچاوەی بیری ئیرتوازی و ئاوی سەرزەوی، هەروەها دابینکردن بۆ ناوچەکانی دەرەوەی شار زۆر سنووردارە. نەبوونی ئاوەڕۆی کارا مەترسی گەورەی تەندروستییە لەسەر دانیشتوان، لەڕێگەی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی، هەروەها رێگرە لە گەشەی شار. بەسوود وەرگرتن لە ئاوی زابی گەورە (لقێکی دیجلە)، هەولێر سێ کارگەری چارەسەرکردنی هەیە لەگەڵ نزیکەی **850** بیری ئاو. بەرهەمی رۆژانە **666.000** مەتر سێجایە، دانیشتوان بە پچڕپچڕیی ئاویان بۆ دابین دەکرێت بەهۆی ناکارایی دابینکردن و کێشەی گەورەی پەیوەست بە تۆڕەکانی دابەشکردنەوە.

**3.41 بەرزبوونەوەی خواست لەسەر ئاو هاوشان نەبووە لەگەڵ وەبەرهێنان لە ئاوی خواردنەوە و ژێرخانی ئاوەڕۆ.** زیاتر لە **1.8** ملیۆن پەنابەری سوریی و ئاوارەی عێراقی لە هەرێمی کوردستانن. لە کۆی ئەم پەنابەر و ئاوارانە، **60** لەسەت لە پارێزگای دهۆکن. ژمارەیەکی زۆری پەنابەری سوریی و ئاوارەی عێراقی لەناو شارەکاندا دەژین و بارگرانییان دروستکردوە لەسەر ئابووری ناوخۆ و خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، کە پێشتریش رووبەڕووی ئاستەنگ دەبوونەوە. ئەم خواستە زیادەیە بە **11** لەسەت دەخەمڵێنرێت. لە ئەنجامی ئەم قەیرانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دابینکردنی (**17.1** ملیۆن مەتر سێجا/ساڵ)ی زیاتر هەیە. هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ( **Economic and Social Impact Assessment** (**ESIA**)) کە وەزارەتی پلاندانان و بانکی نێودەوڵەتی بەهاوبەشی لە **2015** ئەنجامیانداوە، بۆ کاریگەرییەکانی جەنگی سوریا و قەیرانەکانی داعش، خەمڵاندنی کردوە بۆ تێچووی دابینکردنی خزمەتگوزاری زیادەی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ پەنابەران و ئاوارەکان کە دەگاتە **214** ملیۆن تا **347** ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

**3.42 لەئێستا حکومەت هەوڵ دەدات کێشەی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر و سلێمانی چارەسەر بکات.** وەك لە بەشی یەکەمدا باسکرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی واژۆکردوە لەگەڵ (**UK Export Finance**) بۆ داراییکردنی قۆناغی یەکەمی گرێبەستێك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای (**Biwater**)ی بەریتانی، بەمەبەستی پێشکەشکردنی رێگەچارەی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەولێر و سلێمانی. قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە پێکدێت لە روپێوی مەیدنی، هەڵسەنگاندنی کاریگەری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دیزاین.

**3.43 دۆخی ئاوەڕۆ جێگەی نیگەرانییە،** کەلێنە سەرەکییەکانی خزمەتگوزارییەکانی ئاوەڕۆ پەیوەستن بە نەبوونی ژێرخانەوە: هیچ کارگەیەکی چارەسەری ئاوەڕۆ و تۆڕی کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ نییە. بەهۆی نەبوونی کارگەی چارەسەری ئاوەڕۆ، ئاوەڕۆکان راستەوخۆ دەڕژێنە رووبارەکانەوە.

**3.44 پلاندانانی باش و وەبەرهێنانی گەورە پێویستن، بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی بەردەوامی ئاو.** بەرەوپێشبردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو پێویستە، بەتایبەتی ئاوی ژێرزەوی و بەرگەگرتنی جیاوازی سەرچاوەکانی ئاو بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە.

هەروەها پێویستە ئاوەڕۆ بەشێوەیەکی سەلامەت کۆبکرێتەوە و چارەسەبکرێت بۆ رێگرتن لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی.

**3.45 دەکرێت توانا دامەزراوەییەکان بەرەوپێش ببرێن.** رێکخستنی دامەزراوەیی ئێستای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لەرێگەی دوو وەزارەتەوەیە: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو. بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ لەسەر ئاستی ناوەندیی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگا ئاو و ئاوەڕۆ بەجیا بەڕێوەدەبرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی جیای هەیە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان. بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بەرپرسن لە بەگەڕخستن و نوژەنکردنەوە لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاردا. سەبارەت بە پلاندانان، پەسەندکردنی داراییکردن، هەردوو وەزارەت چاوەڕوانی رەزامەندی وەزارەتەکانی دارایی و پلاندانان دەکەن — یەکەم بەپرسە لە پەسەندکردنی بودجە، وردبینی و چاودێری و دووەم بەرپرسە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان. لەوانەیە لامەرکەزیەتی زیاتر یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی بەپرسیارێتی و لێپرسینەوە لەم کەرتەدا. ئەگەرچی کەرتی تایبەت بەفەرمی رۆڵی نییە لە کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ، نزمی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، بۆتە هۆی ئەوەی کەرتی تایبەت ئەو کەلێنانە پڕبکاتەوە کە کەرتی گشتی جێیهێشتوون، بەتایبەتی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و رێککارەکانی ئاوەڕۆ و خاوێنی، چونکە زۆر هاووڵاتی کێشەی نزمی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانیان هەیە و ناچارن ئاوی بوتڵ بکڕن، تەنکەری ئاو بەکاربهێنن، یان تانکی تایبەت بە ئاوەڕۆ دابینێن.

### پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ پێویستە بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی ئەم ئەولەویەتە

**3.46 پرۆژەی پێشنیارکراو پاڵپشتی بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییە گرنگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دەکات و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ باشتردەکات.** پرۆژەی پێشنیارکراو هەنگاوە دامەزراوەیی، تەکنیکی و کردەییەکان یەکدەخات، کە پێویستە لەلایەن فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆوە ئەنجام بدرێن، هەروەها دڵنیایی دەکات لەوەی دۆخی داراییان باشتر دەبێت. هاوکات پرۆژەکە هەوڵ دەدات ئاستەنگ و دەرفەتە سەرەکییەکان دەستنیشان بکات لە چوارچێوەی دامەزراوەیی بەلامەرکەزیکراو. بۆ زیادکردنی کارایی و بەردەوامی خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و بەرەوپێشبردنی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ لە هەر چوار پارێزگای دهۆك، هەولێر ، سلێمانی ئەم چالاکییانەی خوارەوە پێشنیارکراون. خشتەی 3.1 لیستی پرۆژە بچوکەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی ئاو پێشکەش دەکات.

a) <u>وەبەرهێنان لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و ژێرخانی ئاوەڕۆ:</u>

(1) نوژەنکردنەوەی سێ پرۆژەکەی دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ هەر چوار پارێزگای دهۆك، هەولێر ، سلێمانی و هەڵەبژە ؛

(2) کەمکردنەوەی ئاوی نا-داهات: ئەمە دڵنیایی دەکات لەوەی کە شارەکانی دهۆك، هەولێر و سلێمانی کاراییان زیاتر بێت، لەرێگەی دەرکردنی رێککار بۆ بەڕێوەبردنی خواست و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان. چالاکییەکانی کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان لە شوێنی بەئامانجکراو ئەنجام دەدرێن بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکە و پاراستنی ئاو و خزمەتکردنی خەڵکی زیاتر.

b) <u>بەهێزکردنی دامەزراوەکان بۆ ئاسایشی ئاو و بەڕێوەبردنی هەمەلایەنی شارستانیی:</u>

ئەمە پاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆی چوار پارێزگاکە و شارە سەرەکییەکان دەکات لە بڕیاردانی ستراتیژی و بەڕێوەبردنی کارەکانیان لە بواری ئاسایشی ئاو و پاراستنی ئاو. جەخت دەخرێتە سەر بەرەوپێشبردنی زانیاری دامەزراوەیی و ئامادەباشی لە هەموو بوارەکانی ئاسایشی ئاو و بەڕێوەبردنی شارستانیی ئاو، بەهێزکردنی توانای بەرگەگرتن (گۆڕانی کەش و رێککارەکانی خۆگونجاندن)، بەردەوامی بەکارهێنانی ئاو، بەڕێوەبردنی ئاوی ژێرزەوی لەسەر ئاستی شاردا، هەروەها بەکارهێنانی شێوازە نانەریتییەکانی ئاو (بەکارهێنانەوەی ئاوەڕۆ). هاوکات ئەم چالاکییە

پاڵپشتی هەڵسەنگاندنی شێوازەکانی دانان و وەرگرتنی کرێ و رسوماتی ئێستا دەکات، لەگەڵ کارە پەیوەستەکان بە داتابەیسی خزمەتخوازان، ئاستەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری بە پێوەر و بەبێ پێوەر، پەیکەر و سوڕی کرێ، توانای کارمەندان، شوێنەکانی پارەدان بۆ خزمەتخوازان، هەروەها پتەوکردنی کاری وردبینی ناوخۆیی.

c) جێبەجێکردنی پرۆژە و چاودێری و هەڵسەنگاندن
ئەمە پاڵپشتی راوێژکارانی جێبەجێکردنی پرۆژە دەکات (ئەندازیاران، سەرپەرشتیارانی بیناسازی و کوالێتی کۆنترۆڵ)، بۆ لێکۆڵینەوەی شایستەیی (دراسة جدوى) بۆ پرۆژەکانی ئایندە و تێچووەکانی کارکردنی تیمەکانی جێبەجێکردنی پرۆژە کە هەماهەنگی، جێبەجێکردن، سەرپەرشتی و چاودێری پرۆژەکان دەکات. ئەم چالاکییە هاوکات کۆمەکی راهێنان و پاڵپشتی تەکنیکی دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا.

**خشتەی 3.1 لیستی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی ئاو**

| پارێزگا | پرۆژە | پێناسەی پرۆژە |
|---|---|---|
| هەولێر | ناوچە شارستانییەکان<br>دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی شەقڵاوە | تۆڕ، هێڵی گواستنەوە و چارەسەرکردن<br>هێڵی گواستنەوە و دانانی کارەبا<br>نوژەنکردنەوەی تۆڕەکە بەرێژەی 40 لەسەت |
| دهۆک | ئاو و ئاوەڕۆی بەردەرەش<br>دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری دهۆک | تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ<br>تۆڕ و پلانی چارەسەرکردن |
| سلێمانی | دابینکردنی ئاوی دوکان<br>ئاوەڕۆی دوکان<br>دابینکردنی ئاوی دەربەندیخان | نوژەندکردنەوەی تۆڕ<br>پلانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ<br>تۆڕی دابینکردنی ئاو |

## ئەولەویەتی #3.2: پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەبەرهێنان – کەرتی کارەبا (پاڵپشتی تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی، پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی تر پێویستن بۆ چاکسازییەکان)

**3.47 بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریانکردوە لەسەر پلانی کار بۆ چارەسەرکردنی بڕانی کارەبا.** ئامانجی ئەم چالاکییە پاڵپشتیکردنی حکومەتە بۆ داڕشتنی پلانێکی کار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بڕانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بۆ دروستکردنی کۆدەنگیی لەناو لایەنە پەیوەندارەکاندا، لەسەر جێبەجێکردنی رێککاری کورتمەودا و دەستنیشانکردنی چاکسازییە پێویستەکان، بۆ بەدیهێنانی خزمەتگوزارییەکی کارەبای ئارا و کاریگەر لە مەودای دووردا. ئەنجامدانی ئەم کارە بەشێک بوو لە هەڵسەنگاندنی کێشەکانی گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان. شیکارییەکە بایەخیداوە بە چەند بوارێکی بەرەوپێشبردنی ئەدا و چاکسازی لە کەرتی کارەبا. راپۆرتە سەرەکییەکان کە سوودیان لێوەرگیراوە بۆ ئەم کارە بریتین لە: (1) توێژینەوەی تێچووی خزمەتگوزاری و پەیکەری رسومات، کە لەلایەن (Economic Consulting Associates)ەوە ئەنجامدراوە، (2) رێگەکانی بەهێزکردنی دابەشکردن، کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون و زیادکردنی داهات لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن (UNICON International)ەوە ئەنجامدراوە، (3) بەشداری کەرتی تایبەت لە بەهێزکردنی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن (Economic Consulting Associates)ەوە ئەنجامدراوە.

**3.48 بۆ ئاینده، "ستراتیژێکی حەوت پایە" پێشنیارکراوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکانی کەرتی کارەبا.** بە راوێژ لەگەڵ وەزارەتی کارەبا، تیمی بانکی نێودەوڵەتی پێشنیاری ستراتیژێکی حەوت پایەی کردوە بۆ چاکسازییەکانی کەرتی کارەبا و بەرەوپێشبردنی ئەدا لە هەرێمی کوردستان. پایەکان و پوختەیەك لەسەر هەریەکێکیان لە خوارەوە باس دەکەین:

- **پایەی 1: دابینکردنی گازی سروشتی زیاتر بۆ وزە.** راپۆرتەکانی هەڵسەنگاندن، باس لە سیناریۆکانی خواست و خستنەرووی کارەبا دەکەن لە هەرێمی کوردستان و باسی بەربەستەکان دەکەن بەهۆی بەردەستنەبوونی گازی سروشتی، کە ئێستا کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی وزە، لەبەرئەوە چارەسەرکردنی کێشەی دابینکردنی گازی سروشتی، لە مەودای ناوەند و دووردا، توانای دابینکردنی کارەبا زیاتر دەکات. باشترکردنی دابینکردنی کارەبا بەهۆی زیادبوونی گازی سروشتییەوە، پێویستی بە وەبەرهێنان هەیە لە ژێرخانی گواستنەوە و دابەشکردندا.

- **پایەی 2: نەهێشتنی تێچووی ناپێویست لە بەرهەمهێناندا.** توێژینەوەیەك شرۆڤەی تێچووی دابینکردنی کارەبای کردوە، لەگەڵ تێچووی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنان (کە تێچووی گازی شل شەش ئەوەندەی تێچووی گازی سروشتییە)، هەروەها کاریگەری کەمیی سوودوەرگرتن لە توانای بەرهەمهێنان، بەهۆی گرێبەستەکانی (IPPs).

- **پایەی 3: بەهێزکردنی بەستەرە سەرەکییەکانی گواستنەوە (*transmission links*).** لێکۆڵینەوە کراوە لە مەرج و پێداویستییەکانی بەهێزکردنی گواستنەوە لە مەودای نزیك و دووردا. شیکارێکی وردی پێداویستییەکانی وەبەرهێنان لە گواستنەوەدا ئەنجامدراوە، لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی (load flow) بە بەکارهێنانی مۆدێلەکانی (PSSE) و رەچاوکردنی نزمی سوودوەرگرتن لە تواناکانی ئێستای بەرهەمهێنان بەهۆی ئاستەنگی بەردەستنەبوونی گازی سروشتی. پێداویستییەکانی وەبەرهێنان لە گواستنەوەدا لە مەودای ناوەندیدا (تا 2020) کەمدەبنەوە بەهۆی چارەسەرکردنی کێشەی کەمی گازی سروشتی. بەڵام گرێبەستە گشتییەکان و جێبەجێکردنی هێڵەکانی گواستنەوە پێویستە زوتر دەستپێبکەن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هێڵەکانی گواستنەوە ئاستەنگی گەورە دروست ناکەن، کاتێك گازی سروشتی بەردەست بوو. لە راپۆرتەکانی هەڵسەنگاندندا، دەرفەتەکان بۆ بازرگانی کارەبا لەگەڵ دراوسێکان، گفتوگۆی لەسەر کراوە.

- **پایەی 4: گونجاویی کرێ:** تێچووی دابینکردنی کارەبا شرۆڤەکراوە و خەملاندنەکان بۆ دە ساڵی داهاتوو ئامادەکراون. ئەم خەملاندنانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك گریمانە و سیناریۆن بۆ خواست، خستنەروو، توانای بەرهەمهێنان، بەردەستبوونی گازی سروشتی، بەفیڕۆدانی تەکنیکی و ناتەکینکی و وەبەرهێنان لە گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا. هاوکات راپۆرتەکە باس لە ستراتیژیی گونجاندنی کرێ و گۆڕانکارییەکان لە پەیکەری کرێی کارەبا دەکات، لەسەر بنەمای پێداچووەی هەمەلایەن بە تێچووی خزمەتگوزاری، رێگەیەکی گونجاو بۆ دانانی کرێ لە قۆناغی گواستنەوە، شرۆڤەی تێچووە لاوەکییەکان و ئاماژە ئابوورییەکان بۆ بەکاربەران بۆ باش بەکاربردنی کارەبا.

- **پایەی 5: کەمکردنەوەی بەفیرۆچوون، زیادکردنی داهاتەکان و بەهێزکردنی دابەشکردن.** بەرەوپێشبرنی ئەدای دابەشکردن شرۆڤەکراوە، کە بەتایبەتی سەیری ستراتیژەکانی کەمکردنەوەی بەفیرۆچوونی تەکنیکی و ناتەکنیکی دەکات، هەروەها باشترکردنی کۆکردنەوەی داهاتەکان و کوالێتی دابینکردن. هاوکات راپۆرتەکە شیکاریی دەکات بۆ رێبازەکانی بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی، وەك بەرێوەبردنی کار، بەردەستبوونی زانیاری، بەرێوەبردنی دارایی و راپۆرت پێشکەشکردن و سیستمی بەرێوبەردنی خزمەتخواز.

- **پایەی 6: ئەنجامدانی پەیوەندیی ستراتیژیی.** پێداویستی پەیوەندیکردنی ستراتیژیی لە هەڵسەنگاندنەکاندا رەنگیانداوەتەوە، هەوەها لە چوارچێوەی گونجاندنی کرێ، وزەی نوێکراوە، کارایی وزە، پاراستنی وزە و بەرێوەبردنی لایەنی خواست.

- **پایەی 7: دارِشتنەوەی پەیکەی ئەم کەرتە و بەشداتی کەرتی تایبەت.** راپۆرتەکە شرۆڤەی دەرفەتەکان دەکات بۆ بەشداری کەرتی تایبەت لە گواستنەوە و دابەشکردن، هەروەها چاکسازییە پەیکەریی و دامەزراوەییەکانی کەرتی کارەبا.

گونجاندنی کرێ هاوشان لەگەڵ باشترکردنی دابینکردن (**load dispatch**)، پێوەری زیرەك و وەبەرهێنانی گرنگ لە بەهێزکردنی گواستنەوە و دابەشکردن، پێکهاتەی سەرەکیی دەبن لە چاکسازییەکانی کەرتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.
(**USAID**) دەخوازێت **10** ملیۆن دۆلار بدات بۆ دامەزراندنی سیستمەکانی (**Skada**)، بەڵام پاڵپشتی زیاتری هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان پێویستە بۆ وەبەرهێنان لە جێبەجێکردنی پێوەری زیرەك کە گوژمەی خەمڵێنراوی **120** ملیۆن دۆلارە.

**3.49** **قۆناغی یەکەمی ئەم چاکسازییە بایەخ دەدات بە بەرەوپێشبردنی ئەدای دارایی کەرتی کارەبا، لەرێگەی کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون و زیادکردنی داهاتەکان،** هاوکات ئامادەکاری دەکات بۆ چاکسازی قووڵتری بونیادیی و دامەزراوەیی و چاکسازی پەیوەست بە خزمەتگوزاری (**PSP**) لە قۆناغەکانی دواتردا. بۆ ئەوەی بەستەری گواستنەوەی (**400kV**) تا **2020** دابنرێت، پێویستە ئێستا گواستنەوەی (**PSP**) دەستپێبکات، لەوانەیە **18**ـ**24** مانگ پێویست بێت بۆ گرێبەستکردن و **24** مانگی تر بۆ جێبەجێکردنی هێڵەکانی گواستنەوە. هاوکات سیستمەکانی (**SCADA**) وەبەرهێنانی گرنگن بۆ بەهێزکردنی گواستنەوە و دابەشکردن و پاڵپشتی تەکنیکی.( **USAID** دەخوازێت **10** ملیۆن دۆلار بدات بۆ دامەزراندنی سیستمەکانی (**Skada**)

**3.50** **حکومەت پابەندە بە بەستنەوەی هەموارکردنەوەی کرێ بە پرۆگرامی پێوەری زیرەکەوە، بۆ زیادکردنی بەرپرسیارێتی وزە و دارایی.** وەزارەتی کارەبا داوای لە کۆمپانیایەکی پێوەری زیرەك کردوە (**Verizon**) پرۆژەیەکی ئەزموونی ئەنجام بدات بۆ **100** بەکاربەر لەماوەی **2** تا **3** مانگدا. ئەمە رێگەچارەی تەکنەلۆجی دەهێنێتە ناوەوە بۆ کێشەکانی لاوازی دانانی کرێ، پێوەرکاری و کۆکردنەوەی کرێ. راوێژ پێشکەشکراوە کە رێگەچارەی تەکنەلۆجی، دەبێت بەشێوەیەکی هەرزان بەکاربهێنرێت و هاوکات بێت لەگەڵ سیاسەتی گونجاو و رێککاری بەرێوەبردن و کارگێریی. لەوانەیە کۆمپانیاکە ئەزموون لەسەر **100** بەکاربەر ئەنجام بدات، بەڵام گشتاندنی جێبەجیکردن دەستکاری بکرێت و لەرووی مەرجە تەکنیکییەکانەوە کراوە بێت بۆ پێشکەشکردنی گرێبەست لەسەر بنەمای کێبەرکێ لەنێوان هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە خواستیان بەشدارییان هەیە. پاڵپشتی زیاتری هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان پێویستە بۆ وەبەرهێنان لە جێبەجێکردنی پێوەری زیرەك کە گوژمەی خەمڵێنراوی **120** ملیۆن دۆلارە.

**3.51** **حکومەت پێویستی بە پاڵپشتی تەکنیکی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دەبێت، بۆ چاکسازیی بونیادی و دامەزراوەیی، هەروەها بۆ ئامادەکردنی رەشنووسێکی یاسای کارەبا.** حکومەت دەخوازێت بەخێرایی ئەدای دارایی پتەو بەدیبهێنێت و پاشان هەنگاونان بەرەو دابەشکردن بەپێی (**PSP**) بەزووترین کات. پاڵپشتی تەکنیکی پێویستە لە مەودای کورتدا بۆ (**1**) دارِشتنی رەشنووی یاسایەك بۆ ئەم کەرتە؛ (**2**) دانانی رێکخەری نوێ، (**3**) دارِشتنی مامەڵەی (**PSP**) بۆ پێداویستییەکانی وەبەرهێنان لە مەودای ناوەندیدا لە بواری گواستنەوە و دابەشکردن (**4**) چالاکیی نەخشەی بەکاربەر، (**5**) بەهێزکردنی بازنەی پێوەر-دانان-کۆکردنەوەی کرێ (**6**) جێبەجێکردنی رێگەچارەی ئەلەکترۆنی، (**7**) راهێنانی (**SCADA**). پێداویستی بە پاڵپشتی تەکنەلۆجی لە قۆناغی یەکەمدا خەمڵێنراوە بە **5** ملیۆن دۆلار و کراوەیە بۆ هەموو کۆمەکبەخشەکان.

**3.52** **بەتایبەتکردنی کەرتی کارەبا ئەجێندایەکی گرنگی چاکسازییە لە ئایندەدا.** گواستنەوەی کەرتی کارەبا لە بونیاتێکی ناوەندییەوە بۆ بونیادێکی دابەشکراو، پێویستی بە رێبازێکی قۆناغ-بە-قۆناغ هەیە. لە قۆناغی یەکەمدا، ئەمە پێویستی بە جیاکردنەوەی ژمێریاریی و کارگێریی بەشێکی زۆر لە کارەکان هەیە، پێویستی بە دانانی بەشی رێکخەر هەیە، هەروەها پێویستی بە بەشداریی پاڵێوراوی کەرتی تایبەت هەیە (بەپێی یاسا و گرێبەست). لە قۆناغەکانی تردا دەکرێت کارەکان وەك یەکەی هەرەوەزیی رێکبخرێن و لەکۆتاییدا ئامادەبکرێن بۆ بەتایبەتکردنی تەواو. کاتێك بەتایبەتکردن دەستپێکرد، حکومەت هێشتا

بەرپرسیار دەبێت لە سیاسەت و بەڕێوەبردن، جگە لە هەندێك ئەركی سەرەكیی وەك پلاندانان، پەسەندكردنی وەبەرهێنان، بازرگانی نێودەوڵەتی، ڕێكخستنی لۆد (load dispatch) و چاودێری بازاڕ. ئەمە پێویستی بە یاسایەكی نوێی كارەبا، ڕێكخەرێكی سەربەخۆی كەرتی كارەبا، دابەشكردنی بەشەكانی ئەم كەرتە، گۆڕینی یەكەكان بە یەكەی هەرەوەزیی و پاشان بەتایبەتكردنیان هەیە. دەكرێت بەتایبەتكردنی یەكەكانی كەرتێك، پاش دانانی چوارچێوەی یاسایی و ڕێكخستن، دانانی بازاڕی كارەبا و بەهەرەوەزیكردنی یەكەكان ئەنجام بدرێت. پێویستە حكومەت ڕەچاوی بڕاردەكانی بەشداری كەرتی تایبەت بكات، بۆ ڕاكێشانی وەبەرهێنان و بەرەوپێشبردنی ئەدای بازرگانیی كاری دابەشكردن. لەوانەیە بەتایبەتكردنی تەواو سەخت بێت، لەسەرەتادا دەكرێت دانان و كۆكردنەوەی كرێ بدرێت بە كۆمپانیای تایبەت، بەپێی گرێبەستی ورد.

**ئەولەویەتی #3.3: پرۆژە پێشنیاركراوەكانی وەبەرهێنانی گشتی – كەرتی تەندروستی (هاوكاری بەپەلەی كۆمەكبەخشان پێویستە)**

**3.53 سەرمرای بەرەوپێشچوونەكانی دەیەی رابوردو، كەرتی تەندروستی هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بۆتەوە پاش هاتنی پەنابەران و ئاوارەكان.** لێشاوی 1.8 ملیۆن ئاوارە و پەنابەر، بارگرانی زیاتری خستۆتە سەر سیستمەكە، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا كە ئەم ئاوارە و پەنابەرانە ڕوویان تێكردوە. قەیرانی دارایی كاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لەسەر ئەدای كۆی سیستمی تەندروستی، لەگەڵ یەكسانی و توانای بەدەنگەوەچوونی سیستمەكە. لەكاتێدا كە كۆمەبەخشە دەرەكییەكان هەوڵ دەدەن یارمەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بدەن بۆ بەڕێوەبردنی كاریگەرییەكان، هێشتا بڕێكی زۆر سەرچاوەی دارایی پێویستە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ كەرتی تەندروستی و تواناداركردنی فەرمانگەكانی تەندروستی هەرێمی كوردستان بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ لێشاوی ئاوارە و دابینكردنی خزمەتگوزاری باش بۆ هەموو دانیشتوان. لە هەڵسەنگاندنێكی بانكی نێودەوڵەتیدا بۆ كاریگەریی قەیرانی سوریا لەسەر كەرتی تەندروستی هەرێمی كوردستان، ئەنجامەكان نیشانی دەدەن كە لە دۆخی لێشاوی بچووكی پەنابەراندا، كۆی تێچووی سەقامگیركردنەوە بۆ ماوەی نێوان تشرینی یەكەم 2014 تا كانونی یەكەم 2015، نزیكەی 339 ملیۆن دۆلارە، واتا 362 دۆلار بۆ هەر پەنابەر/ئاوارەیەك. سەرچاوەی زیاتر پێویست دەبێت لەكاتی هاتنی ئاوارەكانی موسڵ. وەزارەتی تەندروستی پێویستی بەپەلەی هەیە بە دەرمان، كەرەستەی پزیشكی، كلینیكی گەڕۆك و ئەمبولانس. كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕاردەی پێشكەشكردنی هاوكاریی نادارایی هەیە (بۆ نموونە كڕینی كلینیكی گەڕۆك بۆ كەمپەكانی پەنابەران) یان دابینكردنی هاوكاری دارایی بۆ هەوڵە بەردەوامەكان، بۆ نموونە لەڕێگەی سندوقی كۆمەكی (UNDP FFERREG)ەوە.

**3.54 وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەولەویەتی داناوە بۆ پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان لە دەرمانی ساختە، بەسەرچوو و زیانبەخش كە لە وڵاتانی ترەوە هاوردە دەكرێن.** وەزارەت پێویستی بە یارمەتی هەیە بۆ هۆشیاری-دەرمانخانەیی زیاتر (چاودێری و بەدواداچوون) لەگەڵ پێوەرەكانی كواڵیتی، ڕێسای توندتر بۆ دەرمان نووسین، كۆگاكردن و دابەشكردن، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی دەرمانی ساختە. ئەمە پێویستی بە دەستوەردان هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە خاڵە سنوورییەكان. وەزارەت پێشنیاری دامەزراندنی كۆمپانیایەك دەكات كە یارمەتیدەر بێت بۆ كڕینی دەرمانی باش و پاراستنی تەندروستی گشتی. هاوكات وەزارەت پێویستی بە تاقیگە دەبێت لەسەر خاڵە سنوورییەكان، بۆ نموونە لەسەر سنووری ئێران، بۆ پشكنینی بەرواری بەسەرچوون و كواڵیتی خواردن و دەرمان. حكومەتی هەرێمی كوردستان لەم دواییانەدا، هەندێك پێشكەوتنی بەدیهێناوە. لیژنە پێكهێنراوە بۆ ڕێگرتن لە بەكارهێنانی دەرمانی هاوردەكراو بەشێوەی نایاسایی كە مەرجەكانی تەندروستی و سەلامەتیان تێدا نییە. راگەیەنرا كە تەنها لە هەولێر، 101 تەن دەرمانی بەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوە. هاوكات داتابەیسێك پێویستە بۆ تۆماركردنی هاتنەناوەوەی دەرمان و خۆراكی ساختە و بەسەرچوو. ئەم كارانە پێویستیان بە هاوكاری كۆمەكبەخشان هەیە.

**3.55 حكومەت پابەندە بە بەرەوپێشبردنی كواڵیتی خزمەتگوزاری تەندروستی و سەلامەتی نەخۆش لەڕێگەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پروانامەی ستاندارە نێودەوڵەتییەكانی چاودێری تەندروستی و كارمەندان.** هەرێمی كوردستان بە گۆڕانێكی

دیموگرافی و تەندروستی دانیشتوان (epidemiological)دا تێپەڕدەبێت، کە کاریگەری دەبێت لەسەر توانای کەرتی تایبەت بۆ بەدەنگەوەچوونی خواستی زیادبوو لەسەر خزمەتگوزاری تەندروستی. تایبەتمەندییەکانی ئەم گۆڕانکارییە بریتین لە کەمبوونەوەی لەدایکبوون و مردنی پێشوەختی کۆرپە و پیربوونی دانیشتوان، هەروەها گواستنەوە لە بەربڵاوی نەخۆشییە گوازراوەکان و نەخۆشییەکانی منداڵ و دایك بەرەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە نەگوازراوەکان. هێشتا کاری زۆر ماوە بکرێت بۆ بەهێزکردنی سیستمی تەندروستی و بونیاتنانی کادر و ڕاهێنانی کارمەندانی تەندروستی. یەکێك لە پێداویستییە زۆر بەپەلەکان بەرەوپێشبردن و ڕاهێنانی کارمەندانە. ئەگەرچی هێزی کاری تەندروستی زیادی کردوە، بەڵام ئەم کەرتە هێشتا ڕووبەڕووی کەموکوڕی سەرچاوە مرۆییەکان دەبێتەوە و هێشتا ئامانجی خۆی بەدینەهێناوە. ڕاپۆرتێکی ڕاند (RAND) دەڵێت کە بەرەچاوکردنی ڕێژەکانی گەشە، تا 2020 هەرێمی کوردستان پێویستی 20 لەسەت زیادبوون دەبێت لە ژمارەی پزیشك، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێژەی ئێستای پزیشك-بۆ-دانیشتوان ڕابگرێت.

**3.56 وەزارەتی تەندروستی هەوڵ دەدات باج زیادبکات لەسەر کەرەستە و کاڵای زیانبەخش و هاوبەشی گشتی-تایبەت خێراتر بکات لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیدا.** وەزارەت پێشنیاری دانانی باج دەکات لەسەر کاڵا زیانبەخشەکانی وەك جگەرە و ئەلکهول بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و زیادکردنی داهات بۆ بودجەی حکومەت. وەزارەت هاوکات بایەخ دەدات بە پتەوکردنی هاوبەشی کەرتی گشتیی-تایبەت (PPP) و بونیاتنان، بەگەڕخستن و گواستنەوەی (BOT). لەم چوارچێوەیەدا، وەزارەتی تەندروستی تورکیا ئاڵوگۆڕی ئەزموون لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەمە یارمەتی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات، چوارچێوەیەکی سیاسەت و دامەزراوەیی ئامادەبکات بۆ بەشداری کەرتی تایبەت لە داراییکردن، بیمە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی. لەماوەی شەش مانگی ڕابوردودا، وەزارەت پرۆژەیەکی ئەزموونی ئەنجامداوە. هەوڵی زیاتر پێویستە بۆ دروستکردنی کارامەییەکان لە بوارەکانی (PPP, BOT) و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە. هاوکاری کۆمەکبەخشان پێویستە.

## 3.4 ئەولەویەتی #4: (شەش مانگی داهاتوو): چاودێری بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی

**هاوبەشی جێبەجێکار: بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ هاوکاری لە یەکێتی ئەورووپاوە**

**(پرۆژەی چاودێری بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی لە هەرێمی کوردستان ئێستا لە قۆناغی گفتوگۆدایە لەگەڵ تیمی یەکێتی ئەورووپا )**

حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلماندویەتی کە فەرمانگەکان پابەندن بە چاکسازییەکانی باشحوکمڕانی، لەڕێگەی بەرەوپێشبردنی سیستم و دامەزراوەکانی ئێستا. لە شەش مانگی داهاتوودا، جەخت دەخرێتە سەر ئەنجامدانی پێداچوونەوەیەکی چڕیی یاسایی و دابینکردنی ڕاهێنانی زیاتر بۆ کارمەندە تازەکان لەسەر بەڕێوەبردنی ئەلەکترۆنی، کە لەم دواییانەدا دانراوە. دەستنیشانکردنی بەرایی چالاکییەکانی چاودێری بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی کە ئامادەکراوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێستا لەژێر گفتوگۆدایە لەگەڵ تیمی یەکێتی ئەورووپا. ئەگەر یەکێتی ئەورووپا و بانکی نێودەوڵەتی ڕەزامەندیان لەسەردا و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندی کرد، چالاکییە پلان بۆ دانراوەکان لە 2017دا جێبەجێ دەکرێن.

**3.57 پرۆگرامی هاوکاری تەکنیکی لەبواری بەڕێوەبردنی دارایی گشتی بایەخ دەدات بە بەهێزکردنی تواناکانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پابەندبوون بە چاودێری بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی و ڕۆڵەکانی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە.** یەکێتی ئەورووپا دەخوازێت پاڵپشتی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ بەهێزکردنی چاودێری و لێپرسینەوەی بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی، لەڕێگەی گفتوگۆ لەسەر سیاسەت و پرۆگرامێك بۆ خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری

تەکنیکی، کە بانکی نێودەوڵەتی جێبەجێی دەکات. هاوکاری تەکنیکی دەرفەتێك دەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر بونیات بنێت لەسەر دەستکەوتەکانی پرۆژەی بانکی نێودەوڵەتی بۆ نوێکردنەوەی سیستمی بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی.

**3.58 حکومەت شەفافیەت و لێپرسینەوە زیادە دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کارا، کاریگەر و دادوەرانەی دامەزراوە گشتییەکان.** ئامانجی هاوکاری تەکنیکی بۆ چاودێری بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی، بریتیە لە زیادکردنی چاودێری و لێپرسینەوە لە بواری بودجە و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی دارایی گشتی لەلایەن دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە. بایەخی تایبەت دەدرێت بە هاندانی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە لە بواری گرێبەستە گشتییەکان، پتەوکردنی وردبینی دەرەکیی لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەهێزکردنی چاودێری یاسایی لەسەر بودجە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

## 3.5 ئەولەویەتی 5: (شەش مانگی داهاتوو): بەهێزکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی
## هاوبەشی جێبەجێکردن: بانکی نێودەوڵەتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە بانکی نێودەوڵەتی کردوە پاڵپشتی بەهێزکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتیی (PIMS) بکات، تەبا لەگەڵ دیدگای 2020. ئامانجە سەرەکییەکان بریتین لە ئەنجامدانی پرۆگرامێکی هەمەلایەنی هاوکاری تەکنیکی و هاوکاری پەیوەندیدار بۆ: نوێکردنەوە و بەهێزکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی لە هەرێمی کوردستان، لەرێگەی: (1) ئەنجامدانی پێداچوونەوەی کارایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلانانان؛ (2) نوێکردنەوە و بەرەوپێشبردنی رێبازەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆژە و رێنماییەکان، رێککارەکان و فۆرم و کلێشەکان؛ (3) بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کوردستان (KDMS) لەرێگەی دروستکردنی بانکێکی زانیاری هەمەلایەن بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ پاڵپشتیکردنی پلاندانان و بڕیاردان و بۆ بەدواداچوون و چاودێری وەبەرهێنانەکان، هەروەها بۆ بەکارهێنان وەك تۆمارێکی پرۆژەی وەبەرهێنان، (4) بونیاتنانی توانای کارمەندانی وەزارەت لە بواری بەڕێوەبردنی پرۆژەی وەبەرهێنان.

**3.59 بەهێزکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی (PIMS) گرنگە بۆ زیادکردنی وەبەرهێنان لە کەرتە بەرهەمدارەکاندا.** لەسەر بنەمای گفتوگۆکانی کاتی ئامادەکردنی پرۆژەکە، لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، دیارە کە گرنگە قۆناغ بەقۆناغ کارایی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی بەرەوپێش ببرێت، لەرێگەی بەرهێزکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی (PIMS)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێویستە وەك کۆمەڵێك چەمك، تەکنیك، ستاندار و و رێبازی کارکردنی هەمەلایەن دابڕێژرێت، هەروەها وەك کۆگایەکی یەکگرتووی زانیاری و دۆکۆمێنت و سیستمی بەڕێوەبردن بۆ داڕشتن و ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان. پلانێکی کاری وردی بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ 2017ـ2021 لە ساڵی 2017 ئامادە دەکرێت. هەندێك بابەتی سەرەکیی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی لە ساڵی یەکەمی جێبەجیکردندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشانی جۆرەکانی وەبەرهێنان دەکات کە لەوانەیە باشترین بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی ئابووری ئێستا. چی زۆرترین بەها بەرامبەر پارە دروست دەکات لەڕووی بوژاندنەوە ئابووری و/یان پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە؟
- حکومەتی هەرێمی کوردستان سەیری چۆنێتی گەیشتن بە وەبەرهێنانی کواڵیتی بەرز دەکات؛ واتا چۆن پێوانەی ئەدای پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی بکرێت.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی ئەنجام دەدات بۆ رێکخستنی دامەزراوەیی، سیستمەکان، رێککارەکان و رێکخستنە کارگێڕییەکان بۆ هاندانی کارایی وەبەرهێنانی گشتیی.

**3.60 بەهێزکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی (PIMS)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوودبەخش دەبێت بۆ ئەدای ئابووری.** هەڵبژاردنی ئەو وەبەرهێنانانەی کە کاریگەرترینن لەڕووی بوژاندنەوەی ئابووری یان پاراستنی گروپە هەژارەکان، دەستکەوتی گەورەی دەبێت بۆ گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. وەبەرهێنان لە کەرتە بەرهەمدارەکاندا بەرفراوانتر دەبێت. وەبەرهێنانی گشتی خێراتر دەبێت لەڕێگەی کەمکردنەوەی کاتی دەستپێکردن تا تەواوکردن. لەکۆتایدا، بەرەوپێشبردنی گەورە رووەدات لە کواڵیتی خەرجییەکانی وەبەرهێنان، واتا کارایی و کاریگەریی زیاتر دەبێت و بەفیڕۆچوون کەمدەبێتەوە.

**3.61 قۆناغە گرنگەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی لە شەش مانگی داهاتوو، چاوەڕوان دەکرێت ئەمانەی خوارەوە بن:**

- ئەنجامدانی پێداچوونەوەی کارایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلانناندان؛ لەگەڵ پەیکەری ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتیی (PIMS)
- پەرەپێدانی (IBP) وەك مۆدێلێك بۆ سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی گشتیی (KDMS) کە ئێستا هەیە و داتابەیسی هەیە بۆ تۆمارکردن، چاودێری و کۆنترۆڵی هەموو پرۆژەکان بەدرێژایی سوڕی ژیانیان؛
- بەفەرمی چوارچێوەی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی (PIM) پەیڕەو بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی 2017؛
- ئامادەکردنی کەرەستەی شیکاریی، میتۆدۆلۆجی، ڕێنمایی، کلێشە و پرۆسەکان بۆ دیارکردن و هەڵسەنگاندی پرۆژەکان.

## 3.6 ئەولەویتی #6: (شەش مانگی داهاتوو): چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان
## "دیدگای 2020: حکومەتێکی کارا، شەفاف، خاوەن متمانە و راستگۆ"
### هاوبەشی وەبەرهێنان: بانکی نێودەوڵەتی

**3.62 حکومەت بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی بانکی نێودەوڵەتی، لەسەر چالاکییە بەردەوام و پلان بۆ دانراوەکانی چاکسازی.** وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی پرۆژەی بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی، حکومەت بەردەوام دەبێت لە پێشکەوتن بەپێی کارەکانی پێشوو و لەڕێگەی ئەم چالاکییانەوە:

- جێبەجێکردنی دروستی ڕێنماییە تازەکانی گرێبەستە گشتییەکان، کە داوای بەهێزکردنی تواناکان و سەرچاوەکانی وەزارەتی پلاندانان دەکات بۆ ئامادەکردن و دانانی سیستمی سکاڵا، هەروەها ڕاهێنانی بەردەوام بۆ هەموو فەرمانگە جێبەجێکارەکان.
- جێبەجیکردن و دەرکردنی بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن (SBDs) و دانانی چوارچێوەی ڕێککەوتنەکان بۆ زیادکردنی کارایی لەڕێگەی خێراکردنی گرێبەستکردن بەپێی ڕێنماییە تازەکان.
- دانانی پۆرتاڵێك بۆ سیستمی ئەلەکترۆنی گرێبەستە گشتییەکان (لەگەڵ دانان، بەگەڕخستن، ڕاگرتن و پەرەپێدانی تواناکان) بۆ بەهێزکردن و هاندانی شەفافیەت، باشحوکمڕانی، بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە و دەستگەیشتن بە زانیاری.
- پەرەپێدانی تواناکان و بەپیشەییکردنی کارمەندانی گرێبەستە گشتییەکان، لەڕێگەی ناساندنی کۆرسی ئۆنلاین (e-learning courses) کە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندی بکات. کۆرسەکانی ئۆنلاین پێکدێن لە بنەماکانی گرێبەستە گشتییەکان، تەندەری کراوە و ڕێککارەکانی هەڵسەنگاندن بۆ جۆرە جیاوازەکانی گرێبەستە گشتییەکان. ئەمە پەرەپێدانی توانای کەرتی تایبەتیش دەگرێتەوە بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەت بەپێی ڕێنماییە تازەکان، لەڕێگەی وێرکشۆپ، سیمینار و دەرکردنی هەگبە و ڕێبەر.

**3.63 لە شەش مانگی داهاتوودا، زیاتر بونیات دەنرێت لەسەر دەستکەوتەکانی چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان.** فەرمانگەکان پاشکۆیەك ئامادە دەکەن بۆ ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان وەك بەشێك لە "گرێبەستە گشتییەکان بەپێی

پرۆژەی هاوبەشی گشتی-تایبەت". هاوکات سیستمی سکاڵا ئامادە دەکرێت؛ پاشکۆیەکی تر بۆ ڕێنماییەکانی گرێبەستە گشتییەکان ئامادە دەکرێت وەك بەشێك لە "لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان" و "ڕێبەری لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان" بە مەبەستی ناساندنی ڕێککارەکانی لێکۆڵینەوە لە سکاڵای پێشکەشکراو بە کاربەدەستانی گشتیی کە بەشدارن لە بەڕێوەبردنی سکاڵاکانی پێشکەشکارانی تەندەر. لە شەش مانگی داهاتوودا، ئەم پاشکۆیە دەردەکرێت و لیژنەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان دادەمەزرێت. لە ماوەدای نزیکدا، ڕاپۆرتی بەرایی بۆ ئامادەکاری بۆ کۆرسەکانی ئۆنلاین ئامادە دەکرێت. هاوکات ڕەشنووسی یەکەمی چوارچێوەی ڕێککەوتن بۆ کەرتی تەندروستی ئامادە دەکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە بونیاتنانی توانای کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەت لەبواری ڕێنماییە تازەکان و بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن.

**3.64 قۆناغە گرنگەکانی چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان کە ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە بۆ شەش مانگی داهاتوو ئەمانەی خوارەوەن:**

- جێبەجێکردنی دروستی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان، لەڕێگەی بەهێزکردنی توانای بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکانی وەزارەتی پلاندانان و دانانی میکانیزمەکانی لێکۆڵینەوە لە سکاڵا.
- زیادکردنی شەفافییەت و دەستگەیشتنی جەماوەر بە زانیاری لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی گرێبەستە گشتییەکان و ڕاگەیاندنی گرێبەستە بەخشراوەکان بۆ زۆرینەی پێشکەشکارانی تەندەر، بۆ ئەو فەرمانگانەی لە پرۆژەی ئەزموونیی پۆرتاڵی ئەلەکترۆنیدا بەشدارن.
- بەردەوامیی پەرەپێدانی تواناکان و بەپیشەییکردنی کارمەندانی گرێبەستە گشتییەکان لەڕێگەی ئامادەکردنی کۆرسی ئۆنلاینەوە.
-

## 3.7 ئەولەویەتی #7 (شەش مانگی داهاتوو)؛ ئەنجومەنی شورای هەرێم "پێداچوونەوەی ورد بە یاساکاندا"

## هاوبەشی جێبەجێکردن: بانکی نێودەوڵەتی

ئامادەکردنی پرۆگرامی پەرەپێدانی توانا بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، ئێستا لەژێر گفتوگۆدایە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی شورا. ئەگەر بانکی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی لەسەردا و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندی کرد، جێبەجێکردنی چالاکییە پلان بۆ دانراوەکان لە 2017دا دەستپێدەکات. تا ئێستا شەش چالاکیی دەستنیشانکراون لەلایەن ئەنجومەنی شوراوە: 1) ئەنجامدانی پێداچوونەوەیەکی ورد بۆ یاساکانی هەرێمی کوردستان؛ 2) بەرەوپێشبردنی کارامەیی دادگا کارگێڕییەکان لە بەڕێوەبردنی کەیسی کارگێڕیدا؛ 3) بەرەوپێشبردنی ئاکاری کاری کارمەندانی ئەنجومەنی شورا، لەڕێگەی ئامادەکردن و دەرکردنی "ڕێسای نەزاهەت" و "ڕێسای ڕەفتار" 4) داڕشتنی ڕێککارەکانی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ ئەنجومەنی شورا، تەبا لەگەڵ یاسای خزمەتی مەدەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ 5) داڕشتنی مۆدێلی نایابی کارگێڕیی لەسەر بنەمای (EFQM[6])؛ 6) دانانی سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان.

**3.65 یاساکانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پێداچوونەوە و نوێکردنەوە هەیە.** هەرێمی کوردستان کێشەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ کەڵەکەبوونی چەندین ئاستی یاسایی کە هەندێکیان زۆر کۆنن. لە ساڵی 2003ەوە، جیاوازی داڕشتن لەنێوان یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ کێشەیەکی تری دروستکردووە. پارێزەران لەو بڕوایەدان کە ئەمە کۆمەڵێك ناڕۆشنیی،

[6] مۆدێلی نایابی (EFQM) چوارچێوەیەکی ناوەسفیی بزنسە بۆ سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی، کە داڕێژراوە لەلایەن (EFQM) کە پێشتر ناسراو بوو بە (European Foundation for Quality Management) بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوەکان بۆ باشترکردنی تواناکانی کێبەرکێکارییان.

ئاڵۆزیی، هەڵە، ناکۆکیی و کەلێنی یاسایی دروستکردوە، کە پێویستە نەهێڵرێن، یان چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم و ناوەند بتوانن سیستمێکی یاسایی جێگیر و تەبا دابین بکەن بۆ وەبەرهێنان و گەشە. ئەم بەرەوپێشبردنەی چوارچێوەی یاسایی پێویستی بە رێبازی هاوبەش هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی و فیدراڵ، لەگەڵ هەبوونی باشترین هاوکاری لەنێوانیاندا.

## مەبەستی پێداچوونەوەی یاسایی و دەستنیشانکردنی یاسا گرفتاوییەکان و ئەو یاسایانەی کە پێویستە هەبن، هەروەها ئامادەکردنی رێککاری چارەسەری پێویست، واتا هەموارکردنەوە و نوێکردنەوە (مۆدێرنیزە کردن)

**3.66 لە هەرێمی کوردستان، هۆشیاریەکی روون هەیە لەسەر کێشەکە و ئامادەباشی هەیە بۆ چارەسەرکردنی، لەگەڵ داوای هاوکاریی تەکنیکی دەرەکیی.** ئەمە روونە لە ستراتیژی 2016ـ2020ی حکومەتی هەرێمی کوردستان[7]، کە ئامانجی ئەنجومەنی شورا بەم شێوەیە دیاریکراوە: "هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی لەگەڵ واقیعی هەرێم ناگونجێن." ئەمە لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی کێشەکەیە بەم شێوەیە: "لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر یاسای کۆن هەن، کە بەدیاریکراوی و دروستیی جێبەجێ نابن لەسەر مەرج و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایانە پێویستیان بە داڕشتنەوە هەیە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو یاساکانی هەرێم جێبەجێ دەکرێن و پەیوەندیدار و دیاریکراون." هەوڵ دەدرێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ستراتیژییە، سەرەتا لەرێگەی پێداچوونەوەیەکی وردی هەموو یاسا و رێنماییە کاراکان لە هەرێم، هەروەها هەموو رەشنووسە ئامادەکراوەکان کە هێشتا نەبوون بە یاسا.

**3.67 حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لە ئەزموونی نێودەوڵەتی وەربگرێت. پێداچوونەوەی یاسایی هاوشێوە لە چەند وڵاتێك ئەنجامدراون[8].** دەکرێت لێکۆڵینەوەی ورد لە باشترین ئەزموونەکان بکرێت، وەك پێداچوونەوەی یاساکانی ئێرلەندا کە لە 1999ەوە بەردەوامە، چالاکیی چاکسازی و پەرەپێدانی یاسایی میسر (ERRADA)، هەروەها کۆکردنەوە و نوێکردنەوەی رێساکانی بزنس و بازرگانی. بەڵام لەکۆتاییدا سەرکەوتنی پرۆسەکە دەوەستێتە سەر بەگەڕخستنی هەموو لایەنە یاسادانەرەکان، بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی شورا، چونکە ئەم لایەنانە دەسەڵاتیان هەیە بۆ بڕیاردان لەوەی چی بەشێك بێت لە سیستمی یاسایی هەرێمی کوردستان.

**3.68 هاوکاری کۆمەڵی مەدەنی و پیشەنگانی کار فاکتەرێکی گرنگ دەبێت.** ستراتیژی پەیوەندییەکان و دەستگەیشتنی ئەنجومەنی شورا، چوارچێوەی رێنمایی دروست دابین دەکات بۆ راوێژکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەی پێداچوونەوەی یاساکان.

**3.69 ئەگەر بانکی نێودەوڵەتی و حکومەت رەزامەندیان لەسەردا، دەکرێت پێداچوونەوەیەکی خێرا لە ساڵی 2017 دەستپێبکرێت، کە ئەمانەی خوارەوە هەنگاوە سەرەکییەکان و پێکهاتەکانی دەبن:**

1) لەسەرەتادا، شارەزا نێودەوڵەتییەکان کە بانکی نێودەوڵەتی هەڵیبژاردوون، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی شورا و دادوەرەکان کۆدەبنەوە بۆ ئامادەکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر مەودا، ئامانجەکان و پێکهاتە سەرەکییەکانی پێداچوونەوە وردەکە. پێویستە ئەم تێگەیشتنە ئەمانەی خوارەوە بگریتەوە:
   - رێککار و رێباز (منهج) لەسەر بنەمای باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکان؛
   - پۆلێنکردنی یاساکان بەپێی بنەما یاساییەکانیان یان بنەڕەتە مێژووییەکانیان؛
   - ستاندارد و پێوەرەکانی کواڵیتی بۆ بەکارهێنان لەکاتی پێداچوونەوەی یاساکانی ئێستا (نموونەی پێوەرەکان بۆ بڕیاردان لە گونجاوی دەقێکی یاسایی ئەمانەن: بنەما یاساییەکان، گونجاویی بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان،

---

[7] ئەم ستراتیژە لە قۆناغی دووەمی پرۆگرامی بونیاتنانی تواناى ئەنجومەنی شورا ئامادەکرا، کە لەنێوان 2015-2016 ئەنجامدرا، بە پاڵپشتی بانکی نێودەوڵەتی.

[8] سەیری پێداچوونەوەی رەشنووسی یاساکان بکە کە لە ساڵی 2010 لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە لە ئەفگانستان ئەنجامدراوە.

هاوڕێی بزنس و کار). پێوەری بنەمای یاسایی پێکدێت لە تەبایی لەگەڵ دەستوری عێراق، بەتایبەتی ئەو ماددانەی پەیوەندییان هەیە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان ئاستی فیدراڵی و هەرێمیی؛

- ئەگەر پێویست بوو، لیستی ئەو بوارانەی ئەولەویەتیان هەیە، کە گرنگن بۆ سیستمی یاسایی و ئابووری هەرێمی کوردستان. ئەم لیستە بڕیاردەر دەبێت لەسەر ئەوەی چ یاسایەك پێداچوونەوەی بۆ بکرێت لە قۆناغی هەڵسەنگاندا. بۆ نموونە، لەوانەیە ئەولەویەت بدرێت بە یاسا ئابوورییەکان، وەك میسر. لیستەکە تەبا دەبێت لەگەڵ بڕگەکانی **4** و **5**ی دەستوری عێراق، کە پێناسەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێم دەکەن.

ئەم گفتۆگۆ بەراییانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دیاریکردنی مەودا، شیکاری مەترسییەکانیش لەخۆدەگرێت بۆ توانای فەرمانگە پەیوەندیدارەکان. ئەگەر گفتوگۆ بەراییاکان ئاماژەیان تێدابوو لەسەر مەترسیی لاوازی توانا، پێویستە پرۆژەیەکی ئەزموونیی (**pilot**) ئەنجام بدرێت. ئەنجام و بەرهەمەکانی پرۆژە ئەزموونییەکە، لەوانەیە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش سوودبەخش بێت.

**2)** ئەنجومەنی شورا، وەزارەت و فەرمانگە یاسادانەرەکان لە دەستپێکردنی پرۆگرامەکە ئاگادار دەکاتەوە و بانگهێشتیان دەکات بۆ دابینکردنی لیستی ئەو یاسایانەی پێشنیاری دەکەن بۆ پێداچوونەوە. لەم قۆناغەدا زانیاری لەسەر پرۆژەکە، بەپێی ڕێنمایی ستراتیژی پەیوەندییەکانی ئەنجومەنی شورا، بڵاوکراوەتەوە.

ئەو لیستانەی وەزارەتەکان پێشکەشی دەکەن پێکدێت لە هەموو ڕێسا بەکارهاتووەکان و دەقە یاساییەکان، کرابن بە یاسا یان نا، کە پێویستە بەشێك بن لە سیستمی یاسایی داهاتوو. ئەم لیستانە لە "تۆمارێکدا" دادەنرێن کە مەودای پرۆژەکە دیاری دەکات.

هاوکات وەزارەتەکان بانگهێشت دەکرێن بۆ ئامادەکردنی لیستەکانیان بەپێی ئەولەویەت، بۆ نموونە بەپێی سێ پۆل: (**A**) بۆ "بایەخی دەستبەجێ" لە پێداچوونەوەکەدا، (**B**) بۆ "بەزووترین کات" و (**C**) بۆ پێداچوونەوە لە قۆناغی سەرەکیی پرۆژەکەدا.

پاش ئەوەی لیستەکان گفتوگۆیان لەسەر کراو و پەسەندکران، وەزارەت و فەرمانگەکان یاسا و ڕێسا هەڵبژێردراوەکان ئامادە دەکەن بەشێوەی کاغەزیی و ئەلەکترۆنی.

لەکاتی ئەم هەنگاوەدا، وەزارەتەکان دەتوانن پێشنیاری دەقی یاسایی نوێ بکەن کە پەیوەندییان هەیە بە ئەولەویەتەکان یان بابەتی هەنووکەیی پەیوەستن بە چاکسازی، یان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی یاسایی لە سیستمی یاساییدا.

**3)** یاسا پێشنیارکراوەکانی وەزارەتەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت لەلایەن پارێزەرانی پێداچوونەوەی وردەوە، بەپاڵپشتی شارەزا نێودەوڵەتییەکان و لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنی شورادا. لەم قۆناغەدا گرفت و کێشەکان و کەلێن و دەقە دووبارەکان دەستنیشان دەکرێن. دەکرێت هەموو بابەتەکان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت لەگەڵ وەزارەتە بەرپرسەکان و ڕێککەوتن لەسەر ڕاسپاردەی چارەسەرکردنیان بکرێت. دەکرێت چەندین تەکنیك بەکاربهێنرێت بۆ ئەو یاسایانەی پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گونجاون بۆ پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان، کاریگەرن و هاوڕێی بەکارهێنەرن. ئەم تەکنیکانە بریتین لە ڕەتکردنەوە، پتەوکردن بەبێ گۆڕانکاری ناوەڕۆکی یاساکە، دووبارە داڕشتنەوە بۆ تێگەیشتنی روون، هەموارکردنەوە یان گۆڕینی ریزبەندی، یان چەند تەکنیکێك پێکەوە. پاڵپشتی پێشکەشکراو لەلایەن راویژکارە نێودەوڵەتییەکانەوە ناوەڕۆکی یاساکانی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەزموونی وڵاتێکی تر پەیوەندیدارە.

**4)** پاش ئەوەی ئەم دەقە یاساییە تازانە داڕێژران، لەگەڵ ڕاپۆرتی پاڵپشتی و ڕاسپاردەکان، بە ڕێککارەکانی یاسادانانی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبن. ئەگەر بڕیاردرا کە پێویستە یان دەکرێت، ڕەچاوی ڕێککاری بەپەلەی تایبەت دەکرێت.

3.70 **لەوانەیە هەندێك ئەنجامی خێرا تا حوزەیرانی 2017 بەدیبهێنرێت، لەسەر ئەو یاسایانەی ئەولەویەتیان هەیە و پێشکەشکراون بۆ پێداچوونەوە و دارشتنەوە.** خانەی 2 ئەنجامە نزیك مەوداکان نیشان دەدات تا ناوەڕاستی 2017. ئەنجامە ناوەندییەکان سوودبەخش دەبن. تۆمارەکە وێنە گەورەکەی ژینگەی یاسایی ئێستامان نیشان دەدات، لەگەڵ لاوازیی و بەهێزییەکانی، دووبارە و کەلێنەکان. ئەنجامی خێرا دەوەستێتە سەر ئاستی سەرچاوە بەگەڕخراوەکان. لەم رووەوە، گونجاو دەبێت ئەگەر بەشداری تیمی نێودەوڵەتی زیاتر بکرێت لەرێگەی بەشداری رێکخەرێکی نیشتیمانییەوە، کە وەك پردی پەیوەندی نێوان تیمەکە و بەشدارانی هەرێمی کوردستان کاربکات. پێداچوونەوەی وردی ئەم مەودا و خواستە پێویستی بە کات هەیە. بەڵام دواکەوتن کەمدەبێتەوە لەرێگەی پەیرەوکردنی باشترین رێککار و رێباز. سوودە درێژخایەنەکان کە لە پرۆژەکە چاوەڕوان دەکرێن، بریتیە لە سیستمێکی یاسایی تەبا و سەقامگیر لە هەرێمی کوردستان، کە یاساکانی روونتر و کاراتر دەبن و هاندەر دەبن بۆ ژینگەیەکی باشتری ئابووری و کار و تێکەڵبوونی باشتری هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی باشتری خزمەتگوزارییەکان.

| |
|---|
| **خانەی 3.2: پێداچوونەوەی وردی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان بە یاساکاندا: ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لە مەودای نزیکدا.**<br>**ئەنجامی 1: <u>رێبەری کار</u>** کە رێنمایی پێشکەش دەکات لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی پێداچوونەوەی ورد بە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا. ئەمە رێبەرێکی کردەیی دەبێت و پاش گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجومەنی شورا ئامادە دەکرێت. پرۆسەکە هەوڵ دەدات زۆر گونجاو و کارا بێت لەرێگەی روونکردنەوەی رۆڵی هەر بەشداربوویەکەوە، بەهێزکردنی هەماهەنگی، دیاریکردنی ئەولەویەتەکان و دانانی خشتەی کاتە دیاریکراوەکان. ماوە: 15 رۆژ پاش کۆبوونەوەی راگەیاندنی پرۆژەکە.<br>**ئەنجامی 2: <u>رێباز</u> (منهج)** بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی یاساکان، کە کرۆکی پرۆژەکەیە. ماوە: هاوشێوەی رێبەری کار.<br><br>**ئەنجامی 3: <u>تۆمار</u>ی** هەموو یاسا پەیوەندیدارەکان کە لە مەودای سیستمی یاسایی هەرێمی کوردستاندان، ئەمە پشتڕاستکردنەوەی ئەو لیستانەن کە لەلایەن وەزارەتەکانەوە پێشکەش دەکرێن، هەروەها دابەشکردنیان بەپێی ئەولەویەت بەسەر سێ پۆلەکەدا. ماوە: سێ مانگ.<br><br>**ئەنجامی 4: <u>کۆرسێك</u>** بۆ کاربەدەستانی باڵا: پێشکەشکردنی راهێنان بە کاربەدەستانی حکومەت کە بەرپرسن لە کوالێتی یاساکانی هەرێمی کوردستان. سیمیناری راهێنان بۆ ناساندنی ئامانجەکان و تەکنیکەکانی چاکسازی یاسایی و پرنسیپە دروستەکان کە پێویستن بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی یاسایی.<br><br>**ئامانجی 5: <u>کەرەستەکانی پەیوەندیکردن</u>:** لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆژەکەدا، پێویستە سوودی تەواو لە کەناڵەکانی زانیاری وەربگیرێن لەژێر رێنمایی ستراتیژی پەیوەندییەکانی ئەنجومەنی شورا. لەم قۆناغە دەکرێت دوو ئەنجام دیاری بکرێن:<br>- بابەت بۆ ماڵپەڕێکی تایبەت بە پرۆژەکە، بە کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، کە ناوەرك، ئامانج، میتۆد و ئەنجامی چاوەڕوانکراویان هەبێت.<br>- نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیاری لەسەر تەواوکردنی قۆناغەکان.<br><br>**ئەنجامی 6: <u>راپۆرتی کۆتایی قۆناغ</u>** بۆ کۆکردنەوەی ئەنجامەکان، وانەکان بۆ بەرێوەبردنی پرۆژەکە و دیاریکردنی هەنگاوەکانی داهاتوو. هەروەها شیکاریی مەترسیی و هەڵسەنگاندنی تواناکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان. |

## 3.8 ئەولەویەتی #8 وەزارەتی ناوخۆ: پێشەنگی حکومڕانی ئەلەکترۆنی

**هاوبەشی جێبەجێکار: (UNDP)**

**3.71 وەزارەتی ناوخۆ بەهاوبەشی (UNDP) کاردەکات بۆ ئەلەکترۆنیکردنی وەزارەت.** پرۆژەکە هاوکاری پێشکەش دەکات بە تیمی حوکمڕانی ئەلەکترۆنی لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ زیاتر کارکردن لەسەر هەندێك ئامانجی پێویست بۆ سەرکەوتنی گشتاندنی پرۆژە ئەزموونییەکی ئێستا. هاوکاری تەکنیکی دەرەکیی دەستنیشان دەکرێت و سوودی لێوەردەگیرێت بۆ پاڵپشتیکردنی تیمە نیشتیمانییەکان بەپێی پێویست. هاوکات پرۆژەکە هەوڵ دەدات تیمێکی کاری حوکمڕانی ئەلەکترۆنی دروست بکات، بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دامەزراندنی حوکمڕانی ئەلەکترۆنییەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوتاکان لە حکومەتی فیدراڵ. چاوەڕوان دەکرێت پرۆژەکە نەخشەڕێگەی حوکمڕانی ئەلەکترۆنی دابڕێژێت، کە چەند ئاستێکی ئەولەویەتەکان دیاری دەکات بۆ جێبەجێکردنی حوکمڕانی ئەلەکترۆنی لە بواری پەرەپێداندا. بایەخی تایبەت دەدرێت بە دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەی ئاسانن بۆ جێبەجێکردن و سوودیان دەبێت لەڕووی کارایی و هەرزانیی ڕێگەچارەکانی حوکمڕانی ئەلەکترۆنییەوە. لەم بوارەدا (UNDP) هاوکاری وەزارەت دەکات لەسەر پێکهاتەکانی حکومەتی ئەلەکترۆنی تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و هاوڵاتی و هاوڵاتی و حکومەت، بەشێوەیەك کە زۆترین ژمارەی دانیشتوان بگرێتەوە، واتا دڵنیایی کردن لەوەی کە بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان تەبان لەگەڵ پێداویستییەکانی بەکارهێنەران و ئامادەباشیان. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی جەخت خستنە سەر جێندەر و لاوان، یەکێك دەبێت لە ئەولەویەتەکان.

**3.72 ئەنجامی چاوەڕوانکراوی 1:** حوکمڕانی ئەلەکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی باشتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری: پێکهێنانی تیمی کار و بەدامەزراوەییکردن.

چالاکییەکان:

- پاڵپشتیکردنی پێکهینانی تیمی کار و بەشداری پێکردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، کەرتی تایبەت، کۆمەڵی مەدەنی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان.
- دابینکردنی هاوکاری و ڕێنمایی بۆ تیمی کار بۆ ئامادەکردنی نەخشەڕێگەی ئەزموونیی حوکمڕانی ئەلەکترۆنی، لەگەڵ نیشاندەری دیاریکراو بۆ پێوانەکردنی پێشکەوتن.
- پاڵپشتیکردنی کەمپەین و پلانی بەگەڕخستنی سەرچاوەکان و بەئامانجکردنی دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان، لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی، گەڵاڵەکردنی کۆدەنگی لەسەر پرۆگرامە گەورەکە.

**3.73 ئەنجامی چاوەڕوانکراوی 2:** دەستنیشانکردنی پرۆژە ئەزموونییەکان، دیزاین و جێبەجێکردنی بەشێکی پرۆژە ئەزموونییەکان

چالاکییەکان

- دڵنیابوون لە یەکترتەواو کردن لەنێوان شارەزا نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان، سوودوەرگرتن لە تیمی کار وەك سەنتەرێکی بیرکردنەوە (think tank) و بزوینەری گۆڕانکاری.
- دیاریکردنی بوارە شایستەکان، کە حکومڕانی ئەلەکترۆنی دەتوانێت ئەنجامی خێرا و کۆنکریتی بەدیبهێنێت لەسەر ڕێگەچارە کردەییەکان، پێشکەشکردنی پاڵپشتی بە لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی چالاکییە پەیوەندیدارەکاندا.
- بەکارهێنانی مۆدێلەکانی (South_to_South and Triangular).

## 3.9 ئەولەویەتی #9: پەرەپێدانی کەرتی تایبەت
## "فرەییکردنی ئابووری و بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت"
**هاوبەشی جێبەجێکار: بانکی نێودەوڵەتی**
**(کراوەیە بۆ هەموو هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان)**

پەرەپێدانی کەرتی تایبەت یەکێکە لە ئەولەویەتە سەرەکییەکانی حکومەت لە شەش مانگی داهاتوودا، لەگەڵ هاوکارییەکی بەرچاوی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، پرۆگرامی ریزبەندی کراو بەپێی ئەولەویەتەکان ئەمانە دەگرێتەوە: (1) دروستکردنی چوارچێوەی یاسایی و رێکخستن بۆ ئاسانترکردنی دەستپێکردن، بەگەڕخستن و وازهێنان لە بزنس؛ (2) بەشدارپێکردنی کەرتی تایبەت لە چاکسازییەکان، لەرێگەی گفتوگۆیەکی کاریگەری گشتی-تایبەت؛ (3) دانانی پرۆگرامی کارای پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی؛ (4) فراوانکردنی دەستگەیشتن بە دارایی و قەرز، بەتایبەتی بۆ کۆمپانیا بچووك و مامناوەندییەکان.

**ئەولەویەتی #9.1: سیستمی یەك پەنجەرە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیاکان (هاوبەشی جێبەجێکردن: بانکی نێودەوڵەتی)**

**3.74 لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەوڵەکانی چاکسازی بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت خێراتر دەکات.** هاوکاری تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەردەوام دەبێت لەنیوەی یەکەمی 2017. ئەم چوار قۆناغە لەلایەن وەزارەت و تیمی بانکی نێودەوڵەتییەوە تەواو دەکرێن:

1. **راسپاردە و مۆدێل بۆ پرۆسەکان و رێککارەکان و بەستاندارد کردن.** لەم قۆناغەی پرۆژەکەدا، تیمی بانکی نێودەوڵەتی شیکارییەکەی تەواو دەکات، لەرێگەی پێشنیارکردنی راسپاردەی ورد بۆ هەر یەکێك لە ئامانجەکانی پرۆژەکە. ئەمە دۆخی پێشنیارکراو ڕوونەکاتەوە و وردەکاری پێویست پێشکەش دەکات لەسەر جێبەجیکردنی. ئەمە هاوشان دەبێت لەگەڵ راسپاردە پەیوەندیدارەکان بە بەستانداردکردن، راسپاردەکانی پەیوەست بە دانانی ستاندار بۆ هەر یەکێك لە بوارەکان، وەك ستاندارە تەکنەلۆجییەکان بۆ ئاڵوگۆڕی داتا، ئامادەکردنی فۆرمی ستانداردی پێشکەشکردنی داواکاری، هەروەها دەرکردنی (ISIC Rev. 4) بۆ چالاکییەکانی پۆلێنکردنی نیشتیمانی.
2. **راسپاردەکان لەسەر چاکسازی یاسایی.** لەم قۆناغەدا، تیمی پرۆژەکە شیکاری دەکات بۆ کاریگەری راسپاردە پێشکەشکراوەکان لەسەر یاساکانی ئێستای پرۆسەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، سەرنج وەردەگرێت و راسپاردەکان دەگونجێنێت بۆ دڵنابوون لەوەی کە شایانی جێبەجێکردنن لە دۆخی کوردستاندا.
3. **هەماهەنگی رێکخراوەیی:** لەم قۆناغەدا، تیمی پرۆژەکە پلانێکی کار ئامادە دەکات بۆ گۆڕانکاریی و بەرەوپێشبردنەکان کە پێویستە ئەنجام بدرێن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی مەرجە پێشنیارکراوەکان. هاوکات پاڵپشتی باشترکردنی پرۆسەکانی ئێستای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان دەکات بەمەبەستی بونیاتنانی (OSS)ێکی هەمەلایەن.
4. **پەرەپێدانی تەکنەلۆجیی:** لەکۆتایدا، پرۆژەکە سیستمی پێشنیارکراوی (OSS) ئامادە دەکات، لەگەڵ پۆرتاڵی تۆمارکردن، نوێکردنەوەی/جێبەجێکردنی تۆماری بازرگانیی، هەماهەنگکردنی سیستەم (back office) و پێکهاتەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

**3.75 لەماوەیەکی کورتدا ئاستی جێبەجیکردن نایاب بووە.** تیمەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بانکی نێودەوڵەتی، دوو قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەیان تەواوکردوە، کە مەبەست لێیان چاکسازی وەزارەت و رێخۆشکردن بووە بۆ پەرەپێدانی کار و کەرتی تایبەت. تائێستا، شیکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان و هەڵسەنگاندنی پۆرتاڵ تەواوکراون. لەنیوەی یەکەمی 2017، سێ قۆناغەکەی

تر تەواو دەکرین: دارشتنەوەی ئەندازە و نەخشەی پرۆسە، دیزاینی ڕێگەچارەی تەکنیکی و پاڵپشتی جێبەجێکردن. هێڵکاری 1 پوختەیەکە لەسەر پێنج قۆناغەکەی پرۆژەکە و چاکسازییەکان.

**هێڵکاری 3.1 هاوکاری تەکنیکی بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی: قۆناغەکانی پرۆژەکە**

| قۆناغی پرۆژە | 1 شیکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان | 2 هەڵسەنگاندنی پۆرتاڵی ئێستا (ئەوەی کە هەیە) | 3 یەکخستنی پرۆسەکان و نەخشەسازی (ئەوەی کە دەبێت هەبێت) | 4 دیزاینی ڕێگەچارەی تەکنیکی | 5 پاڵپشتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| | 1 ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ پاڵپشت و لاتەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دیاریکردن مەودا و ئامانجەکان | 1 جیاوازی سەردانی خزمەتخوازان | 1 بەدەستهێنانی زانیاری و مەرجەکانی ئاژانسەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر | 1 ئامادەکردنی دیزاینی ئاست بەرزی پرۆسەی تۆمارکردنی بیزنس | 1 پاڵپشتی دارشتنی ڕێگەچارەی پێشنیاریکراو |
| چالاکی یەکان | 2 پێداچوونەوەی پرۆسەی تۆمارکردنی بزنس لە بەغداد و هەولێر و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان | 2 وردەکارییەکانی پرۆسەکە وەك ئەوەی هەیە | 2 دارشتنی دیزانی پرۆسەی(وەك ئەوەی دەبێت هەبێت) و وەرگرتنی سەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان | 2 دانانی ژێرخانی هاردوێیەر و سۆفتوێیەر | 2 دڵنیایی جۆریی / پشکنینی سیستەمی نوێی پۆرتاڵ |
| | 3 شیکاری مەرجەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان و دیاریکردنی پلانی بەرێوەبردنی پرۆژە | 3 ئەنجامدانی شیکاری کەلێنەکان لەرێگەی دەستنیشانکردنی بەربەستەکان لەرێگەی نەخشەسازی پێوانەییەوە | 3 دارشتنی پرۆسە و نەخشە بۆ پرۆسە تازەکان | دارشتنی پلانی جێبەجێکردن | پاڵپشتیکردنی (UAT) |
| ئەنجام ەکان | • دۆکۆمێنتی هەڵسەنگاندنی لایەنە پەیوەندیدارەکان<br>• پلانی پرۆژە | • دۆکۆمێنتی پرۆسەکە (وەك ئەوەی هەیە)<br>• راپۆرتی دەستپێکردن | • پرۆسەی (وەك ئەوەی دەبێت) و دۆکۆمێنتی راسپاردەکان | • راپۆرتی بەرایی کە ئەمانە لەخۆدەگرێت:<br>• دۆکۆمێنتی دیزاینی ئاست بەرز<br>• دۆکۆمێنتی پەیکەری سیستەم<br>• پلانی جێبەجێکردن | • راپۆرتی کۆتایی |
| ویرکشۆپەکان | | | | | |

**پێشکەوتن بەدیهاتوە لەبواری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، بەڵام وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەخوازێت زیاتر بەدیبهێنێت لەبواری چاکسازییەکانی بازرگانی و پیشەسازی، وەك مۆڵەتی ئۆنلاین، زانیاری ناوەندیی پیشەسازی و داتابەیس و مافی کۆپیکردنی لۆگۆ.**

**ئەولەویەتی #9.2: مۆڵەتی ئۆنلاین (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان)**

3.76 مولْەت لەلایەن وەزارەتی کار، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دەستەی وەبەرهێنانەوە دەدرێت. پێویستە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بدرێت.

**ئەولەویەتی #9.3: زانیاری ناوەندیی پیشەسازی (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان)**

3.77 **پێویستە زانیاری ناوەندیی لە وەزارەتی پلاندانان بێت** (زانیاری لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دەستەی وەبەرهێنان پێویستە بدرێن بە وەزارەتی پلاندانان).

حکومەت پێویستی بە هاوکاری تەکنیکی دەبێت بۆ کەمکردنەوەی هەنگاوەکانی مامەڵەکان و ناساندنی سیستمی یەك پەنجەرە.

**ئەولەویەتی #9.4 لۆگۆ و مافی کۆپیکردن (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان)**

3.78 **وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێویستی بە هاوکاری تەکنیکی هەیە بۆ دانانی داتابەیس بۆ لۆگۆ و مافی کۆپیکردن.** لەئێستادا، زانیارییەکان لە کۆمپانیاکانەوە ناگەن بە وەزارەت. کێشەی نەبوونی زانیاری هەیە لەسەر ئاستی وەزارەت دەربارەی لۆگۆ و شوێنی بازرگانی کۆمپانیاکان. بارکۆد پێویستە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کۆمپانیاکان. وەزارەت هەوڵ دەدات رێککارەکانی کوالێتی کۆنترۆڵ دابنێت. پێویستە جولەی زانیاری هەبێت لەسەر ستانداردی بەرهەمەکان. وەزارەت پێویستی بە دانانی سیستم و پرۆگرامی راهێنان هەیە.

**ئەولەویەتی #9.5 ئەنجامدانی کار ( Doing Business)**

3.79 **پرۆژەی هاوکاری لەبواری "ئەنجامدانی کار" سوودبەخش دەبێت بۆ چاکسازی ژینگەی کار.** دەکرێت ئەمە لەرێگەی 'راوێژکاری لەسەر بنەمای نیشاندەرەکان' ئەنجام بدرێت، بۆ چارەسەکردنی کێشەکان، کە لەرێگەی نیشاندەرەکانی ژینگەی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییەوە دیاریکراون. ئەم پرۆژەیە سوودبەخش دەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لەو بوارانەدا کە لەرێگەی کۆمەڵێك نیشاندەری کردەیی وەبەرهێنانەوە پێوانەکراون. ئامانجی سەرەکیی پێشخستنی چاکسازییە یاساییەکان و دیاریکردنی ئامانجەکان و پێوانەکردنی ئەدایە لە بواری نیشاندەرە پەیوەندیدارەکانی ئەنجامدانی کار، وەك: دەستپێکردنی کار، جێبەجێکەدنی گرێبەست، بازرگانی لە دەرەوەی سنوورەکان. ئەمە دەتوانێت دەسینیشانی بەربەستە یاساییەکان و دەرفەتەکانی چاکسازی بکات، وەك ئەنجامێکی پرۆژەکە، دەتوانێت پلانێکی کار بێت بۆ بەرێوەبردن و جێبەجێکردنی گۆڕانکاری.

3.80 **لەرێگەی شیکارێکی بەراوردکارییەوە بۆ رێساکانی کار، دانانی ئامانجەکانی ئەنجامدانی کار دەتوانن هاندەربن بۆ چاکسازی.** پرۆژەی هەرێمیی ئەنجامدانی کار، رێگەیەکی کاریگەر بووە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئاستەنگە سەرەکییەکان. ئەم شێوازە لە مەکسیك ئەزموونکراوە و یارمەتی حکومەتە خۆجێییەکانی دا بۆ سەرکەوتن، لەرێگەی پەیرەوکردنی چاکسازی ئاسان و جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی کاریگەر، توانیان توانای کێبەرکێیان بەرزبکەنەوە. نیشاندەرەکانی ئەنجامدانی کار بەسەرکەوتووی لەسەر ئاستی خۆجێییدا لە 50 وڵات ئەزموونکراون.

**ئەولەویەتی #9.6 هاوکاری بۆ کەرتی پیشەسازی (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان)**

**3.81 وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێویستی بە هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە بۆ زۆنە پیشەسازییەکان.** لە ساڵی 2010، چوار زۆنی پیشەسازی دروستکران، بەڵام هەرگیز کارا نەکران، بەهۆی قەیرانی داراییەوە. لەئێستا زۆنە پیسەسازییەکان، لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاردان. هەرێمی کوردستان پێویستی بە زۆنی پیشەسازی تر هەیە کە لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەرێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی دابێت. کەمی خزمەتگوزاری هەیە لە زۆنە پیشەسازییەکان، وەك ئاو بۆ خواردنەوە و بۆ بەکارهێنانی پیشەسازی، تۆڕی کارەبا، سیستمی ئاوەڕۆ. هاوکات، شەقامەکان قیرتاو نەکراون. کێشەی نەبوونی کارمەند و راوێژکاری کارامەیە هەیە بۆ پێگەیاندن و راهێنان لە زۆنە پیشەسازییەکان. کەرتی تایبەت قەرزی پیشەسازی وەرناگرێت — کارێکی باش دەبێت ئەگەر بانکە پیشەسازییەکان چالاك بکرێنەوە.

**3.82 یاسا و رێنمایی پێویست نییە.** یاسای ژمارە 25ی ساڵی 1991 "یاسای پەرەپێدانی پیشەسازی" نوێکراوەتەوە، بەڵام هێشتا چاوەڕوانی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانە. گرنگە حکومەت ئەم یاسایە دەربکات. (UNIDO) یارمەتی پێشکەش دەکات بۆ ئامادەکردنی رەشنووسی یاسای زۆنە پیشەسازییەکان، لە ئاداری 2017 ئامادە دەبێت. وەزارەت پێویستی بە یارمەتی هەیە بۆ ئامادەکردنی رێبەری پیشەسازی بۆ روونکردنەوەی پرۆسەی مۆڵەت بۆ کارگە پیشەسازییەکان و مەرجەکانی دڵنیایی جۆریی.

**ئەولەویەتی #9.7 بەتایبەتکردنی کۆمپانیا حکومییەکان (SOEs) (کراوەیە بۆ پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان)**

**3.83 پێویستە حکومەت ئاستی خەرجییەکانی ئێستای بپارێزێت، لەرێگەی کەمکردنەوەی تەرخانکردنەکانی بۆ کۆمپانیا حکومییە ناکاراکان.** بەرەوپێشبردنی کارایی و شایستەیی دارایی کۆمپانیا حکومییەکان گرنگە بۆ راگرتنی بەردەوامی دارایی. دەکرێت ئەمە لەرێگەی بەتایبەتکردنی ئەم کۆمپانیایانەوە بکرێت. پێویستە حکومەت پێداچوونەوە بکات بە شێوازەکانی بەرێوەبردن و ئەدای دارایی ئەم کۆمپانیا حکومییانە و پلانێکی کار دابرێژێت. پێویستە چاکسازی کۆمپانیا حکومییەکان پێداچوونەوە بکات بۆ قەبارەی کارمەندان، لێپرسینەوە لە پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری، لێپرسینەوە لە کارمەندانی بەرێوەبەرایەتی. پێویستە داتابەیسێك هەبێت بۆ جەردکردنی هەموو کۆمپانیا حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ کۆکردنەوەی داتا لەسەر کارەکانیان و چاودێریکردنی مەترسییە داراییەکانیان. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ چاودێریکردنی ئەدای کۆمپانیا حکومییەکان. هاوکات چاودێرکردنی بارگرانی و مەترسییەکانیان لەسەر دارایی گشتی دەکات.

**3.84 بەتایبەتکردنی کۆمپانیا حکومییەکان پارە بۆ حکومەت دەگێڕێتەوە و زەمینەی یەکسان بۆ کەرتی تایبەت دروست دەکات.** دارشتنەوە و بەتایبەتکردنی کۆمپانیا حکومییەکان، دەبێتە هۆی باشترکردنی دۆخی دارایی و هاندانی گەشە بە رابەرایەتی کەرتی تایبەت. زۆربەی کۆمپانیا حکومییەکان لە دۆخێکی خراپدان، جگە لە دابینکردنی کار بۆ خەڵك هیچ بەهایەکی تریان نییە. ژمارەی کارمەندەکانیان زۆرە و تێچووی بەرهەمەکانیان زۆر بەرزە. لەئەنجامدا زیانی دارایی دروست دەکەن و بارگرانییەکی گەورەن لەسەر دارایی گشتیی. هاوکات شەفافیەت لە کۆمپانیا حکومییەکان زۆر سنوردارە.

**3.85 بە رەچاوکردنی ژمارەی زۆری فەرمانبەری مەدەنی، کێشەیەك کە پێویستی بە چارەسەرکردنە بریتییە لە ئاراستەکردنی فەرمانبەران لە کاری کەرتی گشتییەوە بۆ کاری کەرتی تایبەت.** هەندێك پیشەسازی بێبەها کە توانای کێبەرکێیان نییە، لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەردەوامن و پێویستە نوێبکرێنەوە و بەتایبەت بکرێن یان دەستبەرداریان بن لەگەڵ پلانی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی کارمەندان. وەك بەشێك لە هەوڵەکانی حکومەتی بۆ بچووکردنەوەی قەبارەی کەرتی گشتی (فەرمانگەکان و کۆمپانیا حکومییەکان)، دەکرێت پلانێکی ئاراستەکردن و دابەشکردنی کارمەندان دابنرێت، بۆ یارمەتیدانی کارمەندان بۆ گواستنەوە بۆ کەرتی تایبەت. دەکرێت بەستەی قەرەبووی وازهێنان پێشکەش بکرێت بە کارمەندانی کەرتی گشتی (پرۆگرامەکانی وازهێنانی خۆبەخش و زۆرەملێ)، هاوکات لەگەڵ راهێنان و پرۆگرامی گونجاندنی کار.

## 3.10 ئەولەویەتی #10 (شەش مانگی داهاتوو): کەرتی کشتوکاڵ

**3.86 پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسای بەهێز هەیە لەبواری ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا.** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، رەشنووسی یاسایەکی ئامادەکروە بۆ پێشکەشکردن بە پەرلەمان. هەبوونی یاسای گونجاو گرنگە بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ. پێویستە زانیاری روون بدرێت بە خەڵك و وەبەرهێنەران لەلایەن 13 بەڕێوەبەرایەتییەوە، لەوانە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو، شارەوانییەکان، بەنداوەکان، ئاودێری، کارەبا و شوێنەوار. ئەم بەڕێوەبەرایتییانە پێویستە زانیاری بدەن بە خەڵك لەڕێگەی وێبسایتەکانیانەوە، لەسەر ناوچە تەرخانکراوەکان بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی – نەخشەی زانیارییبەخش سوودبەخش دەبێت بۆ وەبەرهێنەران. هاوکات وەزارەت پێشنیازی چاکسازی زەویوزاری کردوە، چونکە لە ئێستادا هەموو جوتیاران خاوەنی زەوی نین.

**3.87 لە داهاتوودا وەرزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەوڵی دروستکردنی هاوبەشی گشتی-تایبەت دەدات.** هەندێك خزمەتگوزاری گشتی دەکرێت بەتایبەت بکرێن بۆ پاشەکەوتی زیاتر بۆ حکومەت. بۆ نموونە، بەڕێوەبردنی کوتانەکان، پیتاندنی دەستکرد، بەڕێوەبردنی دارستانەکان دەکرێت لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام بدرێن. وەزارەتی کشتوکاڵ پێشنیازی هاوبەشی گشتی-تایبەت دەکات لەبواری بەبازاڕکردنی بەرهەمەکان، تۆوی بڕواپێکراو و تاقیگەکان. دەکرێت کۆمپانیای بەبازاڕکردن دروستبکرێت، بۆ ئەوەی جوتیاران کاڵاکانیان بفرۆشن. وەزارەت پێشنیاری 62 پرۆژەی کردوە، بۆ هاندانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە کەرتی کشتوکاڵدا. ئەم پێشنیارە نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران. یەکێك لە پرۆژەکان بریتییە لە دابینکردنی قەرز بۆ جوتیاران بۆ کڕینی مانگا. پرۆژەیەکی تر بریتیە لە دروستکردنی بەنداوی نوێ. لەئێستا هەرێمی کوردستان 6 بەنداوی هەیە. وەزارەت پێشنیاری دروستکردنی 8 بەنداوی تر دەکات لەڕێگەی هاوبەشی گشتی-تایبەتەوە.

## 3.11 ئەولەویەتی #11 (شەش مانگی داهاتوو): پەنابەران/ئاوارەکان

**3.88 حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای هاوکاری راستەوخۆ و دەستبەجێ دەکات بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی مرۆیی، بەهۆی نەبوونی شوێن و خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست بۆ پەنابەران و ئاوارەکان.** حکومەت سەرەڕای میوانداریکردنی ئاوارە ناوخۆییەکان، یارمەتیدەر بووە لە سەرکردایەتیکردن و پلاندانان بۆ بەدەنگەوەچوون و بەگەڕخستنی سەرچاوەکان. حکومەت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگادار دەکاتەوە لە بەردەوامی قەیرانە مرۆییەکە، کە لە کۆتایی ئۆپەراسیۆنی موسڵدا خراپتر دەبێت. تائێستا، جەنگی ناوچەکە زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارە و پەنابەری ناچارکردوە پەنا بهێنن بۆ هەرێمی کوردستان. ئەم قەیرانە مرۆییە بۆتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەڕێژەی 30 لەسەت، دروستکردنی فشار و بارگرانی گەورە لەسەر ژێرخانی هەرێم و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان. بانکی نێودەوڵەتی تێچووی 2015ی بە 1.4 ملیار دۆلار خەملاند.

**3.89 زیادبوونی خێرای ژمارەی بریندارە هەستیارەکان کە روو لە نەخۆشخانەکانی هەرێم دەکەن، لەکاتێکدا کە کەرتی تەندروستی لەژێر فشار و بارگرانییەکی زۆردایە.** ئەنجامدانی پشکنینی وردی ئاسایش بۆ ئاوارە تازەکان و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، زیاترە لە توانا تەکنیکییەکان و ژمارەی کارمەندان. لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنی موسڵەوە لە تشرینی یەکەمی 2016، زیاتر لە 195,000 کەس لە موسڵ و شارەکانی دەوروبەری ئاوارەبوون. داتا تازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشانی دەدەن کە زیاتر لە 96,000 کەس لەمانە تازە گەیشتونەتە کەمپەکانی خازر، حەسەن شام و دیبەگە لە پارێزگای هەولێر، هەروەها کەمپەکانی قایماوا و نێرگزلی لە پارێزگای دهۆك. نزیکەی 10,340 بریندار مەدەنی گوێزاونەتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان. ژمارەکە بەشێوەیەکی زۆر زیاد دەکات کاتێك ئۆپەراسیۆنی موسڵ تەواو بوو. پێش ئۆپەراسیۆنی موسڵ، نەخۆشخانەکانی هەرێم پڕبوون لە پەنابەر و ئاوارە. بەکورتی یەکەی چاودێری پێویست، قەرەوێڵە و پێداویستی پزیشکی پێویست نییە بۆ ئەم هەموو کەیسە.

**3.90 هەرێمی کوردستان ددان بە سنووردارى تواناکاندا دەنێت بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی مرۆیی و داوا لە هاوبەشە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان دەکات هاوکاری مرۆیی دابین بکەن و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان پێشکەش بکەن بە خێزانە ئاوارەکان.** بەبێ هاوکاری بەپەلەی نێودەوڵەتی، ئەم کارەساتە مرۆییە چارەسەر نابێت. بەهاوکاری وەزارەتی کۆچی عێراق و (UNHCR)، حکومەتی هەرێم 5 کەمپی فریاگوزاری لە هەولێر و دهۆك دروستکردووە، بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارە تازەکانی موسڵ. کەمپە تەواوکراوەکان بەتەواوی پڕبوون و 26.000 خێزان (96.000 کەس) نیشتەجێن. لەبەرئەوە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارەی زیاتر سنووردارە، ئەگەر هەموو کەمپەکانی تریش تەواوبن، حکومەتی هەرێم تەنها دەتوانێت 12.000 خێزانی دیکە نیشتەجێ بکات. بەڵام رۆژانە زیاتر لە 1000 کەس پەنادەهێنن بۆ هەرێمی کوردستان. ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو تێچووەکانی بەگەڕخستن، بەڕێوەبردن، پاراستن و ئاسایشی هەموو کەمپەکان و سەنتەرەکانی پێشوازی دابین دەکات، کە مانگانە دەگاتە بڕی 3.5 ملیۆن دۆلار.

## 3.12 ئەولەویەتی #12 (شەش مانگی داهاتوو): تواناداركردنی ئافرەتان

### "دیدگایەك بۆ دروستكردنی سەركردایەتی ئافرەتان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریكا ( MENA REGION)

**هاوبەشی جێبەجێکردن: کراوەیە بۆ هاوکاری هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان**

### پاڵپشتیکردنی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان پێویستە بۆ تواناداركردنی ئافرەتان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا (MENA REGION) لەڕێگەی "دەروازەی پرۆگرامی جێندەر" لە هەرێمی کوردستان

**3.91 هەرێمی کوردستان توانای هەیە ببێتە دەروازە بۆ تواناداركردنی ئافرەتان لە تەواوی ناوچەکە،** هەروەها ببێتە پێشەنگی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا، بە دەستپێکردن لە کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەی عێراقییەوە – رێگەیەکی کردەیی بۆ ئافرەتان تا دەنگ و ئاژانسی تایبەت بەخۆیان هەبێت. لە سێ ساڵی رابوردودا، پێنج سەنتەری جێندەر لە عێراق کراونەتەوە، لە زانکۆکانی بەغداد، بەسرە، سۆران، سلێمانی و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی. ئەم سەنتەرە تازانە پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە تا ببن بە شوێنێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەریتە کۆمەڵایەتییە نێگەتیڤەکان و لەقاڵبدانی ئافرەتان. شێوازێکی یەکگرتوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی جێندەری زۆر گرنگە. ئەمە پێویستە ئەمانە لەخۆبگرێت: 1) بەکارهێنانی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی وەك دەروازەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا بۆ "بەرەوپێشبردنی جێندەریی" و بەدەستهێنانی مافە زۆر پێویستەکانی ئافرەتان؛ 2) هاندانی سەرکردایەتی ئافرەتان لەڕێگەی بونیاتنانی توانا لە بواری سەرکردایەتی خودیی، متمانە، کارامەییەکانی تواناداركردنی ئابووری؛ 3) سەرپەرشتیکردن و راهێنانی ئافرەتانی ناوچەکە لەڕێگەی راهێنان و سەرپەرشتیکردن لەلایەن ئافرەتە پێشکەوتووەکانی ناوچەکە و شوێنی ترەوە؛ 4) پێشکەشکردنی خوێندنی جێندەریی بۆ پەوەردەکردنی قوتابیانی ناوچەکە؛ 5) بەرزکردنەوەی توانا و کارامەیی ئافرەتان لە بوارەکانی زانست، بیرکاری، بازرگانی و ئەندازیاری؛ 6) ئەنجامدانی توێژینەوەی پەیوەست بە جێندەر بۆ بەرزکردنەوەی توانا و زانیاری ئافرەتان بەمەبەستی تواناداركردنی ئافرەتان؛ 7) بڵاوکردنەوەی زانیاری لەناو کۆمەڵگەدا لەڕێگەی چالاکیی دەستگەیشتنی هەمەجۆرەوە.

**3.92 دەکرێت ئەم دەروازەیە هانی دروستکردنی پەیوەندی توێژینەوە بدات لەگەڵ توێژەرانی وڵاتانی تر و راسپاردە پێشکەش بکرێت بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا.** دەکرێت زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی وەك سەکۆیەك بەکاربهێنرێت، چونکە زانکۆکە پەیوەندی بەهێزی ناوچەیی و جڤاکیی هەیە. لەناو دامەزراوەیەکی ئەکادیمیدا، سەنتەری جێندەر دەتوانێت راستەوخۆ دەستبیبگات بە نووسین و پرۆگرامی خوێندنی نێودەوڵەتیی و ئەو تۆڕانەی گرنگن بۆ دانانی ستانداردی بەرزی ئەکادیمی و راگرتنی ئاستێکی بەرزی توێژینەوەی جێندەری نوێ. زانکۆکە ئێستا پابەندە بە بەرەودان بە جێندەر لە پرۆگرامە

ئەکادیمییەکاندا لەڕێگەی ئامادەکردنی بابەت بە کوردی، عەرەبی، تورکی و فارسی و ئامادەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ وانەبێژانی بواری جێندەر لە زانکۆکانی تر. ڕاهێنانەکە تواناداریان دەکات چەندین کۆرسی پەیوەست بە جێندەر بڵێنەوە، میتۆدۆلۆجی توێژینەوە ئامادەبکەن و پاڵپشتی بەشە زانستییەکان و قوتابیان بکەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارەکانی خۆیاندا. هاوکات زانکۆ دەتوانێت کۆنفرانسی هاوبەش ڕێکبخات لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر بۆ تاوتوێکردنی بابەتە هەنووکەییەکان، گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوە و دابینکردنی دەرفەت بۆ توێژەران، چالاکوانان و دەسەڵاتە خۆجێییەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز و گەڵاڵەکردنی ڕاسپاردە و ڕێنمایی. زانکۆ چەندین دەستکەوتی گرنگی بەدیهێناوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی یەکسانی جێندەر، بەتایبەتی ئامادەکردنی قوتابیانی مێینە بۆ هێزی کاری پیشەیی. لەسەر بنەمای ئەم سەرکەوتنە، دەرفەت هەیە بۆ گەشەی زیاتر، کە لێرەدا پاڵپشتی هاوکارە نێودەوڵەتییەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنی زیاتر لەپێناو تواناداركردنی ئافرەتان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا.

**3.93 ئەم دەروازەیە هەوڵ دەدات ئامانجەکانی لەسەر دوو ئاستی پێکەوەبەستراودا بەدیبهێنێت:** تواناداركردنی ئەکادیمی و تواناداركردنی ئافرەتان لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسەت و کۆمەڵایەتی. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پاڵپشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە بۆ هەنگاونانی زیاتر بەرەو تواناداركردنی ئابووری لەڕێگەی داڕشتنی پرۆگرام و خزمەتگوزاری تایبەت بە ئافرەتان، هەروەها ڕاهێنان و هەڵمەتی بەئامانجکردنی بزنسە ناوخۆەکان و کۆی کۆمەڵگە. پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، بەشێوەی دارایی یان ڕێنمایی و ئاڵوگۆڕی ئەزموون، گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە گرنگە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن بەچەندین ڕێگە پاڵپشتی پێشکەش بکەن، گرنگترینیان ئەمانەن:

- دروستکردنی دەروازەیەکی هەرێمایەتی بۆ تواناداركردنی سەرکردایەتی و تواناداركردنی ئافرەتان ( **‘Regional Hub for Women Leadership and Empowerment’**) بۆ پێشڕەویکردنی هەوڵەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا؛
- بەشداریکردن لە داڕشتنی پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنان لە بوارەکانی زانست، بیرکاری، بیزنس و هۆشیاری جێندەریی؛
- پێشکەشکردنی شارەزایی و ڕاوێژکاری لەسەر داڕشتنی پرۆگرامی وانەبێژی و ڕاهێنان و خزمەتگوزارییە پیشەییەکان؛
- یارمەتیدانی سەنتەرەکە بۆ دروستکردنی هاوبەشیی هەرێمایەتی لەگەڵ دامەزراوەکان و تاکەکەسەکان؛
- پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی بە پرۆگرام و پرۆژە جیاوازەکانی سەنتەرەکە؛
- یارمەتیدان لە بواری میدیا و پەیوەندییەکان، بەمەبەستی فراوانکردنی چالاکییەکانی سەنتەر بۆ تواناداركردنی ئافرەتان لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا.

## 2.13 ئەولەویەتی #13 (شەش مانگی داهاتوو): ئامارە ئابوورییەکان

## "ئەنجامدانی ڕوپێو بۆ بەرەوپێشبردنی بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەت و چاودێریکردنی پەرەپێدانی ئابووری"

## هاوبەشی جێبەجێکار: کراوەیە بۆ پاڵپشتی و سەرپەرشتی یەکێتی ئەورووپا

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرچاوە هەیە بۆ دەستپێکردنی کۆمەڵێك ڕوپێوی ئابووری گرنگ، بۆ پاڵپشتیکردنی ئامارە سەرەکییەکان دەستەی ئامار ساڵانە پێویستی بە 3 ملیۆن دۆلار هەیە بۆ ئەنجامدانی ڕوپێوە بنەڕەتییە زۆر پێویستەکان.

**3.94 ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرژمێری کۆمپانیاکان (*enterprise census*) هەیە.** سەرژمێری کۆمپانیاکان هەوڵ دەدات لیستی هەموو دامەزراوەکان ئامادە بکات بەپێی چالاکیی ئابوورییان، لەڕێگەی سەردانی مەیدانی لەلایەن ئامارگیری ڕاهێنراو لەسەر پێشکەوتووترین بەکارهێنانی (**ISIC**)، بەمەبەستی نوێکردنەوەی پەیکەری هەموو چالاکییە ئابوورییەکان لەڕێگەی پڕکردنەوەی پرسیارنامەی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە. گرنگە هەموو پێنج ساڵ جارێك ئەم سەرژمێرییە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێوانەی کۆبەرهەمی نیشتیمانی و گەشەی ئابووری بکرێت. ئەم چالاکییە دواجار لە عێراق

و هەرێمی کوردستان، لە پرۆسەی گەمارۆدان و ژمارەدانانی **2009** ئەنجامدراوە، بەڵام سەرژمێرییەکە نەکرا. لە **2012**، دەستەی ئامار توانی هەژماری کۆبەرهەمی نێشتیمانی بۆ هەرێمی کوردستان بکات، لەسەر بنەمای لیستی گەمارۆدان و ژمارەدانانی ساڵی **2009**. بەڵام ئێستا لیستەکە و روپێوە هەمەجۆرەکان کۆن بوون.

**3.95 روپێوی نوێی هێزی کار پێویستە.** دەستەی ئامار ئەم روپێوەی لە **2012** و **2015** ئەنجامداوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی داراییەوە لە **2016** وەستا. ئەم روپێوە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە رەفتاری ئابووری، لەڕووی کار/بێکاری لەناو هەموو کەرتە ئابوورییەکانی هەرێم، سەرەڕای چەندین بابەتی تری وەك داهاتی کار، پێشینەی خوێندنی کارمەند/بێکار، دابەشبوونی جوگرافی کارمەندان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان. ئەم روپێوەی هێزی کار و روپێوی ئابووری-کۆمەڵایەتی خێزان، بڕبڕەی پشتی دوو ستراتیژیی بوون کە لەم دوایانەدا بڵاوکرانەوە، ئەوانیش نەخشەرێگەی چاکسازی ئابووری و چوارچێوەی ستراتیژیی بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. گرنگە ئەم روپێوانە بەشێوەیەکی رێکخراو نوێبکرێنەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێوانەی گەشەی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکرێت.

**3.96 گرنگە روپێوی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان دەستپێبکرێتەوە.** لە ساڵی **2013**ەوە روپێوی کشتوکاڵ لە هەریمی کوردستان ئەنجام نەدراوە. زۆر گرنگە ئەم روپێوە دەستپێبکرێتەوە بۆ رێخۆشکردن بۆ کۆکردنەوەی داتا لەماوەی دوو وەرزە سەرەکییەکەدا، زستان و هاوین، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەموو ناوچە ئاودێریکراوەکان (بەراو) لە هەرێمی کوردستان. هاوکات دەکرێت لەنێوانی ئەمانەدا، روپێوی سامانی ئاژەڵ و ماسی ئەنجام بدرێت. لە روپێوی گشتوکاڵدا، دەستەی ئامار داتا کۆدەکاتەوە لەسەر بەروبومی زستانە و هاوینە و زانیاری تری گرنگی وەك داهات و تێچووەکانی چاندنی یەك هێکتار زەوی، جۆری بەروبوم و برِشتی هەر هێکتارێك. هاوکات روپێوی دارستان لە هەرێمی کوردستان نییە. پێشتر هەوڵەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام دەکرێت لەرِێگەی تەکنەلۆجیای (**remote sensing**)ەوە ئەنجام بدرێت.

**3.97 پێویستە ئەولەویەت بدرێت بە کۆکردنەوەی سیستەماتیکی داتای نرخەکان، داتای بەرهەم بەپێی کەرتە ئابوورییەکان و پۆلەکانی خەرجییە سەرەکییەکان.** دەستەی ئامار ئێستا مانگانە داتای نرخەکان کۆدەکاتەوە و هەژماری رێژەکانی هەڵئاوسان دەکات، بەڵام کارمەندان هاندەریان نییە بۆ کۆکردنەوەی داتای مەیدانی. چالاکیی تری گرنگ بریتین لە روپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر (**MICS6**)، و (**SWIFT**) کە پێوانەی ئاستی ئاسوودەیی خێزان دەکات لەسەر ئاستی پارێزگا.

# 4 پاڵپشتی گروپی بانکی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان

**4.1** گروپی بانکی نێودەوڵەتی لەنزیکەوە کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ جێبەجیکردنی چاکسازییە ئابوورییەکان. لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەی شیکاری "دەستنیشانکردنی گرفتەکانی گەشەی ئابووری" و راسپاردەکانی دارِشتنی سیاسەت کە پێشکەشکران لەرِێگەی "نەخشەرِێگەی چاکسازی ئابووری"، بانکی نێودەوڵەتی دەستیکردوە بە پێشکەشکردنی پرۆگرامێکی هاوکاری تەکنیکی، کە دروستکراوە بۆ پاڵپشتیی جێبەجیکردنی ئەم کارنامەیە، ئەمەش پێشتر بەفەرمی لەلایەن حکومەتەوە داواکرا. ئامانجی ئەم پرۆگرامە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی سەقامگیری ئابووری و پاراستنی کۆمەڵایەتین، لە مەودای نزیك و ناوەندیی. پلانەکانی قۆناغی جێبەجیکردن، رۆڵ و پاڵپشتی چەندین کۆمەکبەخش و دامەزراوەی رەچاوکردوە. حکومەت پلانی هەیە تیمی کاری کەرتیی (تیمێك بۆ هەر کەرتێك) پێکبهێنێت، بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لەژێر سەرپەرشتی لیژنەیەکی باڵادا.

**4.2** گروپی بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکات بۆ چاکسازییەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییانە. لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان، بانکی نێودەوڵەتی هاوبەشی تەواوی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ترە لە هەرێمی کوردستان، بۆ جێبەجێکردن چاکسازییە گرنگەکان. تائێستا حکومەت سەرکەوتوو بووە لە جێبەجێکردنی چاکسازی لە بوارە دیادیکراوەکان، بەڵام خزمەتگوزاری تری راوێژکاری بانکی نێودەوڵەتی پێویستە، بۆ چاکسازییەکان لە بوارەکانی کشتوکاڵ،

گرێبەستە گشتییەکان، پاراستنی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی توانای ئەنجومەنی شورا. کاریگەری ئەم کارانە دیار و کاریگەرن. هەموو کارەکان بە راوێژکاریی لەگەڵ فەرمانگەکانی حکومەت، کەرتی تایبەت، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵی مەدەنی و ئەکادیمیا ئەنجامدراون. لەسەر بنەمای سەرکەوتنی چالاکییەکانی پرۆژەی راوێژکاری بانکی نێودەوڵەتی (RAS)، حکومەت دەستیکردوە بە کارکردن لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی لە کەرتەکانی بازرگانی و کارەبا. حکومەت داوای خزمەتگوزاری راوێژکاری زیاتر لە بانکی نێودەوڵەتی دەکات لە بوارەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، پەروەردە و تەندروستی.

**4.3** کاری شیکاریی بانکی نێودەوڵەتی، بایەخ دەدات بە ئەولەویەتەکان و ئاستەنگەکانی مەودای ناوەندیی. هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی (ESIA) بۆ قەیرانی پەنابەران و داعش لەسەر هەرێمی کوردستان، لە کۆتایی **2014**دا، تەنها شرۆڤەی تێچووی ئاوارە و پەنابەرانی نەکرد لەسەر کۆمەڵگەی خانەخوێ، بەڵکو شیکاری چاکسازییە پێویستەکانی کرد لە بوارەکانی وەك ژێرخان، وزە، ئاو، کشتوکاڵ و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی. هەڵسەنگاندنی (ESIA) هەنگاوی یەکەم بوو لە کاردانەوە بەرامبەر پێداویستییە بەپەلەکان، هاوکات یەکەم بایەخدان بوو بە کاریگەرییە مەودا دوورەکانی قەیرانی ئاوارەبوون بەهۆی جەنگەوە لە ناوچەکەدا. لەرێگەی بونیاتنانی زیاتر لەسەر گفتوگۆ لەسەر سیاسەتەکان لەگەڵ حکومەت لەکاتی کارەکانی (ESIA)، بانکی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی کارێکی تری شیکاریی دەکات لەسەر "دەستنیشانکردنی گرفتە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان". ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، پاڵپشتیکردنی فرەیکردن و گەشەی ئابوورییە لە هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتی گەشەی بەردەوام دەکات لە کەرتە نانەوتیەکانی ئابووری، توانای بەکارخستن و بەرهەمداری ئابووری زیاتر دەکات. شیکاریی پاڵنەر و سەرچاوەکانی توانای گەشەی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. شکست و شێواوی بازاڕ، کە رێگرە لە گەشەی ئابووری، شرۆڤە کراوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە لەرێگەی بڕیار لەسەر بنەمای زانیاری. توێژینەوەکە پێداوچوونەوە دەکات بۆ سیاسەت و رێنماییەکان و گفتوگۆ دەکات لەسەر پەیوەندیداری ستراتیژەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی بەشدارە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا.

**4.4** هاوکات لەگەڵ راوێژکاریی لەسەر سیاسەتی ئابووری و چاکسازییەکان، خزمەتگوزارییە راویژکارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم چالاکییانە لەخۆدەگرێت:[9]
نوێکردنەوەی سیستمی گرێبەستە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی ( **WBG Governance Global Practice**)؛ وێرکشۆپی خۆهەڵسەنگاندنی گرێبەستە گشتییەکان بەسترا بۆ دیاریکردنی کەموکوڕییەکانی سیستمەکە. رێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان لە شوباتدا دەرکرا و لە تەموزی **2016** چووە بواری جێبەجێکردنەوە. بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنە وەزارییەکە، بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن لە ئامادەکردندان، بۆ ئەوەی بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن تەبا بکرێن لەگەڵ رێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان و یاسا و رێنماییەکانی تری هەرێم.

پرۆگرامی بونیاتنانی توانای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی ( **WBG Governance Global Practice**). بڵاوکردنەوە دابەشکردنی "رێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دارشتنی یاسا" لە حوزەیرانی **2016** تەواوکرا. رێبەرەکە تایبەتە بە دارێژەرانی یاسا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانتاران، راویژکارانی یاسایی و بەشە یاساییەکانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پاڵپشتی تەکنیکی بەڕێوەبردنی گرێبەستە گشتییەکان دیزاین کراوە بۆ پاڵپشتیکردنی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، بۆ ئامادەکاری و جێبەجیکردنی قۆناغی یەکەمی نەخشەرێگەی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتیی (چوارچێوە و رێبازی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی)، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی تواناکانی بەڕێوەبردنی بودجەی وەبەرهێنان بۆ ئاستێك کە گونجاو بێت لەگەر

---

[9] بەهۆی قەیرانی قووڵی داراییەوە لە هەرێمی کوردستان، بانکی نێودەوڵەتی کرێی خزمەتگوزاری راوێژکاری (RAS) تا کاتێکی نادیار دواخستوە.

ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و ئامانجەکانی ستراتیژیی هەرێم (دیدگای 2020ی حکومەتی هەرێمی کوردستان – دیدگایەك بۆ ئایندە).

چاکسازی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی لە بواری کار و پاراستنی کۆمەڵایەتی ( WBG Social Protection & Labor Global Practice): چوارچێوەی ستراتیژیی بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوکراوە. ڕێککەوتن کراوە لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسێك بۆ یاسایەکی نوێی بیمەی کۆمەڵایەتی و سیستمێکی کارا و کاریگەری خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان. بانکی نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی بۆ یاساکە ئامادەکردوە. کارکردن لەسەر چاکسازی سیستمی کارگێڕیی دەستپێکردوە، وەك بەشێك لە پاڵپشتی تەکنیکی پاراستنی کۆمەڵایەتی. ڕەشنووسی یاسای کار ئامادەیە. تیمی بانکی نێودەوڵەتی سەرنجی وردی لەسەر ڕەشنووسەکە پێشکەش کردوە (بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO)).

4.5 بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکات بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی کەرتی وزە. پرۆگرامی هاوکاری تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی، بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوە لە ئاستەنگەکانی کەرتی کارەبا و پێشکەشکردنی ڕێگەچارە بۆ گفتوگۆ. تائێستا، جێبەجێکردنەکە سەرکەوتوو بووە: توێژینەوەی "بەشداری کەرتی تایبەت لە گواستنەوەی کارەبا" پێشکەش کراوە. ڕەشنووسی ڕێسای گرید (grid code) پێشکەشکراوە بۆ پێداچوونەوە. ڕاپۆرتی بەرایی لەسەر "ڕێگەکانی چاکسازی دابەشکردن و بەرەوپێشبردنی ئەدا" پێشکەشکراوە. مۆدێلی ((CGE) Computational General Equilibrium) بۆ "هەڵسەنگاندنی کارگەرییە ئابوورییەکانی کەمکردنەوەی پاڵپشتیی وزە" وەك ڕەشنووسێکی شیکاریی پێشکەشکراوە.

4.6 دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی (IFC) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەرێمی کوردستان. لەماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا وەبەرهێنانەکانی (*IFC*) لە عێراق زیادیکردوە، بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت و سوودوەرگرتن لە وەبەرهێنانە هەرێمایەتییەکان. (*IFC*) بەستەیەکی 375 ملیۆن دۆلاری ئامادەکردوە، بەهاوبەشی لەگەڵ بانکی عەودەی لوبنانی، کە ڕێخۆش دەکات بۆ کۆمپانیای ماس ئێنەرجی گلۆباڵ لە سلێمانی 500 مێگاوات بخاتە سەر توانای وێستگەیەکی 1000 میگاواتی لە هەرێمی کوردستان، کە وزە بۆ 3 ملیۆن کەس دابین دەکات. هاوکات چاوەڕوان دەکرێت پرۆژەکە ساڵانە 250.000 تەن دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کەمبکاتەوە لە ڕژانە ناو هەوا، چونکە پرۆژەکە تۆربایینی داخراو بەکاردەهێنێت بۆ پاراستنی وزەی زیاتر.

4.7 پێنج ئەولەویەت کە بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری دەکات لە شەش مانگی داهاتوودا:
بۆ بونیاتنان لەسەر دەستکەوتە بەدیهاتووەکانی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی چاکسازییە ئابورییەکان، بانکی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی چاکسازییە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەشی ڕابوردو باسی لە هەنگاوە کردەییەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا. بەکورتی ئەمانە پێنج ئەولەویەتەکەی بانکی نێودەوڵەتی دەبن:

- پاراستنی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی ئافرەتان
- هاوکاری تەنکیکی بۆ چاکسازی کەرتی کارەبا
- پەرەپێدانی کەرتی تایبەت: تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و خزمەتگوزاری یەك پەنجەرە
- چاودێری بەڕێوەبردنی دارایی گشتی، بەهێزکردنی ستستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی و پێداچوونەوەی وردی یاساکان
- چاکسازی گرێبەستە گشتییەکان

# 5 پەیکەری جێبەجێکردن و دارایکردن

5.1 حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی بەشداری هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە، نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری جێبەجێ دەکات. لەپێناو پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری، سەکۆی کۆکردنەوەی بەشداری هەموو لایەنەکانی حکومەتە. وەزارەتی پلاندانان، بەهەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیران، ڕێکخەری قۆناغی جێبەجێکردنە. کارەکانی چاکسازی لەلایەن کاربەدەستانی وەزارەتەکان و لەژێر سەرپەرشتی وەزیردا، ئەنجام دەدرێن. هەروەها کارەکانی چاکسازی بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێن، بە بەکارهێنانی ئامرازی جیاوازی وەك هاوکاری تەکنیکی، کاری شیکاریی، ئاڵوگۆڕی زانیاری و دارایی‌کردنی پرۆژە.

5.2 بۆ کاراکردنی چاکسازییەکانی حکومەت، پێویستە میکانیزمێکی هەماهەنگی دابنرێت. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاوبەشانی پەرەپێدان، پەیوەندی بکەن لەگەڵ جەماوەر و کەرتی تایبەت، بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی کارە دیاریکراوەکانی کەرتە جیاوازەکان.
پێشنیار دەکرێت لیژنەی تایبەت و گروپی کار پێکبهێنرێن بۆ جێبەجێك
ردنی چاکسازییە کەرتییەکان، بە نوێنەرایەتی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك کاربەدەستانی حکومەت، نوێنەرانی کەرتی تایبەت، ئەکادیمیا، کۆمەڵی مەدەنی و ئاژانسە تایبەتمەندە نێودەوڵەتییەکان.

چاودێریکردنی پێشکەوتنەکانی چاکسازی و هەڵمەتی پەیوەندییەکان

5.3 وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارچێوەی چاودێری و هەڵسەنگاندن دادەنێت بۆ چاودێریکردن و پێوانەکردنی کاریگەری چاکسازییەکان. لە قۆناغی جێبەجیکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری، وەزارەتی پلاندانان، چوارچێوەی چاودێری و جێبەجێکردن دادەڕێژێت، کە وەك "کاتی نمرەدانان" خزمەت دەکات بۆ چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەڕێگەی ئەم چوارچێوەیەوە، حکومەت بەشێوەی وەرزیی و ساڵانە، چاودێری نیشاندەرە سەرەکییەکانی ئەدا دەکات. دەستکەوتەکان پێوانەدەکرێن بەرامبەر ئامانجی ڕوونی چاکسازییە دیاریکراوەکان.

5.4 حکومەت ئەولەویەتی هەیە بۆ دیاریکردنی هۆیەکانی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی جێبەجێکردنی چاکسازییەکان. پێویستە حکومەت بەشێوەیەکی کاریگەر جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکیی لە دەستکەوتەکانی چاکسازیەکان ئاگادار بکاتەوە. لەڕێگەی هەڵمەتێکی باش داڕێژراوی پەیوەندییەکانەوە، حکومەت پەیوەندیی دروست دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆ (لەناو حکومەتدا)، لەسەر ئاستی دەرەکیی (لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، جەماوەر بەگشتیی لەسەر چاکسازییە ئەنجامدراوەکان) هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە کۆمەکبەخشەکان. وەزارەتی پلاندانان پلانی ڕاگەیاندنی پەیامەکانی ئامادەکردوە بۆ پەرەپێدان/چاوەڕوانییە سەرەکییەکان، هەروەها پەیامی کورت بەشێوەیەکی ڕێکخراو بڵاودەکاتەوە و سوود لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەردەگرێت، وەك میدیای نووسراو، بیستراو، بینراو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

5.5 تیمی پەیوەندییەکانی بانکی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکەن بە حکومەت. لە تشرینی دووەمی 2016، تیمی بانکی نێودەوڵەتی سەردانی هەولێریان کرد بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بواری پەیوەندییەکان. چەندین کۆبوونەوە ئەنجامدران لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت لەسەر هەموو ئاستەکان، هەروەها چاوپێکەوتنی ورد ئەنجامدران لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندیدار، هاوبەشی نێودەوڵەتی، ڕاگەیاندنکاران و شارەزایانی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن. پێش سەردانەکە، تیمەکە کۆبوونەوەی لەگەڵ تیمە جیاوازەکانی گروپی بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامدا کە بەشداربوون لە داڕشتنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابووری. لەکۆتایی سەردانەکە، تیمی پەیوەندییەکان پێشنیاری پابەندبوونیان کرد بە هەڵمەتێکی پەیوەندییەکان بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ.

داراییکردنی هاوکاری تەکنیکی چاکسازی: کۆمەکی (UNDP)

5.6 بۆ کاراکردنی پلانی چاکسازی ئابوری، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ (UNDP) دروستکردوە بۆ پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی راسپاردەی دیاریکراو لە نەخشەڕێگەکەدا. (UNDP) دۆکۆمێنتێکی پرۆژەی ئامادەکردوە بۆ دانانی سندوقی کۆمەکی چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان (-FFER Funding Facility for Economic Reform KRGional)، کە وەزارەتی پلاندانان پەسەندی کردوە. ئەم کۆمەکە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆ زامنکردنی نەخشەڕێگەکە. سندوقی کۆمەك وەك ئامرازێك دانراوە بۆ ئاراستەکردنی شارەزایی و هاوکاری تەکنیکی نێودەوڵەتی، بۆ بوارە گرنگەکانی چاکسازی بەپێی نەخشەڕێگەی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان. سندوقەکە شارەزاییەکان بەگەڕدەخات بۆ گۆڕین و فرەیکردنی ئابوری هەرێم، دارشتنەوەی بونیاد و پتەوکردنی کارگێڕی گشتیی، پەیڕەوکردنی نوێترین تەکنەلۆجیا و شێوازەکانی بەڕێوەبردن، هەروەها پێشکەشکردنی کالا و خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانی گشتیی.

- ناساندنی رێوشوێنی تایبەت و رێککاری خێرا بۆ دڵنیابوون لە خێراترین جێبەجێکردن
- دروستکردنی تیمی کاری کەرتیی لەهەر وەزارەتێکی پەیوەندیدار
- دانانی پلانی کاری کەرتیی بە بەشداری لایەنە مەدەنیی و تایبەتەکان
- کاراکردنی نەخشەڕێگەکە لەهەر وەزارەتێك، لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسازیی یاسایی، رێکخراوەیی و کارگێڕیی.

5.7 لە ساڵی 2017، بڕی 19 ملیۆن دۆلار پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەولەویەتەکانی چاکسازی ئابوری. تائێستا، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بڕی 1.6 ملیۆن دۆلاریان پێشکەشکردوە بە سندوقی (FFER_KRGional). بەشداران بەرێزبەندی لەخوارەوە دانراون. هاوبەشی تری دوولایەن و فرەلایەن، خواستیان دەربڕیوە بۆ داراییکردنی چاکسازی گرنگ، لەسەر بنەمای پێشکەوتنەکانی حکومەت تا ئەمڕۆ.

- بەرنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) US$100,000
- هاوکاری ولایەتەیەکگرتوەکان (USAID) US$1,250,000
- وڵاتی هۆڵەندا (Netherlands) US$250,000

## سەرچاوەکان:

وەزارەتی پلاندانان و (UNDP). 2012. "بونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق – ژێرخانی کۆمەڵایەتی-ئابوری."
وەزارەتی پلاندانان و بانکی نێودەوڵەتی. 2016. "چاکسازی ئابوری لەپێناو خۆشگوزەرانی هاوبەش و پاراستنی نەداران."
وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. 2013. هەرێمی کوردستانی عێراق 2020: دیدگایەك بۆ ئاینده، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.
حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان. 2014. " هەرێمی کوردستان – عێراق بۆتە پەناگە لە توندوتیژییەکانی عێراق."
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2012. "راپۆرتی روپێوی هێزی کار." عێراق
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2013. "راپۆرتی روپێوی هێزی کار." عێراق
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2014. "راپۆرتی روپێوی هێزی کار." عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. 2016. سیاسەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەسەر پەرەپێدانی ناوخۆیی لە بواری نەوت و گازدا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەولێر.
حکومەتی هەرێمی کوردستان. 2011. ستراتیژی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان 2012_2016، وەزارەتی پلاندانان، هەولێر.
(RAND) و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. 2014. "ئەولەویەتە ستراتیژییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی دەستگەیشتن و کوالێتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق."
(RAND) و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. 2014. "ستراتیژەکان بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و چاکسازی خزمەتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، دامەزراوەی راند، سانتا مۆنیکا، کالیفۆرنیا.
کۆماری عێراق. 2014. ستراتیژی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت 2014_2030، ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەی راوێژکاریی سەرۆك وەزیران، نیسان 2014.
(UNDP) و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. 2012. "بونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق / ژێرخانی کۆمەڵایەتی-ئابوری."
(UNDP)، (BSA)، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق. 2013. "ستراتیژێك بۆ پەرەپێدان."
(UNICEF). 2014. "پرۆژەی منداڵانی دەرەقوتابخانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا – راپۆرتی عێراق."
بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. 2015. "هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئابوری و کۆمەڵایەتی شەڕی سوریا و داعش لەسەر هەرێمی کوردستان." بانکی نێودەوڵەتی، واشنگتن.
بانکی نێودەوڵەتی. 2014. لە ئاسۆدا: ناوچەی شامی نوێ. بانکی نێودەوڵەتی، واشنگتن.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی 1: بڕیاری ژمارە 89ی ئەنجومەنی وەزیران

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ئەنجومەنی وەزیران**

**ڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (89) لە 2016/6/9**

هەرێمی کوردســـتان/عێراق | إقليم كوردستان/العراق

ئەنجومەنی وەزیــران | مجلس الـوزراء

**بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران**

**ژمارە (٨٩) لە ٢٠١٦/٦/٩**

پشتبەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤) لە بەرواری ٢٠١٦/٦/٩، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی هێڵە گشتییەکانی نەخشەڕێگای هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بانکی نێودەوڵەتی (World Bank) تایبەت بە چاکسازیی ئابووری بە ناوی (چاکسازی لە ئابووریدا لەپێناو بووژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران - KRG Reforming the Economy for Shared Prosperity and Protecting the Vulnerable) کە لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣٠ لەلایەن وەزارەتی پلاندانان لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی خرایەڕوو بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢. ڕاسپاردنی هەر وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەکردنی پلان و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی نەخشەڕێگاکە بەپێی پەیوەندی، و چاوخشاندنەوە و وردبینیکردن و نوێکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی هاتوو لە نەخشەڕێگاکە بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پلاندانان.

٣. پێویستە لەسەر گشت لایەنەکانی جێبەجێکاری ئەم بڕیارە بەلایەنی کەم هەموو (٩٠) نەوەد ڕۆژ جارێك ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن و وێنەی لێ بدەن بە وەزارەتی پلاندانان لەسەر بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی نەخشەڕێگاکە.

٤. پێویستە لەسەر وەزارەتی پلاندانان کۆبوونەوە و سیمیناری پێویست بۆ خستنەڕووی وردەکاریی نەخشەڕێگاکە سازبکات.

٥. وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

## پاشکۆی 2: بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری

| وەزارەتی بەرپرسیار | ڕوونکردنەوە | بوار | ڕێکەوت | ژمارەی بڕیار | ز |
|---|---|---|---|---|---|
| هەموو وەزارەتەکان | پێکهێنانی دەستەیەکی لۆجستی بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری DCF | لێپرسینەوە | 15.2.2016 | 773 | 1 |
| هەموو وەزارەتەکان | پێکهێنانی لیژنەیەك لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزاکان بۆ چاودێریکردنی نرخەکانی خۆراك و کاڵاکان لە بازاڕ | لێپرسینەوە | 16.02.2016 | 825 | 2 |
| هەموو وەزارەتەکان | پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی پرۆژ گشتییەکان، بە بەشداری کەرتی تایبەت، بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی کواڵتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان | چاکسازی پەیکەریی | 16.02.2016 | 829 | 3 |
| هەموو وەزارەتەکان | دروستکردنی سیستمی موچەدانی ئەلەکترۆنی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی | لێپرسینەوە / بەهێزکردنی بواری داراییی | 16.02.2016 | 831 | 4 |
| هەموو وەزارەتەکان | دانانی ستراتیژەکانی کەمکردنەوەی تێچووی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکانی کەرتی گشتی | بەهێزکردنی بواری داراییی | 16.02.2016 | 835 | 5 |
| هەموو وەزارەتەکان | دانانی ستراتیژەکان بۆ ڕێکخستنەوەی پەیکەری دامەزراوەکانی حکومەت بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان | بەهێزکردنی بواری داراییی و چاکسازی پەیکەریی | 28.02.2016 | 1022 | 6 |
| هەموو وەزارەتەکان | بەستنی کۆنفرانسێك بۆ ڕاگەیاندنی ڕێککارە یاساییەکان و بەکارخستنەوەی یاسا و ڕێساکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان | بەهێزکردنی بواری داراییی | 25.10.2016 | 4457 | 7 |
| وەزارەتی ناوخۆ | کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر تۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستان | چاکسازی پەیکەریی | 10.01.2016 | 147 | 8 |

| وەزارەتی بەرپرسیار | ڕوونکردنەوە | بوار | ڕێکەوت | ژمارەی بڕیار | ز |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| وەزارەتی ناوخۆ | وەرگرتنی کرێ و فەرمانەی ڤیزا، مۆڵەتی کار و سەرپێچییەکانی هاتوچۆ | بەهێزکردنی بواری دارایی | 16.02.2016 | 837 | 9 |
| هەموو وەزارەتەکان / وەزارەتی دارایی و ئابوری | پێکهێنانی لیژنەیەکی بەرپرس لە داهاتە گشتییەکانی هەریم بەنوێنەرایەتی ئەنجومەنی وەزیران | لێپرسینەوە | 16.02.2016 | 823 | 10 |
| هەموو وەزارەتەکان / وەزارەتی دارایی و ئابوری | جێبەجێکردنی کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران | لێپرسینەوە | 16.02.2016 | 824 | 11 |
| وەزارەتی دارایی و ئابوری | پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ ڕێکخستنەوەی ئاڵوگۆڕی دراو لە هەرێمی کوردستان | چاکسازی پەیکەریی | 10.01.2016 | 148 | 13 |
